# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا ■ یەکشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٣ ـ ٢١ی دیسامبری ٢٠١٤ ■ ژمارە ٦٤١ ■ www.kurdistanukurd.com






## شەوی یەلداتان پیرۆز

لە پێشوازی شەوی یەلدا، شەوی لە دایکبوونی د.قاسملوو دا گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی خوێنەرانی «کوردستان»و هەموو هۆگرانی بیروباوەڕو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی خەباتی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

### حدک هاواری بەندییە مانگرتووەکانی گەیاندە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست

# مانگرتنی بەندییە سیاسییە کوردەکانی بەندیخانەی ورمێ لە مانگێک تێپەڕی



بەندییە سیاسییە مانگرتووەکانی بەندیخانەی ورمێ، سەرەڕای خراپتربوونی باری جەستەیی و گوشاری جۆراوجۆری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ شکاندنی ئیرادەو خۆڕاگرییان، لە سەر مانگرتنەکەیان بەردەوامن‌و ئەمڕۆ یەکشەممە ٣٠ی سەرماوەز، خۆڕاگریی ئەوان لە یەک مانگ تێپەڕی.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بە «کوردستان» گەیشتوون، لە ئاکامی یەک مانگ خۆبواردن لە خواردن، هەر کام لە مانگرتووەکان نزیکەی ١٠ کیلۆ، کێشیان هاتوەتە خوار. تووشی دابەزینی فشاری خوێن، سەرەگێژە، چاولەڕەشەوەهاتن، لاوازی‌و بێحاڵی، ڕشانەوەو بێهۆشکەوتن بوونەتەوە. لە دەسپێکی حەوتووی چوارەمی مانگرتن‌دا، ژمارەیەک لە بەندییە مانگرتووەکان، مانگرتن لە خواردنەوەشیان دەست پێ کرد.٧ لەو مانگرتوانە لە بەر خراپیی باری جەستەیی، بۆ بێهداریی بەندیخانە ڕاگوێزراون و سرۆمیان لێدراوە. ٦ لەو بەندییە سیاسیانەی پێشتر بۆ بەندەکانی دیکە ڕاگوێزرابوون، گەڕاندۆتەوە لای بەندییە سیاسییەکان بۆ ئەوەی مانگرتووەکان، مانگرتنەکەیان بشکێنن، بەڵام مانگرتووەکان شکاندنی مانەکەیان بەستوەتەوە بە گەڕانەوەی هەموو بەندییە سیاسییەکان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هەر لە سەرەتای ئەم مانگرتنەی بەندییە سیاسییەکان بە هەموو تواناوە پشتیوانیی لە داخوازەکانیان کردوە، لە ١٢ی دیسامبر(٢١ی سەرماوەز)دا، هاواری بەندییە سیاسییەکانی لە ڕێگای سکرتێری گشتیی خۆی و هەیئەتی هاوڕێی گەیاندە کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە ژنێڤ. لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکان‌و پێوەندییەکانی خۆشیەوە بە بەردەوامی لە گەڵ ناوەندو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ لە پێوەندی دابووە بۆ ئەوەی سەرنجیان بۆ لای داخوازەکانی بەندییە مانگرتووەکان، ڕابکێشێ.

بەردەوامیی خۆڕاگریی بەندییە سیاسییە مانگرتووەکان لە کاتێک دایە کە چالاکانی سیاسی‌و مەدەنیی کورد شەپۆلێک ڕەخنەو نارەزایەتییان بەرەوڕووی چالاکانی ئێرانی بواری داکۆکی لە مافی مرۆڤ‌و راگەیەنە فارسیزمانەکان کردوەتەوە، چونکە پێیان وایە لە ئاست ئەو مانگرتنەی بەندییە سیاسییە کوردەکان کەمتەرخەم بوون‌و پشتیوانیی پێویستیان لێ‌نەکردوە. کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی‌و خوێندکاریی کوردیش، لە بانگەوازێک دا، ڕۆژی ١ی بەفرانباریان وەک ڕۆژی هاوپیوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە گەڵ بەندییە مانگرتووەکان، دیاری کردوە و داوایان لە خەڵک کردوە بە مانگرتنی گشتی، پشتیوانیی خۆیان لە مانگرتووەکان نیشان بدەن.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## لە پێوەندی لە گەڵ ئاکامی مانگرتنی بەندییە سیاسەکانی بەندیخانەی ورمێدا

پشتیوانی لە بانگەوازی کەمپەینی بەرگری لە بەندکراوانی سیاسی‌و مەدەنی دەکەین

٢٥ ڕۆژ بە سەر مانگرتنی نزیکەی ٣٠ بەندیی سیاسیی کوردی بەندیخانەی ورمێ دا ڕابرد. لە ڕۆژی پێنج شەممە٢٩ی خەزەڵوەرەوە ئەو پۆلە لە بەندییە سیاسییە کوردەکانی بەندیخانەی ورمێ مانیان لە خواردن گرتوە تا بەمجۆرە ناڕەزایەتیی خۆیان سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانیان وەک بەندییەکی سیاسی، بە بیروڕای گشتیی ڕابگەیەنن. لە ماوەی ٢٥ ڕۆژی ڕابردوودا، کاربەدەستانی بەندیخانەی ورمێ‌و بەرپرسانی داموو دەزگا ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە گوشاریان خستوەتە سەر مانگرتووەکان بۆ ئەوەی مانگرتنەکەیان بشکێنن. تەنانەت هەڕەشەی بەڕێوەبردنی حوکمی ئەو بەندییە سیاسیانەیان کردوە کە بە ئێعدام مەحکووم کراون. بەڵام بەندییە مانگرتووەکان بەو هۆیەوە کە کاربەدەستان، ڕەزامەندییان لە گەڵ داواکانی ئەوان رانەگەیاندوەو بەڵینی جێبەجێکردنی داخوازەکانی ئەوانیان نەداوە، ئامادە نەبوون مانگرتنەکەیان بشکێنن. نەک هەر مانگرتنەکەیان نەشکاندوە بەڵکوو لە دوێنێ شەممە ٢٢ی سەرماوەزەوە، پییان ناوەتە نێو مانگرتن لە خواردنەوەی شلەمەنییەوە. ئەگەر چی لە ئاکامی ئەم مانگرتنە درێژخایەنە دا، سلامەتیی ژمارەیەک لە بەندییەکان کەوتوەتە دۆخێکی مەترسیدارو، سەرەڕای داوای بنەماڵەکانیان بۆ شکاندنی ئەم مانگرتنە، بەندییە مانگرتووەکان لە سەر درێژەدانی مانگرتنەکە وەک تاکە ڕێگای گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بە بیروڕای گشتی، هەر وا شێلگیرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە، پشتیوانی ئەم مانگرتنەی بەندییە سیاسییەکان‌و داوا ڕەواکانیان بووە،بە جیددی نیگەرانی سلامەتیی ئەم ئازادیخوازە دیل‌و بەندکراوانەی کوردستانە. ئێمەو هەموو خەڵکی کوردستان‌و ئێران دەزانین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی نێوەرۆکی دیکتاتۆرانەو دژەمرۆیانەی،ئەگەر مانگرتن‌و نارەزایەتیدەربڕین گیان‌لەدەستدانی ئینسانەکانیشی لێ بکەوێتەوە، ئامادە نییە گوێ لە ویست و داخوازە ڕەواو ئینسانییەکان بگرێ. ئەم مانگرتنە ٢٥ ڕۆژییەی بەندییە سیاسییە کوردەکانی بەندیخانەی ورمێ، ئەگەر نەشیتوانیبێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناچار بە قبووڵکردنی داواکانی بکا، توانی سەرنجی خەڵکی کوردستان‌و ئێران‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان بۆ لای بارودۆخی دڵتەزێنی بەندییە سیاسییەکان لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا رابکێشێ.


ل ٤





پێشمەرگە لە بوونەوە تا پێگەیشتن

٥



لەدایکبوونی وشەی پێشمەرگەو دیاریکرانی ڕۆژی پێشمەرگە

٦



مافی مرۆڤ لای ئێمەو لای ئەوان!

٩



کۆماری ئیسلامی، مۆدێلی پێشووتری داعش

٩



بێتوانایی دەوڵەتی ڕوحانی لە چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکاندا

١٠




## ڕزگاربوونی شەنگال لە دەست هێزەکانی داعش

شنگال بە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌و هێزی هەوایی هاوپەیمانانی دژی داعش، ئازاد کراو ژمارەیەکی زۆری چەکداری داعش خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگە کردوە.



سەعید شنگالی، بەرپرسی لقی شنگالی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیاند کە هێزێکی زۆری پێشمەرگەی کوردستان چووە نێو شنگال‌و ڕووبەڕو بوونەوەیەکی کەم لە نێوان هێزی پێشمەرگەو داعش ڕووی داوەو بەپێی زانیارییەکان دەیان چەکداری داعش خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووەو لەو هێرشەدا ژمارەیەک چەکدارای داعش لە نێو شنگال کوژراون، ژمارەیەکی کەمی چەکداری داعشیش لە ناوچەکە ماون‌و رووبەڕووبوونەوەکانیش بەردەوامن.

عەریف ئەشرەف یەکێکی دیکە لە فەرماندەکانی پێشمەرگە ڕاگەیاندوە، لەدوای چوونی پێشمەرگە بۆ سەنتەری شنگال، لە ناوەندی شارەکە شەڕ و رووبەڕووبوونەوە لە نێوان پێشمەرگەو چەکدارانی داعش ڕووی داوەو لە ئێستادا هێزی پێشمەرگە خەریکی پاکسازیی گەڕەک بە گەڕەک و خانوو بە خانووی شار لە هێزەکانی داعش‌و هەروەها پووچەڵکردنەوەی مینەچێندراوەکان لەلایەن داعشەوەن.

سویس

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی شوڕای ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست



ڕۆژی هەینی، ٢١ ی سەرماوەز بەرامبەر لەگەڵ ١٢ی دێسامبری ٢٠١٤ی زایینی، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستیی بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزب بەشداریی لە کۆبوونەوەی شوڕای ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا کرد، کە لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف پێکهات.

دروشمی ئەم جارەی شوڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست « ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتیو ڕێگاچارە لە سەر ناکۆکیو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تێرۆریزم»دا بوو.

کۆبوونەوەکە بە قسەکانی جۆرج پاپاندریۆ، سەرۆکی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستو لویس ئایالا سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیەو ئانتۆنیۆ گۆتریس، بەرپرسی ڕێکخراوی پەنابەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرایەوە.

لەم کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا کەپرسی ئاشتیو هێمنایەتی نێونەتەوەیی باسی سەرەکی کۆبوونەوەکە بوو. هەروەها بەهێز کردنی دیموکراسی، هەروەها هاریکاریکردنی حکوومەتو دەسەڵات دیموکراتیکەکان لە جیهاندا، بەشێکی دیکەی باسەکانی کۆبوونەوکەی لە خۆ گرتبوو، کە لە لایەن هەیئەتی ئیجرایی ئەنجومەنی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیستەوە باسیان لەسەر کرا.

کۆچو کۆچبەریو کێشەی پەنابەرانو هەروەها کارو چالاکییەکانی ساڵی ڕابردووی ئەو ڕێکخراوەیە خرایە بەرنامەی کاری ئەم گەڕە لە کۆبوونەوەکانو پلان بۆ باشتر کردنیان داڕێژرا.

بەشی سەرکیی باسەکانی کۆبوونەوەی ئەم جارەی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست، تەرخان کرابوو بۆ باس لە سەر کێشەی کوردو دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. هەر لەو پێوەندییەدا بەشێک لە ڕێبەران و نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون سەبارەت بە کێشەی کورد قسەیان کردو ڕوونکردنەوەی پێویستیان دایە بەشداران.

ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لەو کۆبونەوەیەدا ئەمڕۆ قسەیان کرد بریتی بوون لە:

- خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حدک
- هێمن هەورامی کە پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێشکەش کرد
- سەعدی ئەحمەد پیرە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- عەزیز تالانی نوێنەری پارتی یەکێتی کوردستانی- سوریە
- ساڵح موسلیم سەرۆکی پەیەدە
- باوە ئەلیاسی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە وتارەکەی خۆیدا لەو کۆوبوونەوەیە باسی لەوە کرد کە سەرچاوەی کێشەکان لە ئیدامەی خویدا، توند ئاژوویيو تیرۆریستی خوڵقاندووەو ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ناکۆکو یەکتر قبووڵ نەکردنو بەشداری نەدانی یەکتر لە ئیدارەی ناوچەدا. شیعە سوننە وەلا دەنیو سوونە شیعەی قبووڵ نیەو هەمووشیان کوردیان قبووڵ نیە. ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست چی دیکە بەشێوەی پێشوو، تەنیا بە کێشەی عەرەبو ئیسرائیل پێناسە ناکریو کورد بە تەواوی بووەتە فاکتەرێک لەو ناوچەیە کە ڕاستەخۆ یارمەتیدەری ئاسایش و هێمنایەتییە.

خالید عەزیزی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کاتێک قسە لەو قەیرانە دەکرێ، کێشەی دەیان ساڵەی شیعەو سوونە لە خۆیدا تەشەنەی ئەو کێشانە دەکا. ئێران لە یەمەنەوە بگرە، تا لوبنانو سوریە و عێراق، دەوری زۆرو ڕاستەوخۆ لە قووڵکردنەوەی ئەو کێشانەدا هەیە. ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە ئێستا پێشمەرگە لە ڕیزی یەکەمی خەباتو تێکۆشان لە دژ داعشو تێرۆریزم دایەو ئەوە لە حاڵێکدایە کە کاتی خۆی لە ئێران پێشمەرگە بە دژە شۆڕش دەناسرا و لە عێراق بە خراپکار ناوی دەبرا.

لە پەراوێزی کاری کۆبوونەوەکەشدا دۆکۆمێنتێکی کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی زیندانیانی سیاسیو هەروەها لیستی ئەو زیندانیانەی کە مەترسی ئێعدامیان لە سەرەو نامەی پشتیوانی دەفتەری سیاسی حدک، لە نامیلکەیەکدا بە سەر بەشێکی لە هەیئەتانی بەشداربوودا دابەش کرا.

# کۆبوونەوەی یەک ڕۆژەی کۆمیتەی ناوەندی



لە چوارچێوەو لە درێژەی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵات تەوەریدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی یەک ڕۆژەدا کە ڕۆژی ١٦ ی سەرماوەزی ١٣٩٣ بەرامبەر بە ٧ی دێسامبری ٢٠١٤ بەڕێوە چوو، هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەلی بارودۆخی سیاسیی ئێران و دوورەدیمەنی ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێ کرد، سەرەتا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بەرچاوروونییەکی گشتیی لەپێوەندی لەگەڵ تەوەرە جۆربەجۆرەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا پێشکەش کرد.

مەبەست لەم کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە نۆژەنکردنەوەو گرێدانەوەی زیاتری سیاسەت و بەرنامەکانی ئەمڕۆی حیزب بە واقعییەتەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای ئەوە کە فاکتەرە دەرەکییەکان بەتایبەتی دۆسیەی ناوکی و شەڕی داعش و فاکتەری کورد پشتگوێ نەخرابوون، بەڵام جەختی سەرەکی لەسەر نێوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرابوو.

بۆ ئەو مەبەستەش وێڕای لەبەرچاوگرتنی ڕابردووو پاشخانی سیاسیو فەرهەنگیی حاکمییەت لە ئێراندا بەتایبەتی کاریگەریی رووحانییەتی شیعە لە شکڵگیریی دەسەڵات لە ئێرانداو هەروەها ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی فەرهەنگیو نەتەوایەتیی کۆمەڵگای ئێران لە ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی ئەو وڵاتەدا، سەرنجێکی سەرلەنوێو بەڕۆژکراو درابوە کۆمەڵێک ڕەهەند کە بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغی ئێستای خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیو دیاریکردنی تاکتیکەکانی خەباتی ڕۆژ پێویستن.

ئەو ڕەهەندانە بریتی بوون لە: پێشینەی فەرهەنگیی شکڵگیریی حاکمییەت لە ئێراندا، لۆژیکی مێژوویی ئاڵوگۆڕەکانی سەد ساڵی ڕابردووی ئێران، سروشتو دینامیزمی سیاسی و قانوونیی نێوخۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی فاکتەری دەرەکی بە مەترسییە نیزامیو فشارە ئابوورییەکانیشەوە لەسەر سەفئارایيەکانی نێوخۆی نیزام و مانۆڕەکانی ئایندەی ڕێژیم، پێوەندیی خەڵکو ڕێژیمو ئاستی هەقخوازیو لەمەیدانابوونی چینو توێژەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەتی نەتەوەکان، وەزعیەتی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، پرسی پێوەنددرانەوەی ویستو داواکانی کورد بە مەسەلەی دیموکڕاسی لە ئێران و مافی نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، گەشەسەندنەکانی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو تواناو زەرفییەتەکانی کورد بە هەموو بەستێنەکانی خەباتەکەیەوە لەسەر نەخشەی پرۆسە سیاسییەکانی ئێرانو ناوچەدا، ڕادەی کاریگەری وەرگرتنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە واقعییەتەکانی نێوخۆی ئێران، ... هتد.

# سەردانی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ ی دێسامبری ٢٠١٤ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە چوارچێوەی دیدار و بەسەرکردنەوەیەکی دۆستانەدا سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد.

لەو دیدارەدا کە لە سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، د. بەرهەم ساڵح لەلایەن بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و کاک مستەفای مەولودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە دیدارەکەدا هەردوولا وێڕای ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی دۆستایەتیی نێوانیان و بەرز نرخاندنی هەستی هاوپێوەندیی نێوان کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، جەختیان لەسەر گرینگیی پاراستن و پەرەپێدانی یەکریزی و یەکگرتوویی کورد بەتایبەتی لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستای ناوچەدا کرد.

هەر لەو دانیشتنە دۆستانەیەدا کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە باردۆخی ناوچە و شەڕی داعش و دۆخی تایبەت بە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان و زمان و ئەدەبی کوردی هاتنە بەر باس.

شایانی باسە لەو دیدارەدا هەروەها خاتوو نەرمین عوسمان و مامۆستا چەتۆ حەوێزی و ڕابەری سەید برایم و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی کۆیەی یەکێتی بەشدار بوون.

# دانیشتنی حیزبو لایەنە کوردستانییەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی شۆرای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست

سویس



حیزبو لایەنەکانی شوڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیستو حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ پێداچوونەوەو دۆزینەوەی ڕێگەچارەو سەرئەنجام دەرکردنی بڕیارنامەیەکی هاوبەش لە سەر دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان، لە دەوری یەک کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیە دا هەموو لایەنە کوردستانییە بەشدارەکان، بە کۆدەنگیو هاودەنگی یەکتر بڕیارنامەیەکیان پەسند کرد کە دواتر ڕادەستی سەرۆکایەتی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست کرا.

لایەنە کوردییەکان هەروەها داوایان کردووە کە پشتیوانیی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شەڕی پێشمەرگە دژی تێرۆریستانی داعش فراوانتر بکرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو داواکارییەدا هاتووە کە حیزبەکانی ئەندام لە ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست فشار بخەنە حکوومەتەکانیان تا هاوکاری زیاتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ دژایەتی تێرۆر، هاوکات سەرکۆنەی هەر جۆرە هەوڵو هاریکارییەک بکرێ کە پشتیگیری لە داعشو هێزو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەکات.

# کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سویس



خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک لە دۆستانو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئیس کۆبۆوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر هەلومەرجی ئێستای کوردستانو ناوچەو هەڵوێستو سیاسەتەکانی حیزب لەمەڕ پێشهاتو گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ناوچە بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی باسێکی پێشکێش بە ئامادەبووانی کۆبونەوەکە کردو دوایە بەشداران پرسیارو تێبینیی خۆیان لەسەر ئەو باسە لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب هێنایە گۆڕێ کە لەلایەن بەڕێزیانەوە وەڵامی سەرنجو پرسیارەکان درایەوە.

سەبارەت بە بەشداری حیزبمان لە کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیستو جێگەو پێگەمان لەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییدا، مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست تیشکی خستە سەر کاروچالاکییەکانی حیزبو ئەو جێگەو پێگەیەی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چ وەک حیزبی دیموکراتو چ وەک کورد بەدەستمان هێناوە. بەڕێز سوارە باسی لە بەشدارییە بەردەوامەکانی بەڕێز سکرتێری گشتی حیزب لە کۆنگرە وکۆبوونەوەکانی ئەو ڕێکخراوەدا کردو بە ئاوڕدانەوەی بۆ ڕابردووی بەشداری حیزب لەو چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیەدا وتی: بە درێژایی تەمەنی ئینتەرناسیۆناڵی سوسیالیستو بەشداری حیزبی دیموکرات لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا، تەنیا یەکجار نوێنەرانی حیزب لە سەر سەکۆی ئەو ڕێکخراەیە قسەیان کردبوو، بەڵام لەم ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار سکرتێری حیزبمان، کاک خالید عەزیزی توانیویەتی وتار پێشکەش بکاو تەنانەت لە سەر سیاسەتو بڕیارەکانی کۆنگرەو کۆبوونەوەکان کارتێکەریمان هەیە.

# دیداری نێوان سکرتێری گشتی حدک و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریە لە ژنێڤ



لە پەراوێزی کۆبونەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ سوسیالیست لە ژنێڤ، خالید عزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتیمانی سووریە «هادی البحری» چاویان پێککەوتو کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە سووریەو ئێرانیان تاوتوێ کرد.

لەو کۆبوونەوەیدا هەردوولا لەسەر ئەوە هاوڕابوون کە ئێران هەوڵ دەدا بە دەستێوەردانی نابەجێ لە کاروباری نێوخۆی سووریە درێژە بە دەسەڵاتی نارەوای خۆی بداو بەرگری لە ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد بکا.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوولا باسی ئەوەیان کرد کە ئۆپۆزسیۆنی دێموکراسیخوازو مافخوازی سوریەو ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی زۆر شتی هاوبەشیان هەیە کە دەتوانێ لە ئاستی ناوچەو نێودەوڵەتیدا کاری بۆ بکەن، بەم جۆرە یارمەتی بکەن بە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ ئێرانو سووریە لەم پێوەندیەدا.

سکرتێری گشتیی حیزبو سەرۆکی ئەنجوومەنی سووریە هەروەها پێداگریان کردەوە لە سەر دۆستایەتی زیاتری هەردووک لا کردەوەو ئەو پێوەندییانە بە جۆرێک بەردەوام بێ کە یاریدەدەری هاوئاهەنگیو لێک تێگەیشتنی عەقڵیەتی دێموکراتیو مافخوازی لە دژایەتی لەگەڵ دوو دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر و دژیی دێموکراسی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێژیمی سووریە، بەتایبەت سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا.

# پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە

**ئەم پەیامە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣ لە لایەن عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێوڕەسمی ٣٠ ساڵەی ناودێرکردنی ڕۆژی پێشمەرگەدا خوێندرایەوە**



**خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان!**
**پێشمەرگەکانی گەل و نیشتمان!**
**ئامادە بوانی بەڕێز!**

لەم ڕۆژە پیرۆزەدا کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە ناوی پێشمەرگە ناودێر کراوە، ئیزنم بدەن لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆبایی بە هەموو ئەو کەسانە بڵێین کە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان لەبەر کردووەو بە هەموو تواناوەوە بەرگری لە خاکو خەڵکی کوردستان دەکەن. هەروەها پیرۆزبایی لە نەتەوەی کورد دەکەم کە خاوەنی هیزی پێشمەرگەیە. ٢٦ی سەرماوەز هەر لەو کاتە دا کە بە ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر کراوە،ڕۆژی یەکەم جار هەڵکردنی ئالا لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشە. بۆیە جیی خۆیەتی ئەو ئاواتە بخوازین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاڵای کوردستان بە دەستی هێزی پێشمەرگە لە چوارچرای مەهاباد، مەکۆی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لە هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە بشەکێتەوە.

ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ هێزی بەرگریکاری کورد، ناوێکە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بە بەژنو بالای ئەو ڕۆڵە ئازاو جوامێرانەی گەلی کورد بڕاوە کە بە فیداکردنی گیانیان هەوڵ دەدەن گەلی کورد بە مافو ئازادییەکانی بگاو لە هەمان حالدا پارێزەری ئەو مافو ئازادییانەشن.

هەر وەک گوترا ئەو ناوە بە ڕەسمی لە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ جەنگاوەری کورد دیاری کراو بە فەرمی لە ژمارەی ١٢ی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە لە ژێر ناوی» بڕیاری کۆبوونەوەی ئەفسەران بۆ دیاریکردنی ناو وعینوانی نوێ بۆ سپای کوردستان» دا هاتووە کە لەوە بەدواوە بە جێگای ئەو ناوانەی خوارەوە ناوی کوردی کە لە بەرامبەریاندا دەستنیشان کراوە، لە نووسینو ئاخاوتنی بەکار دەهێنرێنو یەکەم ناویش کە ئیشارەی پێ کراوە ناوی پێشمەرگەیە. لەو ڕۆژە بەدواوە لە ناو کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، ناوی پێشمەرگە بوو بە پێناسێکی جوانو پڕ بە مانای وشەکە بۆ پارێزەرانی مافو ئازادییەکانی کوردستان.

ئەوەتا دوای نزیک بە ٧٠ساڵ بە هۆی فیداکاریو ئازایەتیو خوێنو قوربانیدان،ناوی پێشمەرگە چۆتە نێو ئەدەبیاتی جیهانیو بە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیا، وشەی پێشمەرگە بۆتە ناوێکی ئاشنا.

لەو ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا،دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان بە هەموو توانای خۆیانەوەو لە ڕێگای پڕۆپاگەندەی زۆرەوە هەوڵیان داوە ناوی پێشمەرگە خەوشدار بکەنو لەبەر چاوی خەڵکی کوردستانی بخەنو لە دنیادا بە جۆرێک بیناسێنن کە بچێتە خانەی تیرۆریستو پیاوکوژ. بەڵام دەبینین لە بەرامبەر ڕاستگۆییو پاکی، جوامێریو ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەدا، ئەو پڕۆپاگەندانە نەک کاریگەریان نەبووە بەڵکو لە سەردەمی ئێستاداو بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو بەربەرەکانیی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر تیرۆرو تۆقاندن‌دا هەر ئەو دەوڵەتانە بە ڕەسمی ناوی پێشمەرگە وەک ڕزگاریدەرو پارێزەری مافە ئینسانیەکان دەهێنن.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی(١٧ی دیسامبری ١٩٤٥ز) یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە قەت لە بیرو زێنی تاکی کورد ناسڕێتەوە، چونکە لەو ڕۆژدا ئاڵای کوردستان بە فەرمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەربانی بنکەی سەرەکیی حیزب لە مەهاباد هەڵدرا. بە پێی ڕاپۆرتی گۆڤاری «کوردستان» کە بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، بۆ یەکەمجارو بە ئاشکراو لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە بەشداریی خەلکێکی زۆری شاری مەهاباد، ئالا هەڵدرا. ٣٠ ساڵ لەوەی پێشیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناودێرکردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک «ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان» لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا دەست پێشخەرییەکی جوانی کردو ناوی پێشمەرگەو بیرەوەریی یەکەم هەڵکردنی ئالا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێکەوە گرێ دا. ساڵی١٣٦٣ی هەتاوی، لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی کوردستانو لە کاتێکدا کە هەموو ڕۆژێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئازایەتیو گیانبازیی خۆی بە گژ سوپای تاریکیو نەزانی‌دا دەچووەو زەبری گەورەو بەژانی لە پەیکەری سپای تاریکی دەدا، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ قەدرزانیو ڕێزلێنان لە ئازایەتیو جوامێریی هێزی پێشمەرگە بڕیاری دا ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بکرێ بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. لە ڕاستی‌دا پێشمەرگەو ئاڵا دووسامانی نەتەوەیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانن کە هەردووکیان لە سێبەری کۆماری کوردستان دا گەشە و باڵایان کرد. ئاڵا ناسنامەو ڕەمزی نەتەوایەتی گەلی کوردەو پێشمەرگە پارێزەری ئەو ئاڵایەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک داهێنەری وشەی پیرۆزی پێشمەرگە، هەر لە سەرەتاوە ئەم ناوەی بۆ هەموو ئەو کەسانە بە کار هێناوە کە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان‌دا دەستیان لە ژیانی ئاسوودە هەڵگرتووە، لە بەرامبەر ستەمو هیرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکاندا ڕادەوەستنو ئامادەن گیانیان فیدا بکەن و لە ڕێگای ڕزگاری و سەربەرزیی نەتەوەکەیان دا شەهید بن. چالاکیو ئازایەتیو جوامێریی هێزەکانی پێشمەرگە هەتا ئیستاش لە نێو خەڵکی کوردستان‌دا لە سەر زارو زمانانە..

پێشمەرگە وەک هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرز بۆ وێنە خەلکدۆستی، مرۆڤدۆستی، ئازادیخوازی، بوێری، فیداکاری، جوامێریو هەر لەوکاتەدا بەدەستوبردبوون و دەستوەشاندن لە هیرشکەران و پێشیلکەرانی ئازادی و کەرامەتی خەڵک، لە بیرو زێنی خەڵکی کوردستان‌دا نەقشی بەستووە. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و وەک هێزێکی سیاسی کە سەرانسەری خاکی پیرۆزی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ئارەقە و خوێنی رۆڵە پێشمەرگەکانی ئاشنان، شانازیی دەکا کە لە بەرهەمهینانی رەمز و ناسنامە نەتەوەییەکانی وەک پێشمەرگە و ئالا و سروودی نەتەوەیی و کولتووری خۆراگری و کۆڵنەدان لە بەرامبەر زۆرداران و داگیرکەران‌دا، جیپەنجە و ڕۆڵێکی حاشالێنەکراوی هەیە.

لەم ڕۆژەدا جێی خۆیەتیو پێویستە یادێک لە نوێترین شەهیدی پێشمەرگە هەژار قاسمی بکەینەوە و نەقشو ڕۆڵی حەرەکەتی هێزی پێشمەرگەو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمساڵ دا بەرز بنرخێنین،چونکە حەرەکەتی ئەمساڵی پێشمەرگەکانی دیموکرات و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک بووە هۆی ترسو دڵەڕاوکەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمو لە لایەکی دیکەشەوە بوو بە هۆی دڵخۆشیو پێشوازیی گەرمی خەڵکی کوردستان. کاریگەریی ئەم جۆرە حەرەکەتانە و پێشوازیی گەرمی خەڵک لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان، هانمان‌دەدەن کە لەگەڵ گیانی شەهید هەژار قاسمیو هەموو شەهیدانی گەل، پەیمان نوێ بکەینەوە کە تیکۆشانی هێزی پێشمەرگەو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی تاوان و دەستدرێژییەکانی هیزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیو بەرگری کردنیان لە کەرامەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژەی دەبێ. لەم بڕیارەشمان دا وەک هەمیشە بە هاوکاری و پشتیوانیی خەلکی دیموکراتپەروەری کوردستان هیوادار و دلگەرمین.

**خوشک و برایانی بەڕێز!**
**پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

لە هەلومەرجێکدا یادی ڕۆژی پێشمەرگە دەکەینەوە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروا مەیدانی ململانیی ناوچەییو جیهانیی دەوڵەتانو هیزەجۆراوجۆرەکانە و خەریکە لەم ناوچەیە ئاڵوگۆڕی گەورە ڕوو دەدەن.

کوردستان لەو ناوچەیە هەڵکەوتوە هەر بۆیە لەو ئاڵوگۆڕانە بەدەر نییە. بە ڕوانینێکی سەرپێیی بۆمان دەردەکەوێ شەپۆلی ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەردۆزی کورد و چارەنووسی سیاسیی ئەو نەتەوەیە لە ناوچەکەدا هەبووە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ بەولاوە کە حکوومەتی سەدام حوسێن بە هۆی هێزە هاوپەیمانەکان ڕووخا، کورد توانی هەلەکە لە باشووری کوردستان بقۆزێتەوە و بناغەکانی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بە هیز بکا. هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەردەوام لە گەڵ کێشەی نێوخۆییو دەرەکی بەرەوڕووبۆتەوە،بەڵام لە سەر یەک توانیوێتی بە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆی و جەوهەری دیموکراتیکو ئەمڕۆیانەی دەسەڵاتەکەی، بەسەر زۆر لە کێشەو گرفتەکان‌دا زاڵ بێو بوونی سیاسیی خۆی لە ناوچەکەدا بسەلمێنێ. بە تایبەتی بە بە ڕاوەستان هەمبەر هێرشی بەربڵاوی داعش و شەهیدبوونی زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگە توانیویەتی لە نێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرامبەر تیرۆریزم جێی خۆی بکاتەوەو ئەو باوەڕە لای دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان دروست بکا کە کورد دەتوانێ فاکتەری ئاسایشو هێمنی لە ناوچەدا بێت.

لە درێژەی باهۆزی «بەهاری عەرەبی» ماوەی نزیک بە چوار ساڵە سوریە بۆتە مەیدانی ململانیی ئۆپوزیسیۆنی سوریە لە لایەکو دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە لایەکی دیکەوە. لە ئاکامی ئەو بارودۆخەی لە سوریە هەیە،گەلی کورد لەو ولاتە لە شەڕو وێرانیو ئاوارەیی بێبەش نەبووە. هەرچەند کورد لە خۆراوای کوردستان لە سەرەتاوە هەولی دا خۆی لە شەڕو ململانێیە ناوچەییەکان بەدوور بگرێ بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانو شەڕفرۆشیی داعشو هێرشەکانی بۆ سەر خۆرئاوای کوردستان، کوردەکان نەک هەر نەیانتوانی خۆیان لە کێشەکان بەدوور بگرن بەڵکو نیشتمانەکەیان بوو بە ئامانجی هیرشی دەوڵەتی ئیسلامیی(داعش). ئەوە ماوەی زیاتر لە سێ مانگە لە کۆبانێو دەوروبەری شەڕێکی توندو خوێناوی لە نێوان هێزی بەرگریکاری کوردو سپای داعش‌دا بەردەوامە. دیفاعو بەربەرەکانیی ئازایانەو جەسوورانەی شەڕڤانان و ڕۆڵەپێشمەرگەکانی کوردستان لە باشوور و خۆراوای کوردستان لە گەڵ تیرۆرو تیرۆریستان‌دا بە جیهانی سەلماند کە کورد هەم ئیرادەی ئەوەی هەیە خۆی بەرگری لە بوونی خۆی و دەسکەوتە نەتەوەییەکانی بکا، هەم شایانی ئەوەیە لە لایەن دەوڵەتانو کۆڕو کۆمەڵە جیهانیەکانەوە پشتیوانیی لێ بکرێ.

لە باکووری کوردستان بە هۆی بەردەوامیی خەباتی حەقخوازنەی لە لایەن هێزە سیاسیەکانی کوردەوە و کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانەی ناوچە لە سەر تورکیە، دەبینین دوای ٨٠ساڵ ئینکاری بوونی کورد لە تورکیە، ئێستا وتوویژ لە نێوان هێزەکوردەکانو دەسەڵاتی تورکیا بۆ چارەسەری ئەم پرسە لە مێژینەیە لە گۆڕی دایەو ئەوە سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە کە مەسەلەی کورد تەنیا ڕێگا چارەی ئاشتیانەی هەیە و بە شەڕ و سەرکوت و ئنکار لە نێو ناچێ.

لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە داخەوە هەتا ئێستاش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەچاوی ئەمنیەتییەوە دەڕواننە پرسی کورد. ڕۆژ نیە چەند کەس لە خەڵکی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر ڕاپێچی ئیتلاعاتو زیندان نەکرێن. بە پێی ئامارەکان زۆرترین ڕێژەی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران وەبەر کورد کەوتوە. ڕۆژ نیە لەسەر سنوورەکان کاسبکارانی کورد کە لە بەربێکاریو هەژاری ڕوویان لە کۆڵبەری لە سنورەکان کردوە، نەکەونە بەردەسرێژی هێزە بە ناو ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی. بە کورتی ئەگەر چی ئەو ڕێژیمە خۆی وەک دۆستی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشان دەدا و بە ناوی دۆستایەتی لە گەڵ هیزە سیاسییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە، هەوڵ دەدا دەست بخاتە نێو ئالوگۆرە سیاسییەکانی ناوچە، لە نیوخۆی ئێران و لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەر ڕێژیمە دژ بە کوردەکەی٣٥ ساڵی ڕابردوویە. ڕێگە نەدانی ئەو ڕێژیمە بە خەڵک بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان لە ڕێگای هەڵبژاردن و مەجلیس و هتد لە لایەک و سەرکوتی ناڕازیان و هەر چەشنە نارەزایەتی دەربڕینێکی هێمنانە لە لایەکی دیکەوە،پیمان دەلێ کە بە هیچ جۆر نابێ لە شێوەکانی دیکەی خەبات و یەک لەوان بەرەنگاربوونەوەی ستەم و تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە بە هۆی هیزی پێشمەرگەوە، غافڵ بین.هەتا ئەو کاتەی ئەو ڕێژیمە هەموو دەرگاکانی بۆئاوڕدانەوە و گوێگرتن لە داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخستوون، بایەخدان بە بەرگریی پێشمەرگانە و پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری لە هەلەومەرجی گونجاودا، دەبێ لەبەرنامەی تێکۆشانمان دا بمینێ.

**بەڕێزان!**

ئێمە لە کاتێک دا یادی یەکەم هەڵکردنی ئاڵا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، کە بەندییە سیاسییەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی ئێراندالەخراپترین بارودۆخ دادەژین.لەیەک مانگی رابردوو دانزیکەی ٣٠ کەس لە بەندییەسیاسیەکانی زیندانی ورمی، مانیان لە خواردن گرتوە. ئەوان داوایەکی زۆر ئینسانی و سەرەتاییان هەیە، دەیانەوێ وەک بەندییەکی سیاسی ڕەفتاریان لە گەڵ بکرێ و ئەو مافانەیان هەبێ کە پیویستە هەر بەندییەکی سیاسی هەیبێ.لێرەوە جاریکی دیکە پشتیوانیی خۆمان لە مانگرتنەکەیان و لە داوا ڕەواکەیان دووپات دەکەینەوە. بەڵام هەر وەک لە پەیامیکی دەفتەری سیاسی دا٣١رۆژلەمە وبەررامان گەیاند، لە روانگە ی نیگەرانیمان بۆ سلامەتی گیانی مانگرتووەکان ،داوادەکەین مانگرتنەکەیان بشکێنن. ئێمە نەک هەر پشتیوانی لە دابینبوونی ئەو مافە سەرەتاییانەبۆ هەموو بەندییە سیاسیەکان دەکەین بەڵکوو داواکاری ئازادییە هەر هەموو بەندییەکی سیاسین و پیمان وایە،داوای ئازادیی بەندییە سیاسییەکان دەبی ببێتە دروشمی بزووتنەوەی مەدەنی لە نیوخۆی ئیران.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە، پیرۆزبایی لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و لە سەرجەم هۆگرانو ئەویندارانی ئالای کوردستان بە تایبەتی بنەماڵەی شەهیدان دەکەین. ئەرکی هەمووپێشمەرگەکانو هەرتیکۆشەرێکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە کە بەردەوام ئامادەیان هەبێ بۆ سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە دێنە پێشو پێویستە لە پێناوی بەرەوپێشبردنی خەباتمان بۆ ئازادیو ڕزگاریی گەلەکەمان بە باشی بیانقۆزینەوە.

**بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد**

**سەربەرزی بۆ پێشمەرگەو گەلی پێشمەرگەپەروەری کورد هەر شەکاوە بی ئالای کوردستان.**

**دەفتەری سیاسی**
**٢٦ سەرماوەزی ١٣٩٣**

# سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی بەڕێز سارم خانی سادق وەزیری کرد



شەممە ١٣ی دسامبری ٢٠١٤ی زایینی، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری بە هاورێیەتی مامۆستا عەزیز ئەحمەدیو کاک زاهید شاعیری سەردانی تێکۆشەری دێرینی ڕێگەی ئازادیو دیموکراسی، بەڕێز سارم خانی سادق وەزیری‌یان کرد.

لەو دیدارو چاوپێکەوتن‌دا بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبو هاوڕێیانی لە نزیکەوە لە باری تەندروستی بەڕێز سارم خانی سادق وەزیری‌یان پرسیو ئەو سەردانەی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بووە مایەی خۆشحالی بەڕیزیان و سپاسی هەیئەتی حیزبی کرد بۆ ئەو بە سەر کردنەوەیە.

بەڕێز سارم سادق‌وەزیری یەکێکە لەو خەباتکار و شۆڕشگێڕە دەگمەنانەی جیهان کە زیاتر لە ٣ چارەکە سەدە بۆ داکۆکی لە ئازادیو مافی مرۆڤو دیموکراسی لە ئێراندا خەبات کردووەو ئێستا دانیشتووی ولاتی سویسە.

# بەشداریی نوێنەری حیزب لە بلژیک لە کۆنفرانسی «پێوەندیگرتن بۆ بەهاو پێوەرەی دێموکراتیک»دا



بە بەشداری کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا، کۆنفرانسێک لە ژێر ناوێ ‹ پێوەندیگرتن بۆ بەهاو پێوەرەی دێموکراتیک› لە یەکێک لە سالۆنەکانی پارلمانی ئورووپادا بەرێوەچوو.

بۆ ئەم کۆنفرانسە، کۆمەڵێک لیکۆڵەرو کەسایەتیی شارەزا لە بواری خەباتی سیاسیو راگەیاندن لە ولاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئورووپا بانگهێشت کرابوونو کۆنفرانسەکە لە لایەن خاتوو ماریتا سخاکە، نوێنەری پاڕلمانی ئورووپا لە لیستی لیبراڵ دیموکراتەکان بەڕێوەچوو.

نەدیم مونلا سەرۆکی پێشووی تیڤی داهاتوو، ئارمەند مستەوفی بەریوەبەری رادیۆ فەردا، ماهیر حەموود ئێدیتۆڕی پێشووی لە› هەواڵی رۆژانەی میسر› ؛ ئالێکس گلادستەین لە بنیاتی مافی مرۆڤ، شەهریار ئاهی لە ئەنیستیتۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئافریقا، سیلڤیۆ گۆنزاتۆ بەڕێوەبەری بەشی مافی مرۆڤو دێموکراسی لە ڕێکخراوی ئی ئی ئەی ئێس؛ لیۆن ویلمس لە ڕێخکراوی چاپەمەنی ئازاد و بێ‌سنوور، فرێد پێترۆسیانس لە رادیۆ فەردا بەشداری ئەو کۆنفڕانسە بوونو هەر کام لە کۆڕگێران ئەزموونو بۆچوونی خۆیان لەمەر چۆنێتی گوازتنەوەی بەهاو پێوەرە دێموکراتیکەکان بۆ ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێنایە بەرباس.

# ڕۆژهەڵات مێحوەری و سیاسەتەکانی حیزب لە کۆبوونەوەیەکدا



دوانیوەرۆی هەینی ١٤ ی سەرماوەزی ١٣٩٣، بەمەبەستی روونکردنەوەی زیاتری سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئێستای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی حیزب لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لەلایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە ڕێکخرابوو، سەرەتا حەسەن خۆشکەلام ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی پاش بەخێرهێنانی بەشداران، مەبەست لە کۆبوونەوەکەو بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەی شیکردەوە.

پاسان ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی سەبارەت بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو جێگەو پێگەی کورد بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر نەخشەی ئەم ڕووداوو ئاڵوگۆڕانەو بەگشتی سیاسەتو هەڵوێستەکانی ڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا، حەسەن زادە ئاماژەی بە ڕێکارەکانی قووڵکردنەوەو جێبەجێ‌کردنی ڕۆژهەڵات تەوەری لە بازنەی فراوانی سەرجەم بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد. ناوبراو لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات تەوەری بتوانێ ببێتە بزوێنەرێک بۆ بووژاندنەوەو یەکخستنی خەباتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات پێویستە هەموو لایەنەکانو هەموو بەستێنەکانی خەبات هەوڵ بدەن لەبواری باشکردنو بەبەرهەم کردنی پێوەندیی نێوانیانو هەماهەنگکردنی نەخشی نێوانیانو لێک گرێ دانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتو یەکخستنی وتارو کرداریان لەمەڕ خواستە مەقتەعیو درێژخایەنەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات بە لێکگەیشتنێکی کارا بگەن.

# دیداری نوێنەری حیزب لەگەڵ دیەگۆ پینتۆ، سکرتێری گشتی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی ئورووپا



کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ دیەگۆ پینتۆ، سکرتێری گشتی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی ئورووپا دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

لەم دیدارەدا سەرەتا کاوە ئاهەنگەری باسێکی سەبارەت بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیو ئێرانو کوردستان بهتایبەتی هێنا ئاراوە، هەروەها وێڕای ئاماژە بە گرینگی ئاشتیو دێموکراسی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەزموونی یەکیەتیی ئوروپای بە پرسێکی گرینگ بۆ گەلانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوبرد.

سکرتێری گشتیی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی ئورووپاش وێڕای ئاماژە بە مێژووی ٦٦ ساڵەی بزووتنەوەی نێودەوڵەتی ئورووپا، باسێکی سەبارەت بە تەجروبەی ئەم بزووتنەوەیە لە باکوورو ئافریقا کردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیو ئێرانی بەتایبەتی بۆ ئورووپا بە گرینگ وەسف کردو لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا، چۆنێتی هاوکاری دوولایەنو هەروەها بارودۆخی ئۆپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی هاتە بەرباس.

# حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی ئاڵاو پێشمەرگەی کوردستانی بەرز ڕاگرت

**کۆیە**

**لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆو کەم وێنەدا یادو بیرەوەریی هەڵکرانی ئاڵای کوردستانو حەماسەتی پێشمەرگەی کوردستان بەرز ڕاگیرا.**



لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ ی سەرماوەز بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، بە ڕێژەی نیزامیی چەند پەلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی پێکردو پاشان ڕێوڕەسمەکە بۆ شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەکانی حیزب گواسترایەوە.

بەرنامەکانی ئەو بەشەش لە ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیە لەلایەن عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا. دەقی پەیامەکە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دایە.

دوای خوێندنەوەی پەیامی دەفتەری سیاسی سروودێک لە ژێر ناوی «هەیبەتو ناوت» لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەرییەوە پێشکەش کراو لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا ئەو کادرو پێشمەرگانەی سەروو ٢٠، ٢٥، ٣٠ و ٣٥ ساڵی رابردووی ژیانیان پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون، ڕێزنامەیان پێشکێش کرا.

لەو بەشەی بەرنامەکاندا چەند کەس لەو پێشمەرگە دێرینانەی حیزب بە نوێنەرایەتیی هاوڕێیانی دیکەو بە شێوەی سەمبولیک ڕێزنامەکانیان لە دەستی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە وەرگرت.

مامۆستا حەسەنزادە لە وتەیەکی کورتدا وێڕای بەرزنرخاندنی تەمەنێک خەباتو تێکۆشانی ئەو کادرو پێشمەرگانە هیوای خواست تێکۆشانی بێپسانەوەی ئەوان هەوێنی خەباتو کۆڵنەدانی پێشمەرگە لاوەکان بێ. هەر لەو بڕگەیەی ڕێوڕەسمەکەدا مستەفا مەلوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە دەسخۆشی بەو کادرو پێشمەرگانە گوت کە ڕێزنامەیان دراوەتێو ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستن.

سروودی ئاسمان « پڕ تەم» لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕات، چەند تابلۆیەک لە هەڵپەرکێی گرووپی ٢٦ ی سەرماوەز، گەشتێکی گۆرانیی فۆلکلۆر بە دەنگی حەمەدەمین کەریمی، خوێندنەوەی «قەسیدەیەک بە باڵای ڕۆژهەڵات» لەلایەن پێشمەرگەی شاعیر عەلیڕەزا ڕەحیمی، گۆرانییەک بە دەنگی شیرین شەریفی، شێعرێک لەژێرناوی « پارێزەرانی ڕۆژهەڵات» لەلایەن پێشمەرگەی دێرینی حیزب ئەحمەد قادری، چەند تابلۆیەک لە هەڵپەرکێی گرووپی هەڵپەرکێی «ئاویەر»و چەند پارچە مۆسیقا لە ژێرناوی « شنەی کوێستان» لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزب چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ریوڕەسمە بوون.

شایانی باسە ڕێوڕەسمی ٢٦ ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە گەڕی شاییو ڕەشبەڵەکی لاوانی دێموکڕاتو بە دەنگە خۆشەکەی هونەرمەند محەممەد بۆکانی تا کۆتایی کاتی دیاریکراو درێژەی پێدرا.

**سۆئێد - شاری ڤێستڕۆس**

**لە ڕێوڕەسمێکدا بە بەشداریی ئەندامانی حیزب لە شاری ڤێستڕۆسو هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە بنەماڵەی دۆستانو لایەنگرانی حیزب، یاد و بیروەریی پێشمەرگەی کوردستان بەرز ڕاگیرا.**

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان مەسعود دێماسی، باسێکی لەسەر ئەو ڕۆژە و گەورەیی و لەخۆبوردوویی پێشمەرگە لە لایەن کۆمیتەی حیزبەوە پێشکەش کرد.

پاشان سەیدعەلی هاشمی، تێکۆشەری دێرینو خەباتکاری ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی کۆمیتەی ئاشتیو یەکبوونی بۆ ئەو ڕێوڕەسمە پێشکەش کردو لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و ماندووبوونیان، لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە شاری ڤێستڕۆسەوە چەند چەپکە گوڵ وەک ڕێزلێنان، پێشکەش بەو تێکۆشەرە دێرینانە کرا کە ڕۆژانێک وەک پێشمەرگە لەسەنگەری رزگاری و ئازادی نەتەوەکەیاندا لە ریزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا دا خزمەتیان کردوە.

شایانی باسە ئەو ڕێوڕەسمە بە شاییو شادیی بەشداران تا کۆتایی کاتی دیاریکراو درێژەی پێدرا.

**سوئێد - لینشۆپینگ**

**کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری لینشۆپینگ، ئەم ساڵیش بۆ ڕێزگرتن لە سیهەمین ساڵرۆژی دیاری کردنی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و کوردانی دانیشتوی شاری لینشۆپینگ و دەوروبەری پێکهێنا.**

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی



بۆ ڕێز لێنان لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرا.

پاشان بە خێرهاتنی میوانان و ئامادەبووان، هاوکات چەندین پەخشانو هۆنراوەی جوانو پڕ مانا لە وەسفی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش کرد.

پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئید لەلایەن عەلی باڵەکی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە شاری لینشۆپینگ خوێندەراوە.

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کەژاڵ ئەحمەدی سولێمانی خویندەرایەوە.

دواتر لە لایەن نوێنەری حیزبو ڕێکخراوەو کۆمەڵە کوردستانییەکانی نیشتەجێ لە شاری لینشۆپینگ لە وەسفو ڕێزلێنان لە پێشمەرگەی کوردستاندا چەند پەیامو وتار لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە پێشکەش کران کە بریتیبوون لە:

کۆمەڵەی شۆرشگێر زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران کۆمیتەی لینشۆپینگ، حیزبی شیوعی کوردستان کۆمیتەی لینشۆپینگ، کەرتی ریکخستنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان کۆمیتەی لینشۆپینگ، سازمانی خەباتی کوردستان ئێران کۆمیتەی لینشۆپینگ، کۆمەڵەی کەمئەندامان و بە ساڵاچووانی شاری لینشۆپینگ.

حەمەڕەسووڵ کەریمی لە چەند لێدوانێکدا سەبارت بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان و سیاستەکانی ئێستای حیزب لە پێوندی بە کارو چالاکی پێشمەرگەو پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانو شەڕی داسەپاوی داعشو ئاژاوگێری کۆماری ئیسلامیو ئیرادی پێشمەرگە لە بەرامبەر دوژمنانی کورددا وتارێکی پێشکەش کرد. دوایین بەشی بەرنامەکە بە دەنگی هونەرمەندی دەنگخۆش، شۆرش بۆکانی و هاوڕێی موزیکژن چیا بەڕێوەچوو کە بە جۆشو خرۆشەوە بە دەربرینی هەستو سۆز بۆ پێشمەرگەی کوردستان ڕێزیان لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی کوردستان.

**نۆروێژ**

**لە ڕێورەسمێکی شایستەدا یادی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان کرایەوە.**

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و چەند ساتێک بێدەنگیی



بۆ ڕێزلێنان لە گیانبازییو فیداکاریی شەهیدانی ڕێگەی ئازادیو رزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی نۆروێژی حیزب لە لایەن رەزا ئەمینی، ئەندامی کۆمیتەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەی ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پەیامێکی هاوبەشدا کە لەلایەن مەحبووبە رەحیمی بەرپرسی یەکیەیی ژنانە لە نۆروێژ خوێندرایەوە.

لەبرگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا سەلاح ئیبراهیمی و تاهیر بەهرامیوەند، ئەندامانی کۆمیتەی نۆروێژ، بەدانی چەپکە گوڵ ڕێزیان لە چەند کەم ئەندامێکی حیزبو هونەرمەندانی بەشداربوو لەو رۆژەدا گرتو لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان هونەرمەندان حەسەن کۆساری، دلّدار زێباری، کارۆخ، پیران، رۆنی و ئامانج بە پێشکەشکردنی چەند سروودی شۆرشگێرانەو هەروەها چەندین گۆرانی هاوکات لە گەڵ بەشدارانی ڕێورەسمەکە جۆشو خرۆشیکی دیکەیان بەخشیە یادی رۆژی هەڵکردنی ئاڵاو رۆژی ناولێنانی پێشمەرگە.

هەروەها هاوڕێ حەکیم حوسێن زادە بە خوێندنەوەی چەند کورتە پەخشانێکی هەست بزوێن ڕێورەسمەکەی بەرێوەبرد.

**ئوستڕالیا «بریزبێن»**

کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری بریزبێن لە ئوسترالیا، ئاهەنگێکی بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە برد.

لەو ئاوهەنگە دا بەشێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی ئیالەتی کوینزلانەد بەشداریان لە ڕیوەرەسمەکەدا کرد.

لەو ڕێورەسمەدا دوای خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو راگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردستان، سەلاح پوور ئەسەد بەپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئیالەتی کوینزلەند وتارێکی بەو بۆنە پێشکەش بە بەشدارن کرد.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆران خوێندرانەوەو پارچە شێعرێکی جوان لە لایەن دلاوەر فەرەجەوە بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە پێشکەش بە بەشدار بووان کرا. هەروەها کاک محمد زەندی پێشمەرگەی دێرینی باشووری کوردستانیش بەم بۆنەوە چەند وتەیەکو بیرەوەرییەکی پێشکەش کرد.

شایانی باسە دوایین بەشی بەرنامەکە بە شیرینی خواردنو هەڵپەرکێ بە دەنگە بە سۆزەکەی گۆرانی بێژی لاو مەجید ئەڵماسی تا درەنگانێ شەو درێژەی هەبوو.

## درێژەی: پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ ئاکامی مانگرتنی بەندییە سیاسەکانی بەندیخانەی ورمێدا

ئەم مانگرتنە هەر لەو کاتە دا کە گیانی خۆڕاگری و هاوپێوەندیی لە نێو بەندییە سیاسییە کوردەکانی ئێراندا بوژاندەوە، بووە هاندەری چالاکانی سیاسیی رۆژهەڵات لە کوردستانو دەرەوەی وڵات بۆ هاتنە سەرشەقامو چالاکیی دیکە بە مەبەستی پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان،ڕێز لە خۆڕاگریو لەشکاننەهاتوویی بەندییە سیاسییە مانگرتووەکانی بەندیخانەی ورمێ دەگرێو ئەم مانگرتنەیان بە لاپەڕەیەکی جێی شانازیی خەباتو خۆڕاگریی تێکۆشەرانو قارەمانانی نێوبەندیخانەکانیان دەزانێ. ئێمە لە ڕوانگەی بایەخدانمان بە سلامەتیی گیانی بەندییە سیاسییەکانی کوردستانو هەر وەها بە هیوای بەردەوامبوونی خۆڕاگریو نارەزایەتیدەربڕین لە دەرفەتو هەلومەرجی باشتردا، پشتیوانی لە بانگەوازی «کەمپەینی بەرگری لە بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی» دەکەین و داوا دەکەین بەندییە مانگرتووەکان، مانگرتنەکەیان بشکێنن. لە کاتیک دا سڵاو بۆ ئیرادەی پۆڵایینی بەندییە مانگرتووەکان دەنێرین، ڕێزو پیزانینو سوپاسی خۆشمان پێشکەشی هەموو ئەوانە دەکەین کە لە ٢٥ ڕۆژی ڕابردوو دا، لە پشتیوانیی ئەم مانگرتنەو هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەی مانگرتووەکانو گەیاندنی هاواری بەندییە سیاسییەکان بە گوێی مرۆڤدۆستانی جیهان، درێغیان نەکردوە.

هەر لەو کاتەشدا پێمان وایە چالاکانی سیاسیو مەدەنیو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو میدیا کوردی و ئێرانییەکان، پیویستە ئەزموونی چۆنیەتی بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ ئەم حەرەکەتە مەدەنییە گرنگەی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ، بێننە بەرباس و هەڵسەنگاندن، بۆ ئەوەی خەسارناسیی خاڵە لاوازەکانی کارو تێکۆشانو هەڵویستی خۆیان بکەنو بۆ دەولەمەندکردنی کولتووری خەباتو تێکۆشانی سیاسیو خەباتکارانە لە پیوەندی لە گەڵ نیوخۆی وڵات دا، دەرسی لێ وەربگرن.

**سەربەرزی بۆ بەندییە سیاسییە مانگرتووەکانی بەندیخانەی ورمێ و بنەماڵە ئازارچێشتووەکانیان،**
**ئازادی بۆ هەموو بەندییە سیاسییەکانی کوردستانو ئێران**
**شکانو ڕسوایی بۆ ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٣**
**٢٠١٤/١٢/١٥**

## کۆچی دوایی دۆستی لە مێژینە و بە نرخی حیزبی دیموکراتی کوردستان



بەرەبەیانی چوارشەمە ١٠ی دیسامبری ٢٠١٤(١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٣) مامۆستا جەماڵ محەممەد ئیسماعیل ناسراو بە سوارە قەڵادزەیی، پاش چەندین مانگ بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

جەماڵ محەممەد ئیسماعیل، خەڵکی قەڵادزێ، لەو تێکۆشەر و ڕووناکبیرە نیشتمانپەروەرانەی باشووری کوردستان بوو کە هەر لە شێستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بوون بە دۆست و پشتیوانی ڕێبەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پەڕیوەی دیوی گەرمێن ببوون.

مامۆستا جەماڵ زیاتر لە نیو سەدە بوو ببوو بە دۆست و خەمخۆر و پشتیوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوڕێی دڵسۆزی شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە. لە سەختی و تەنگانە و لە خۆشی و جێژن و لە هەموو هەلومەرجێک دا، لە پشتیوانی و هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان غافڵ نەبوو. ئەو کە وێڕای مامۆستایەتیی قوتابخانە کاری نووسین و وەرگێڕانی دەکرد و هەر لەو کاتەش دا شاعیرێکی بەهەڵوێست بوو، لە تێکۆشانی ڕۆشنبیری و لە کارە ئەدەبییەکانیشی دا، بە دەنگێکی ڕاشکاوانە و بوێرانە پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد. مامۆستا سوارە قەڵادزەیی لە هەر فستیڤاڵ و کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیری و لە هەر کۆڕ و مەجلیسێک دا ئامادە بوایە، دەبووە هەڵگری دەنگ و پەیامی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دیوانە شێعرەکانی مامۆستا سوارە قەڵادزەیی پڕن لەو قەسیدانەی کە بۆ هاوخەمی لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکرات لە جەنگەی ڕووداو و کارەساتە گەورەکاندا نووسراون.

مامۆستا سوارە قەڵادزەیی بە کاری فکری و ورۆشنبیری، بە نووسین و وەرگێڕانە بە نرخەکانی، بە شیعری بەرەنگاری و بە کارە ئەدەبییەکانی، بە چالاکییەکانی لە یەکیەتیی نووسەران و دیار بوونی لە بوارە ڕۆشنبیرییەکان دا، بۆ تاکەکان و لایەنەکان بە گشتی جێگای ڕێز بوو. بەڵام لە نێو خەباتکارانی کوردی ڕۆژهەڵات و لە لای حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆشەویستی و ڕێزێکی تایبەتی هەبوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆچی دوایی مامۆستا سوارە قەڵادزەیی یەکێک لە بە نرخترین دۆستە لە مێژینەکانی خۆی لە دەست دا. مردنی ئەو کەسایەتییە بە خەسارێک بۆ حیزبی دیموکرات دەزانین و بەم بۆنەیەوە گەرمترین سەرەخۆشی پێشکەشی بنەماڵە بەڕێزەکەی، کەسوکار و دۆستان و ناسیاوانی و تێکڕای ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١١ی دیسامبری ٢٠١٤**
**١٣٩٣/٩/٢٠**

## ڕۆژهەڵات مێحوەری لە نێوان دروشمو کردەوەدا، لە سمینارێکدا



کۆمیسیۆنی فێرکردنو پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لە ژێر ناوی ڕۆژهەڵات مێحوەری لە نێوان دروشمو کردەوەو چۆن بە کردەوە کردنی ڕۆژهەڵات مێحوەری بۆ ئاسۆ کرماشانی، کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠ ی سەرماوەزبەبەشداریی کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، ئاسۆ کرماشانی باسێکی کورتی لەسەر کاریگەریو گرینگیی ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لەسەر پرسی سیاسیو نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

هۆکارەکانی بەرجەستەکردنی گوتاری ڕۆژهەڵات مێحوەری، کارتێکەریی چالاکیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات، چەند تەوەری سەرەکیی باسەکەی ئاسۆ کرماشانی بوون کە ئەو بە تێروتەسەلی لەسەریان دوا.

کۆڕگێڕ لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر لایەنو فاکتەرەکانی وەک زمان، ئایینو زاراوەکان لە ڕۆژهەڵاتو ئەم بابەتانەی بە مێحوەرەکانی ئەو باسە زانیو هۆکاری دروستبوونی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەری بۆ کەمڕەنگ بوونی خەباتو چالاکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاندەوە.

# پێشمەرگە لە بوونەوە تا پێگەیشتن



ئارەش لۆرستانی
وەرگێڕان: ئاڵەشین

ئەو وتارە چاوخشاندنێکە بە رابردووی ٦٩ ساڵێکدا، کە پێشمەرگە تێیدا لە دایک دەبێ، گەشە دەکا و لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە پێ‌دەگا. لێرەدا گرنگترین خاڵەکانمان وەک چەمکێک هێناوەتە بەرباسو بە وردی رۆنەچووینەتە نێو واتاکانیانەوە، بەو هیوایەی خوێنەرانی بەڕێز بتوانن زیاتریان لەسەر بخوێننەوەو ئەم فاکتەرە گرنگەی پێشڤەبردنی بزووتنەوە نەتەوەیی – دیمۆکراتیکی کورد زیاتر بخەنە بەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.

ئەگەر بە قۆناخی مودێرنی خەباتی نەتەوایەتی کورددا بڕوانین کە روونە دامەزرانی حیزبی دیموکرات، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ ، وەک خاڵی دەسپێکی ئەم پرۆسەیە دەناسرێ، لێکدانەوەی هەلومەرجی پێکهاتن و دامەزرانی حیزبی دیموکرات، یەکەم فاکتەرێکە دەتوانێ یارمەتیدەری ناسینی بنیاتەکان و ئەو ئەهرومانەی تەڤگەری سەرەکی بزووتنەوە بێ کە گرەنتی بەردەوامی چالاکی بوونو بۆ نەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی دیاریی بکا.

دەسپێکی حکوومەتی پەهلەوی و دارشتنی بناخەی نەتەوە – دەوڵەتی یەکگرتوو کە بە ئامانجی مودێرانیزسیۆنی ئێران لە لایەن رەزاشاوە پراکتیزە کرا، شەڕی دووەمی جیهانی و راگەیاندنی بێ لایەنی ئێران لە لایەن رەزاشاوە ٩ی گەلاوێژی ١٣١٨، داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی سوپای هاوپەیمانان لە سێیەمی گەلاوێژی ١٣٢٠ دا، کە دەست لە کارکێشانەوەی رەزاشاو دەسەڵاتداریەتی محەمەدرەزا شای لێکەوتەوە، بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی لە رۆژاوا، لە لایەکی دیکەشەوە سەرکوتی بەردەوامی بزووتنەوەکانی کورد لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە هەمووی بوونە هۆی پێکهاتن و چەکبەدەستەوە گرتنی هێزی بەرگریکاری کورد لە فۆرم و شێوەی مودێردن‌دا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوە، کە بۆ یەکەم جار لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ئەو خەباتگێڕو پارێزەرانە «پێشمەرگە« ناودێر کران.

پێشەوا قازی محەممەد لە وتووێژێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەکانی تاران، کە لە ژمارە ١ی رۆژنامەی «کوردستان»یش‌دا چاپ کراوە دەڵێ: ئێمە ماوەی ٤ ساڵە خاوەن ئۆتۆنۆمی نێوخۆییین‌و، هەروەها سەید محەممەد حەمیدیش لە هەمان ژمارەدا لە بەشی «ئامانجی ئێمە«دا دەڵێ: دوای گەلاوێژی ١٣٢٠ ئێمە توانیمان ئیدارەی کاروباری خۆمان بەدەستەوە بگرین و حیزبی دیموکرات دابمەزرێنین، کەواتە ئەزموونی چوار ساڵەی، دوای دەست لە کارکێشانەوەی رەزاشاو ئەزموونەکانی پێشوو، بەڕوونی نیشان دەدا لەو هەلومەرجە هەستیارو قەیراناوییەدا پێکهێنانی هێزی «پێشمەرگە« زۆر دروست و لە جێی خۆی‌دا بووە.

ئەگەر بڕوانینە گرنگترین فاکتەرەکانی مودێرنیتەی کوردستان کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و پاشان کۆماری کوردستان ئاڵاهەڵگری بوون، دەبینین هەر سێ هۆکاری سەرەکی بۆ دامەزراندنی مودێرنیتە واتا بازار، پیاوانی ئایینی و چینی رووناکبیر کە دەبوو بۆ گەیشتن و وەدی‌هاتن‌و بەردەوامی ئۆتۆنۆمی کوردستان تێبکۆشن‌و هاوئاراستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی – دیموکراتیکی گەلی کورد بن، ئەو کات پێکنەهاتبوون یا لەوپەڕی لاوازی‌و پرش‌و بڵاوی‌دا بوون، کەواتە پێشمەرگە وەک گرنگترین هێزی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکرات، نەک هەر دەبوو بە جێێ ئەو فاکتەرانە رۆڵی بەمودێرنیتەکردنی کۆمەڵگە بگێڕێ، بەڵکوو دەبوو جۆرێکیش خۆبنوێنێ کە ئەم هۆکارە گرنگانەش بە شێوەیەکی خۆڕسک و سرووشتی و ناوچەیی پێکبێن. بەم جۆرە دەوری هەستیارو گرنگی پێشمەرگە کاتی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری کوردستان کە ١٥٩ رۆژ دواتر راگەیاندرا بە روونی ئەم راستییە نیشان دەدا کە رادەی دەسەڵات و یان لاوازی هێزی پێشمەرگە تا چ رادەیەک لەو قۆناخەداو تەنانەت پێکهاتنی نەوەکانی دواتری پێشمەرگەو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کاریگەر بووە.

تێپەڕین لە کۆمەڵگەی نەریتی و گەیشتن



بە کوردستانێکی مودێرن بە ئەندامانی حیزبی دیموکراتەوە کە یەکەم ئەزموونی مودێرنی سیاسی کوردستانیان بەرەو پێش دەبرد، پێویستی بە هێزی مرۆیی، فاکتەری ئابووری و گەشەی فەرهەنگی زۆر بەرین بوو، کە دەبوو لە کورتترین ماوەدا پراکتیزە بکرێن. بەهۆی نەبوون یان لاوازیی ئەو سێ فاکتەرە بنەڕەتییەو هەروەها تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان کە ١١ مانگی خایاند، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەلومەرجی نالەباری ئێران، نەبوونی پێشینەی دیموکراسی لە وڵات و ئەو قەیرانانەی رۆژاوا و رۆژهەڵات بۆ کۆمەڵگەی ئێرانیان خوڵقاندبوو، هەموویان بوون بە هۆکارێک کە مودێرنیتەو پەڕینەوە لە کۆمەڵگەی نەریتی لەسەر بەستێنی پێویستییە راستەقینەکانی گەلی کورد لە لایەن حیزبی دیموکراتەوەو هێزی پێشمەرگەوە خاو و تەنانەت لە هەندێک بواردا راوەستێ‌و ئەندامانی حیزب ناچار بوون بە شێوەی نهێنی چالاکی و ئەرکەکانیان راپەڕێنن. دوای ٢٠ ساڵ چالاکی نهێنی و گەشەی هەنگاو بە هەنگاوو خاوی پێشمەرگە کە هەلومەرجی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران کاریگەریی لەسەری هەبوو، چەخماخەی خەباتی چەکداری ١٨ مانگەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات، کە بە بزووتنەوەی ١٣٤٦ و ٤٧ ناسراوە نیشانی دا پێشمەرگە دەتوانێ بە شێوەیەکی نوێ بە ئامانجی وەدی‌هێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد هەنگاو بنێ. هەرچەند ئەو قۆناخە مێژووییە زیاتر رەهەندی سەربازی هەبووو پێویستی پێکهاتنی هزری مودێرنتر بۆ باشترکردنی کارکردی پێشمەرگەو گشتگیرکردنی بزووتنەوە لە ئاستی کوردستاندا بە تەواوی هەست پێ‌دەکرا.

بوونی د.قاسملوو بە سکرتێری گشتی حیزب، بوو بەهۆی مودێرنیزەبوونی سترەکتۆری حیزب‌و بوارێکی رەخساند تا پێشمەرگە لە مەیدانی سیاسی و سەربازیش‌دا بتوانێ بە بەرزکردنەوەی توانایەکانی هەماهەنگی پێویست دەست بخاو حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک هێزی یەکەمی کوردستان بە پێگەی کۆمەڵایەتی بێ‌وێنەو بەربەرین لە تەواوی کوردستانی ئێراندا چالاکی بنوێنێ. میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧، کە جەماوەرێکی نزیک بە ١٠٠ هەزار کەسی تێدا بەشدار بوو، خاڵی وەرچەرخانی خەباتی نەتەوەیی کوردە لە ئێران، ئەو میتینگە بە ئامادەبوونی بەربەرین و بێ‌وێنەی ئەو بەشە لە لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بەڕێوەچوو کە دەیانتوانی ئەو رۆژە لەو شوێنە ئامادە بن. بەشداری چین و توێژو گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لەو میتینگەدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بەرزکردنەوەی چۆنیەتی و چەندێتی بزووتنەوەو هێزی پێشمەرگە، چونکی هەر ئەو خەڵکە بەرەبەرە لە جلوبەرگی پێشمەرگایەتیدا بۆ وەدی‌هاتنی مافە نەتەوایەتی‌و مرۆییەکانی خۆیان تێکۆشان‌و هەموو تەنگو چەڵەمەکانی ژیان و خەباتیان بە دڵ و گیان کڕی‌و بزووتنەوەیان بەرەوپێش هێنا.

لە کۆتایی‌دا پێویستە بڵێین، ئەمڕۆکە ئەگەر ناوی پێشمەرگە لە جیهاندا وەک هێزێک دەناسرێ کە بەرگری لە مرۆڤایەتی و مافی مرۆیی خەڵکی کورد دەکا، ئەم سەرکەوتن‌و خۆشەویستییەی قەزرداری ئەو تێکۆشان و فیداکارییانەیە کە بۆ یەکەم جار ئەو چەمکە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئیدەو هزرو وشەوە پراکتیزە کراو لە کاتی بوونەوە تا پێگەیشتن وەک دایکیکی دڵسۆز تەنەخی لە هیچ تێکۆشان و ماندووبوونێک نەکردوە.

---

دریژەی هەواڵو راپۆرت

# پێکهێنانی کۆبوونەوەی پشتگیری لە زیندانیانی سیاسیی مانگرتووی ورمێ

**کۆیە:**

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە داوای زیندانیانی سیاسیی کوردی مانگرتوو لە زیندانی ورمێ‌و بەدواداچوونی بارودۆخی ئەوان کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا.

ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی سەرماوەز بەبەشداریی کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات‌و نوێنەرانی زیاتر لە ٢٢ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی شاری کۆیە بە مەبەستی پشتگیری‌و پشتیوانی لە داوا بەرحەق‌و رەواکانی زیندانیانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی ورمێ بوو، لە هۆڵی نەجیبەخان بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا جەزایرچی، بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر باردوخی گشتیی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ئێران‌و دوایین بارودۆخی زیندانیانی مانگرتووی بەندیخانەی ورمێ بۆ بەشداران دوا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستا هێمن حەمەدەمین، مامۆستای ئایینیی مزگەوتی مەدینە لە کۆیە، حوکمی داسەپاو بە سەر زیندانیانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەلایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کردو هەموو ئەو حوکم‌و بڕیارانەی بە بڕیاری سیاسی‌و ناشەرعی لە قەڵەم داو پشتیوانیی کۆمەڵگای ئایینیی کوردستانی لە داوای زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانی ورمێ ڕاگەیاند.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا کەژاڵ هادی، ئەندام پاڕلمانی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە چالاکی‌و تێکۆشانی چالاکانی سیاسی پەیامێکی پێشکەش کردو لەبڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا وریا رەحمانی پەخشانێکی ئەدەبیی لە وەسفی خۆڕاگری‌و کۆڵنەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد خوێندەوەو پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش بەو بۆنەیە لەلایەن گەلاوێژ پەیرەوان پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی کەمپینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد لەلایەن نێعمەت مەلا، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە.



شایانی باسە لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارنامەی کۆتایی لەلایەن حەسەن جەزایرچی، خوێندرایەوەو داواکرا کە زیندانیانی مانگرتووی ورمێ کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن.

### کانادا

**کوردەکانی دانیشتووی ڤانکوڤێری کانادا بۆ پشتگری لە زیندانیانی سیاسیی مانگرتوو لە زیندانی ناوەندیی ورمێ خۆپێشاندانێکیان پێک هێنا.**

ئەو خۆپێشاندانە کە لەلایەن «ماڵی کورد «لە ڤانکوڤێری کانادا بۆ پشتگیری کردن

لە داخوازییە رەواکانی زیندانیانی سیاسیی مانگرتوو لە زیندانی ورمێ ڕێکخرابوو، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی شاری ڤانکوڤێر لە ناوەندی ئەو شاردا بەڕێوەچوو.

لەو خۆپێشاندانەدا وێڕای خوێندنەوەی پەیامێک بە زمانی ئینگلیسی، بە گوتنەوەی چەندین دروشم بە دژی سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوت و ئێعدامی رۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران، درێژە بە خۆپێشاندانەکە درا.

هەروەها شانۆیەک لە دیمەنی لەداردرانی رۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد بە دەست جەلادانی ڕێژیمی ئێران پیشان درا کە سەرەنجی ڕێبوارانی شەقامی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

شایانی باسە کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ئەندامانی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا چالاکانە لە بەڕێوەچوونی ئەم خۆپێشاندانەدا بەشدار بوون‌و لە ڕێکخستنیدا هاوکاریی ماڵی کوردیان کرد.

### نۆرویژ

رۆژی هەینی، ١٤ ی سەرماوەز بە بەشداریی ئەندامانی حەوت حیزب‌و ڕێکخراوی رۆژهەڵاتی کوردستان، نوێنەری حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و کوردانی دانیشتوویی ئۆسلۆ، خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانیانی سیاسی کوردی رۆژهەڵات لە زیندانی ناوەندی ورمێ بەرێوەچوو.

ئەو خۆپێشاندانە بە ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان لە لایەن برایم کۆنەپۆشی دەستی پێکردو پاشان پەیامی خۆپێشاندەران لەلایەن خوسرەو قادری خوێندرایەوە کە لەو پەیامە وێرای ئاماژە بە دەسپێکو داواکانی بەندییە سیاسییەکانی کوردی بەندیخانەی ناوەندی ورمێ هاتبوو کە ئەمڕۆ ١٦ رۆژ بە سەر مانگرتنی ئەو زیندانیانەدا تێدەپەڕێ‌و تەندروستی ژمارەیەک لەوان بەرەو خراپی دەڕواو تا ئێستا بەرپرسانی زیندان جیا لە هەرەشە لێکردنیان هیچ وڵامێکیان بە داوای ئەو زیندانییە سیاسی‌یانە نەداوەتەوە.

لە کۆتایی پەیامەکەدا داوا لە وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ کرابوو کە لە کاناڵی خۆیانەوە فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەو زیندانییە سیاسییانەو وڵامی داوا رەواکەیان بدەنەوە.

لە بەشێکی دیکە ئەو خۆپێشاندانەدا پەیامی خۆپیشاندان‌و نامەی نێردراو بۆ وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ، بە نۆروێژی لە لایەن حوسێن خەلیفە خوێندراوە.

پێویست بە ئاماژە کردنە کە ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانە بە یەکەوە ئەو خۆپێشاندانەیان بەرێوە برد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان.

### بریتانیا

رۆژی شەممە،١٥ ی سەرماوەز بۆ پشتگیری لە زیندانییە مانگرتووە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەوە ماوەی زیاتر لە ١٧ ڕۆژ مانیان گرتووە، خۆپێشاندانێک لە بەردەم دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا ڕێک خرا.

ئەم خۆپێشاندانە بە بەشداریی بەشێک لە نوێنەرایەتی حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان‌و رەوەندی کوردو چالاکانی کورد بەرێوە چوو، هەروەها کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بەشداری ئەم خۆپێشاندانەی کرد. پەیامی پشتیوانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو مانگرتووانە کە بۆ بان کی مۆن سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەحمەد شەهید، نێردراوی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران‌و کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان‌و ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان بەزبانی ئینگلیسی ئامادە کرابوو؛ هەروەها لیستی زیندانیان و نامەی پشتیوانی زیندانیانی سیاسی زاهیدان کە ئەوانیش پشتیوانیان لەو مانگرتنەی زیندانیانی کورد لە زیندانی ورمێ دەربڕیبوو، بە شێوەیەکی بەربڵاو بە سەر ڕێبوارانی ئەو شەقام‌و گۆڕەپانەدا بڵاو کرایەوە.

### سویس

لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەجەکە رۆژی چوارشەممە ١٧ی دیسامبری ٢٠١٤ کورردستانی و ئێرانیانی دانیشتووی وڵاتی سوئیس، بە مەبەستی پشتیوانی لە مانگرتنی دەیان ڕۆژەی زیندانیانی سیاسی بەندیخانەی ورمێ، خۆپیشاندان و ڕێپیوانێکیان وەڕێ خست.

ئەو خۆپیشاندانە لە گۆڕپانی «هێلڤیتیا پلاتس» دەستی پێکرد بە ڕێپێوان بەرەو دەرگای سەفارەتی کۆماری ئیسلامی وەڕێکەوتن. هەرچەند لە لایان پۆلیسی سوئیسەوە ڕێگری لە چوونی تەواوی خۆپیشاندەران کرا بۆ بەردەرگای سەفارەتی کۆماری ئیسلامی، بەو حاڵەش خۆپیشاندەران بۆ ماوەی نزیک بە دوو کاتژمێر چەندین درووشم و پلاکارتیان بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی و بۆ پشتیوانی لە هەڵوێستی بەندیانی سیاسی مانگرتوو بەرزکردەوە.

لەم خۆپیشاندانەدا چەندین پەیامی پشتیوانی لە بەندییە مانگرتووەکان و ئیدانەکردنی کۆماری ئیسلامی خوێنرانەوە، کە دەکرێ لە ناویاندا ئاماژە بە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکرێ کە لە لایەن مامۆستا عەزیز ئەحمەدیەوە پێشکەش کرا.

هەروەها دەیان کۆپی لە بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەڕ زیندانیانی مانگرتوی ورمێ و دواین نامیلکەی ڕیکخراوی مافی مرۆڤی حدک بە نێو خەڵکانی دەوروبەردا بڵاوکرانەوە.

# لەدایکبوونی وشەی پێشمەرگەو دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە

## (بە بۆنەی رۆژی پێشمەرگەوە)



مستەفا مەعروفی

دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە بۆخۆی هەڵگری دوو رووداوە؛ یەکەم، دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە، دووەم، دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە. وشەی پێشمەرگە یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤دایە. شەهید د. عبدولرەحمانی قاسملوو لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا لە بارەی وشەی پێشمەرگەوە نووسیویەتی:»پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆڕێکی ئەدەبی لە مەهاباد پێک هات بۆ ئەوە لە باتی وشەی فارسی و عەرەبی وشەی کوردیی رەسەن بۆ زاراوەکانی نێو سوپا بدۆزنەوە. یەکەم زاراوە کە پێویست بوو دابنرێ بەرامبەر بە وشەی سەربازی فارسی کە ئازەربایجانییەکان کردبوویان بە فیدایی. گۆیا ئەدیبەکان هیچیان بۆ نەدیترابۆوە تا پیاوێکی پیری دنیادیتوو کە چای بۆ دەهێنان پێی گوتن: کورد بە پیاوی لەخۆبردوویان دەگوت»پێشمەرگە«.».

لەو کاتەوە وشەی پێشمەرگە بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازانی کورد بەکاردێ. لە راپۆرتێکدا کە لە بارەی مەراسیمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەنداندا لە ژمارە ١٠ی رۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار، تاریخی ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٤دا بڵاو کراوەتەوە، بۆ یەکەمجار وشەی «پێشمەرگە» بەکار هاتوە. بەڵام بڕیار لەسەر ئەوەکە وشەی پێشمەرگە لە جیاتی سەرباز بەکار بێ، دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارێک کە لە رۆژی ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٤ ( ٤ی فیورییەی ١٩٤٦) لە کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماردا دراوە. ئەو بڕیارە بۆ رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٢ ی ٢٠ی رێبەندان نێردراوە و لە لاپەڕی ٣ دا بە ئیمزای ( مرادی) چاپ بووە. لەو بڕیارەدا ٣٥ زاراوەی سوپا بە کوردی لە بەرامبەر زاراوە فارسییەکاندا دانراون، یەکەم زاراوە وشەی «پێشمەرگە» یە کە لە بەرامبەر وشەی فارسیی «سرباز»دا دانراوە.

بنەمای دیاریکردنی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە دەگەڕێتەوە بۆ رووداوێکی مێژوویی پاش دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان: لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤( ١٥ی دیسامبری ١٩٤٥)دا بۆ یەکەمجار خەونی کورد بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد وەدی هات. لەو رۆژەدا ئاڵای کوردستان بەشکۆیەکی زۆرەوە هەڵدراوە و پاشان ئەو رێورەسمە لە شارو ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بەڕێوە چووە.

٣٠ ساڵ لەوە پێش لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤)دا دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ دیاریکردنی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە،رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک رۆژی پێشمەگەی کوردستان دیاری کرد.

ئەو رۆژە وەکوو رۆژێکی سەمبولیک بۆ رێزگرتن لە مەقامی بەرزی پێشمەرگە و فیداکاری و لە خۆبردوویی پێشمەرگە دیاری کراو و لەو کاتەوە هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا رێورەسمی تایبەتی بۆ ناو و یادی پێشمەرگە پێک دێ.

### جوغرافیای وشەی پێشمەرگە

وشەی پێشمەرگە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە کەوتۆتە سەر زار و زمانان. جگە لە تێکۆشەران و خەباتکارانی ئەو کاتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەو بەشە لە سوپای کورد لە خزمەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دابوون، ئەم وشەیە بوو بە نازناوی ئەو تێکۆشەرە کوردانەی کە لە باشووری کوردستانەوە روویان کردبووە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بارزانییەکان کە لە سوپای کۆماردا دەورێکی کاریگەریان هەبوو. هەر لەو سەردەمەوە وشەی پێشمەرگە رۆژهەڵات و باشووری کوردستانی گرتۆتەوە.

دوای ئەم قۆناغە کاتێک حیزب و رێکخراوی دیکەی کوردی لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان دامەزران وشەی پێشمەرگە بۆ تێکۆشەرانی ئەو حیزب و رێکخراوانەش بەکار هات. ئەگەر لە مێژووی نزیک بە ٧٠ ساڵەی لە دایکبوونی پێشمەرگەوە حیزب و رێکخراوە کوردییەکان بە داخەوە ناکۆکی و تەنانەت دوژمنایەتییەکانیان لە هاودەنگی و هاوکاریی نێوانیان زیاتر بووە، بە خۆشییەوە لە بەکار هێنانی نازناوی پێشمەرگەدا بۆ تێکۆشەرانیان هاودەنگ بوون.

تەنانەت دوژمنانی کوردیش بۆ لەبار بردنی پیرۆزیی پێشمەرگە کەڵکی خراپیان لەو ناوە وەرگرتوە. کۆماری ئیسلامی وشەی پێشمەرگە بە پاشگری مسوڵمانەوە بۆ ئەو کەسانە بەکار دێنێ کە بە کرێیان دەگرێ و لە دژی «پێشمەرگە» رایان دەگرێ. بەڵام زاراوەی «پێشمەرگەی مسوڵمان» هیچ کات جێگای وشەی «جاش»ی نەگرتەوە و نەکەوتە سەر زارو زمانان.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە وشەی پێشمەرگە سنووری کوردستانی بڕیوە و چووەتە نێو فەرهەنگی وشەی بێگانانیش و تەنانەت لە سەرانسەری جیهاندا کوردی پێ دەناسرێتەوە، لە کوردە کە قازانجی ئابووریی لە پشت نیە. تەنانەت ئەدیبانی کورد سەبارەت بە دەربڕینی بیری ئازادیخوازی و پێشمەرگانە، جگە لەوەی ماڵ و سامانیان لەدەست داوە، گیانیشیان کەوتۆتە مەترسییەوە، بە پێچەوانەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان کە سەرەڕای خەرجکردنی پووڵ و بوودجەیەکی زۆر هونەر و ئەدەبیاتێکی قەڵب و بێنێوەڕۆک بەرهەم دێنن.

### رۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

هەرچەند لە قۆناغی خەباتی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی کورددا بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر حیزبێک هێزی پێشمەرگەی خۆی هەیە، بەڵام بزووتنەوەی کورد لەسەر شانی پێشمەرگە و لە سایەی فیداکاریی پێشمەرگە درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا. لە راستیدا هێزی پێشمەرگە نەیهێشتوە خەونی لەنێوچوون و گیرانی تێکۆشەرانی کورد وەدی بێ. زامنی پاراستنی بزووتنەوەی کورد هێزی پێشمەرگە بووە. تێکۆشەری سیاسیی کورد لە کاتێکدا کە مەترسیی مەرگی لەسەرە، تەنیا زامنی پاراستنی ئەو، چەکی دەستیەتی، بۆیە هەرلەو کاتەدا کە تێکۆشەرێکی سیاسییە، پێشمەرگەشە. ئەگەر پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی نەبوایە ئاسەوارێک لە بزووتنەوەی کورد نەدەما.

لەو کاتەوە پێشمەرگە لەدایک بووە، دوژمنە رەنگاورەگەکانی کورد کە بە چەکی وڵاتانی بێگانە تەیارن خۆیان لە هیچ چەشنە جینایەتێک لە نەکراوە. کە ناوی پێشمەرگە دێ، ئەفرادی چەکداری حیزبە کوردییەکان بە بیرو زەینی خەڵکی دا دێ. لە کاتێکدا لە بەرنامەی زۆربەی حیزبە کوردییەکاندا هێزی پێشمەگە ئاسایش و ئەمنییەتی کوردستان دەپارێزێ کە نابێ سەر بە حیزبێکی تایبەت بێ. پێشمەرگە، پێشمەرگەی کوردستان و حکوومەتی کوردییە نەک حیزبەکان. لە بەرنامەی حیزبەکاندا، حیزب کاری سیاسی دەکا نەک نیزامی، بەڵام هێزی پێشمەرگە کاری نیزامی دەکا و ئەرکی پاراستنی کوردستانە نەک پاراستنی ئەحزاب. لە باشووری کوردستان کە کورد چارەنووسی خۆی بەدەستە کار بۆ ئەوە دەکرێ کە هێزی پێشمەرگە سەر بە حکوومەتی کوردستان بێ و پێویستە حیزبەکان لە پێشبڕکێی سیاسی دابن تاکوو لە شەڕو کێشەی نیزامیدا. لە مێژووی کورد دا هەرکات حیزبەکان لە شەر و کێشە دابوون بە داخەوە پێشمەرگە لە بەرامبەر پێشمەرگەدا راوەستاوە و تەنانەت یەکتریان شەهید کردوە. بۆیە ئەرکی واقعیی پێشمەرگە بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەرکێکی نیشتیمانی بێ تاکوو حیزبی.

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە مەرج نەبووە کە تەنیا لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پێک بێ، بارزانییەکان و تێکۆشەرانی کوردی باشوور کە لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون، تەنانەت هەر لەو کاتەدا کە ئەوان لە هێزی پێشمەگەی کوردستاندا بوون، بە



هەموو پارچەکانی کوردستان ئەو وشەیە بۆ خەباتکاری کورد بەکار نایە. لە باکووری کوردستان وشەی ئیتالیایی «گەریلا» بۆ تێکۆشەر و گیانبازی کورد بەکار دێ.

### پێشمەرگە لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتدا

هەرکە وشەی پێشمەرگە داکەوت، بوو بە مایەی شێعرە هەر بەپێزەکانی شاعیرانی ناوداری کورد،بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە شێعرەکانی دوو شاعیری گەورەی کورد هێمن و هەژاردا.

ئیدی لەوکاتەوە پێشمەرگەو ئەدەبیاتی کوردی لە دوو بارەوە دەستلەملانی یەکتر بوون: یەکەم، پێشمەرگەی ئەدیب و دووەم، ئەدەبیاتی پێشمەرگانە.

ئەگەر چاوێک بە ژیانی شاعیران و هونەرمەندانی ناسراوی کورد لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا بخشێنی بە دەگمەن ئەدیب یان هونەرمەندێک شک دەبەی کە ماوەیەک یان هەتا سەر پێشمەرگە نەبووبێ. لە نێو ئەواندا پێشمەرگەی شاعیرو هونەرمەند کە شەهید بوون بە داخەوە کەم نین.

ئەدەبیاتی پێشمەرگانە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا یەکجار دەوڵەمەندە. پێشمەرگە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی کوردی دا: لە شێعر، رۆمان، چیرۆک، شانۆ، فیلم، وێنە کێشان، سروودو گۆرانی دا حوزووری پڕڕەنگی هەیە. تەنانەت پێشمەرگە بۆتە بەشێک لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریک، واتە هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵایەتیی خەڵک کە روون نیە خاوەنەکەی کێیە. جێی سەرنجە کە ئەدەبیاتی پێشمەرگانە تەنیا رەنگدانەوەی هەستی پیرۆزی ئازادیخوازی و نیشتمانیی ئەدیبانی دژی کورد و پێشمەرگە نەپاراستوە. لە کۆنەوە باو بووە کە دەڵێن تەنیا پشت و پەنای کورد چیاکانن، ئەم قسەیە لانی کەم هەتا ئێستا لە بارەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە راستە، لە چیاکانیش تەنیا شتێک کە بزووتنەوەی کورد و پێشمەرگە دەپارێزێ چەکەکانیانە.

### جیاوازیی پێشمەرگە لەگەڵ سەرباز

وشەی پێشمەرگە هیچکات بەرامبەر بە وشەی سەرباز نیە، چونکە سەربازی زۆرەملییە، ئەگەر کەسێک لە ئەرتەشدا بمێنێتەوە پلە و پایەو ئیمتازاتی ئابووریی زیاد دەبێ. بەڵام پێشمەرگایەتی لەسەردەمی خەبات بۆ ئازادیدا نە بە زۆرە ملییە و نە ئیمتیازاتی ئابووری لە پشتە، تەنیا بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری هەوێنی پێشمەرگایەتییە.

پێشمەرگەی کورد بە پێچەوانەی سەربازانی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە باری رەگەزییان هەیە و لە جینسی نێر پێک هاتوون، پێشمەرگەی کورد جیاوازیی رەگەزی ناناسێ. ژنان و پیاوانی کورد، کوڕ و کچ شانبەشانی یەک لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا تێدەکۆشن. لە راستیدا پێشمەرگایەتیی ژنان پێناسەیەکی دیکەی بە ژن لە کۆمەڵی کوردەواری دا بەخشیوە. نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد کە ژنانی شانبەشانی پیاوانی لە پێناو ئازادی و نیشتیمانەکەیاندا گیانی خۆیان دادەنێن، ئاسۆیەکی روون و دیاری لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی ستەمی جینسی دا لە پێشە.

### رەسالەتی پێشمەرگە

دەبێ دان بەوە دابێنین هەتا ئێستا «پێشمەرگە» پڕ بە مانای خۆی پێناسە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفا ساڵێک دوای دامەزرانی حیزبی دیموکرات، پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. کەوابوو ئەو کات لانی کەم دوو حیزب، تەنانەت لە دوو پارچەی کوردستان بە یەک هێزی پێشمەرگەوە لە کۆمار دا هەبوون.

لە قۆناغی ئازادی و دەسەڵاتی کوردی دا کە بە داخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ماوەکەی کورت بووە، رەسالەتی پێشمەرگە پاراستنی کۆمار لە مەترسییەکان و دابینکردنی نەزم و ئاسایشی کوردستانە.

لە قۆناغی خەبات بۆ ئازادی دا ئەرکی پێشمەرگە لە لایەک بەربەرەکانی لە دژی مەترسییەکانی رێژیمە دیکتاتۆرەکانە و لە لایەکی دیکەش پاراستنی بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی کوردە. لەم قۆناغەدا تێکۆشانی حیزبی و سیاسی لەگەڵ پێشمەرگایەتی لێک جیا ناکرێنەوە. ئازادیخوازی کورد هەمیشە مەترسیی دوژمنانی لەسەرە، بۆیە هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی سیاسی دا ئەرکی پێشمەگایەتییشی دەکەوێتە سەر شان. بۆیە پێشمەرگە هەر لەو کاتەدا کە چەکی دیفاع و بەربەرەکانیی بە دەستە، دەکرێ روونکبیرێکی سیاسی، نووسەر، شاعیر، هونەرمەند و خوێندەوارێکی شارەزاش بێ.

### وێنایەکی گشتی لە پێشمەرگە:

پێشمەرگە بریتییە لەو پیاو و ژنە کوردانەی کە توانا ئینسانییەکانی خۆیان خۆ بەخشانە لە پێناوی ئازادی و مافەکانی نەتەوەکەیاندا تەرخان دەکەن و لەو رێگایەدا ئامادەن گیانی خۆیان ببەخشن.

---

ڕۆژەڤی ئێران

# خۆڕێکخستنەوەی ڕیفۆرمخوازەکان



حەسەن شێخانی

سەرەڕای ئەوەی کە ریفۆرمخوازەکان، پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ١٣٩٢، پشوویەکیان هاتەوەبەر و، جموجۆڵ و چالاکییان زیاتر بووە، بەڵام هەتا ئێستاش فەزای تێکۆشانی بەربڵاویان نییە و ریفۆرمخوازەکان بۆ لەبار بوونی مەیدانی کردەی سیاسیی بەربڵاو، لە هەوڵ دان و لەم پێناوەدا کۆمەڵێک رێکار و پێشنیاریش دەخەنە روو.

رەشەمەی ١٣٩٤، هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و مەجلیسی «خوبرەگان» لە ئێران دا بەڕێوە دەچن، بەم هۆیە ریفۆرمخوازەکان خەریکی خۆڕێکخستنەوە و خۆئامادە کردنن، بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەری زۆر بنێرنە ئەو دوو مەجلیسە. لەم گۆشەیەدا هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر چۆنیەتیی جموجۆڵ و خۆئامادە کردنیان. هەوڵ دەدەم وەک خۆی و، بەڵگەمەند و بە پشت بەستن بە وتار و لێدوانەکانی خۆیان، لێکدانەوەیان بۆ بکەم(نە لە روانگەی دێموکراسی و ئەوەی کە مافی منیان وەک کورد قبووڵە! ئەمە مەجالێکی دیکەی دەوێ). بێ گومان ریفۆرمخوازەکان باڵێکی نێو سیستمن و هەوڵ بۆ پاراستنی دەدەن، هەر کات باسیان دەکەین، دەبێ ئەو راستییە لە بەرچاو بگرین.

١)ئەمیر موحبیان ئیستراتیژیستی ئوسوولگەرا، ریفۆرمخوازەکان بە سێ گرووپ دابەش دەکا: ئەلف) رەوتی رادیکاڵ یان رەوتی سەوز، کە سیستم هەستیارییەکی زۆری لە هەمبەریان هەیە و لە لایەن بە تایبەت بەشی توندئاژۆی ئوسوولگەراوە بە دەرچوو لە چوارچێوەی سیستم دەژمێردرێن. ب) مەیلی ریفۆرمخوازیی بە ناوەندێتی محەممەد خاتەمی، کە وەک موحببیان باسی دەکا سنووربەندییەکی روونیان لەگەڵ رەوتی سەوز نەکردووە و نەیانتوانیوە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ سیستم باش بکەنەوە. ئەوانە لە پشت سەری روحانی هەنگاو دەنێن بەو هیوایە کە فەزاکە بگۆڕدرێ و دەرەتانی چالاکییان زیاتر ببێ. ج) گرووپی سێهەم کە پێوەندیی باشیان لەگەڵ سیستم هەیە[ئەمانە لە لایەن بەشێک لە ریفۆرمخوازانەوە بە ریفۆرمخوازی ناراستەقینە دەژمێردرێن]١.

٢)دوالیزمی ریفۆرمخواز-سیستم: ریفۆرمخوازەکان دەڵێن ئەو دوالیزمە لە لایەن باڵی بەرامبەرەوە بە شێوەیەکی ئامانجدار دێتە ئارا. ئەوان دەڵێن بەشێکن لە سیستم و، هەوڵەکانیان لە پێناو پاراستن و بەهێز کردنی سیستم دایە. ریفۆرمخوازەکان هەوڵ دەدەن متمانەی سیستم بە دەست بێننەوە و لەم پێناوەدا رەخنە لە توندڕەوی بەشێک لە چالاکانی باڵەکەی خۆیان لە رابردوودا دەگرن. د. ئەحمەد نەقیب زادە، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆکانی تاران، دەڵێ: ئەگەر ریفۆرمخوازەکان لە سەردەمی خاتەمی دا هەڵسەنگاوتر بجووڵابانەوە و ئەگەر توندڕەوی بەشێک لە ریفۆرمخوازەکان، کە سیستمیان ترساند، نەبایە، لەوانەبوو ئەحمەدی نژاد نەهاتبا سەرکار٢. واتە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد بە چەشنێک دەبەستێتەوە بە توندڕەوی ریفۆرمخوازەکان.

٣)ریفۆرمخوازەکان بە نیازن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە جیددی بەشداری بکەن. ئەوان دەڵێن پاسیڤ بوون و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان دا هیچ قازانجێکی نییە و لە رابردووشدا هەر کات وایان کردووە، زیانی هەبووە. موحسین رەهامی سەرۆکی کۆمیتەی هەڵبژاردنەکانی شۆرای هاوئاهەنگیی ریفۆرمخوازەکان، لە وتووێژێک لەگەڵ رۆژنامەی ئێران چاپی سێ شەممە، ٢٥ی سەرماوەز دا دەڵێ: بە تەماین لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداری بکەین و بایکۆت هیچ جێگەیەکی لە نێو گرووپە ریفۆرمخوازەکان دا نییە، تەنانەت ئەگەر ناچار بین لە کەسانی غەیرەریفۆرمخواز و میانەڕەو پشتیوانی بکەین. ئەو هەروەها دەڵێ: هەوڵ دەدەین کەسانی میانەڕەو و «موعتەدیل» بچنە مەجلیس و تەنانەت پێمان باشە کەسانی کارناسی ئوسوولگەرا بچنە مەجلیس نەک ریفۆرمخوازی توندڕەو[!]

٤)پێکهێنانی بەرە لەگەڵ ئوسووگەرا میانڕەو(موعتەدیل)ەکان: ئەم باسەش لە نێو ریفۆرمخوازەکان دێ و دەچێ. هەندێکیان باس لە پێویستیی پێکهێنانی بەرە لەگەڵ ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان دەکەن و کەسانێکیان دەڵێن کە ئەو بەرەیە بە شێوەیەکی نافەرمی لە نێوان ئەو دوو رەوتە دا هەیە. لەم پێوەندییەدا چەشنێک نیگەرانیش بەدی دەکرێ. ئیبراهیم ئەمینی ئەندامی حیزبی « ئیعتمادی نەتەوەیی» دەڵێ: «ئیتیلاف» لەگەڵ ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان دەبێ بە وردبینی و حیسابکراو بێ، بۆ ئەوەی کە روانینی خەڵک و پێگەی جڤاکییان لە ئاست گوتاری ریفۆرمخوازیی دا خەوشدار نەبێ و ریفۆرمخوازەکان نابێ لەو پێناوەدا لە هەڵوێستە شوناس بەخشەکانی خۆیان بێنە خوارێ٣.

٥)ریفۆرمخوازەکانیش بەهۆی نەبوونی حیزبی بەهێز و گشتگیر، لەگەڵ چەشنێک نارروونی گوتار و چوارچێوەی تەشکیلاتی بەرەوڕوون. لەم بارەوە محەممەد رەزا عارف دەڵێ: ریفۆرمخوازەکان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە دروشم و گوتاری خۆیان لە چوارچێوەی رێکخستنێکی یەکگرتوو دا جێگیر بکەن. ئەو باس لە پێویستیی دارشتنی مانفێستێکی ریفۆرمخوازیی دەکا٤. ئیلاهە کولایی چالاکێکی دیکەی ئەو باڵە دەڵێ: ئێمە پێش هەموو شتێک پێویستمان بە پێناسەیەکی روون و دیاریکراو لە خۆمان هەیە بۆ ئەوەی کە هەلومەرج بۆ کردەی کاریگەریی سیاسی پێک بێنن٥.

٦)ریفۆرمی کۆمەڵگاتەوەر-دەسەڵات تەوەر: ئەمەش باسێکی دیکەیە کە لە نێو وان‌دا دەکرێ. ئیلاهە کولایی دەڵێ: «ریفۆرم هەم کۆمەڵگاتەوەرە و هەم دەسەڵات تەوەر. دابەزاندنی ریفۆرمخوازیی بۆ کۆمەڵگاتەوەری کارێکی هەڵەیە کە لە لایەن هەندێک لە چالاکانی ریفۆرمیستەوە دەکرێ. گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بە پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێن. بەدەست هێنانی دەسەڵات یەکێک لە ئامانجەکانی ریفۆرمخوازەکانە، بۆ ئەوەی کە بە کەڵک وەرگرتن لێی، بتوانن ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری پێک بێنن».

**پەراوێزەکان:**

**١)رۆژنامەی ئیعتماد، یەکشەممە، ٢٣ی سەرماوەز**
**٢)ئیعتماد، دووشەممە، ٢٤ی سەرماوەز**
**٣و٥)ئیعتماد، چوارشەممە، ٢٦ی سەرماوەز**
**٤)ئیعتماد، سێ شەممە، ٢٥ی سەرماوەز**
**تێبینی: «نقل قول»ەکان زیاتر «نووسینەوە بە نێوەرۆکن».**

# مانگرتنی زیندانیانی ورمێ و ئاراستەی داخوازییەکان



فەردین کەریمی

زیاتر لە یەک مانگ بە سەر مانگرتن لە خواردنی ٢٩ (کە دواتر بوون بە ٢٧کەس) بەندکراوی سیاسی زیندانی ورمێ کە لە رۆژی پێنجشەمە ٢٩ی خەزەڵوەری ئەمساڵ (٢٠ نوڤامبر) ولە سەر داخوازییە یاسایی و رەواکانی خۆیان مانیان لە خواردن گرتوە تێپەڕدەبێ. بارودۆخی دەروونی و جەستەیی ئەوان هەر رۆژ روو لە خراپتر بوون دەکا و تائێستا هیچ وەڵام دانەوەیەک لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە نەدراوەتەوە. دەقی ئەم وتارە لە سێ رەهەندا بابەتی مانگرتنی زیندانیانی سیاسی زیندانی ورمێ تاوتوێ دەکات. هەرچەند پێداگری لە سەر ئەوەیە کە چۆناوچۆن کاربەدەستانی ئێران هەوڵیان دا بە هەر جۆرێک بلوێ ئاڕاستەی مانگرتنەکان بەرەو ئاقارێکی‌تر بەرن. بەڵام بە پێی زانیارییەکان و ئاکامی مانگرتنەکە دەرکەوت کە مانگرتوان توانیان بە خۆڕاگری لە بردنە سەری داخوازی و مافی خۆیان سەرکەون.

یەکەم دەور و کاریگەریی زیندانیانی سیاسی لە سەر بزاڤی مەدەنی خەڵکی رۆژهەڵات بە گشتی و پێوەندی قایم و نەپچڕاوە لە نێوان ئەواندا و پەیامی ئازادی و پێداگرتن لە سەر ئامانجە بەرزە ئینسانییەکان بوو. داخوازیی مانگرتووان بریتین لە کۆتایی هینان بە زەخت و زۆر و هەڕەشەی کاربەدەستانی زیندان لە سەریان و گەڕانەوەی ئەو زیندانیانەی وا لە بەندی ١٢ بۆ بەندی زیندانیانی ئاسایی، ئەو بەندەی وا کەسانێکی تووش بوو بە مادەسڕکەرەکان و جۆرەکانی نەخۆشینی وەک ئیدز و هێپاتیت و هتد تێدایە و هاوکات ئەو کەسانەی کە زیندانیی ئاسایی لەو چەشنەن بگەڕێننەوە بۆ بەندی خۆیان.دیارە بە پێ یاسا مادەی ١ لە یاسای پۆلێنبەندی بەندییەکان، هەر بەندکراوێک دەبێ لە دەستەی تایبەت بە خۆیدا جێ بدرێ و باری سڵامەتی و جۆری تاوان لەبەر چاو بگیرێ. کەوابوو داوای مانگرتووان خواستێکی رەوایە و لە سەر بنەمای یاسایی دەڕوا. پەیامی مانگرتووان بە خێرایی گەیشتە زیندانییەکانی دیکەی ئێران و ئەوان بە تاک و بە کۆ پشتیوانییان لەم مانگرتنە کرد. زیندانیە سیاسیەکانی زاهیدان، سنە، زیندانی رەجایی شاری کەرەج، هەموو زیندانییە سیاسییە کوردەکان لە زیندانەکانی باشووری ئێران بە دەنگی زیندانیانەوە هاتن و لەو مانگرتنەدا بەشدار بوون. کەسایەتیگەلێکی وەک بەدیع حسێن‌پناهی مەسعوود شەمس‌نژاد سەرەرای ئەوەی کە خۆیان لە ژێر گوشار و زەختی زۆردا بوون بەم مانگرتنە گشتییە پەیوەست بوون. لە لایەکی ترەوە دەوری کاربەدەستانی ئێران لە بە لارێدا بردنی ئەم رەوتە بەرچاوە. بە پێ سەرچاوەکان لە دەسپێکدا ٥٤ کەس لە زیندانیان لە مانگرتنەکەدا بەشدار بوون کە جگە لە کوردەکان شارۆمەندانی تورکیشی تێدا دەبینرا. دروست یەک رۆژ دوای ئەوە واتا رۆژی پێنجشەمە ٢٩ خەزەڵوەرئەم ٥٤ کەسە بوون بە ٢٩ کەس‌و ئەوانی تریان جیا کردەوە و بۆ شوێنێکی دیکەیان راگواستەوە. لە دواییدا تەنیا زیندانییە سیاسییە کوردەکان لە سەر مانگرتن مانەوە. زۆر ئاشکرایە کە ئەم جیا کردنەوەبۆ دەس بە سەرداگرتن و کۆنترۆڵی باشی دۆخەکە و پچڕانی پێوەندی لە نێوان بەندکراوەکان و پێش گرتن لە پەرەسەندنی مانگرتن بوو. بەرێوەبەرانی زیندان دەستیان دایە هەڕەشە و گوشار و بەندی ١٢ی زیندانی ورمێیان خستە ژێر فشار و بە گازی فرمێسک رێژ و گاردی تایبەت هەردەم یان هەڵیاندەکوتایە سەر مانگرتووان و یان هەڕەشەی هێرش کردنیان دەکردە سەریان. تەلیفۆنەکانی ناو زیندانیان داخست، زیندانییەکانیان بە شێوەی نامرۆڤانەو بە دوور لە یاسای ناو زیندانەکان رووت کردەوە و لە کاتی دیداری بنەماڵەکانیان بە شێوەی جوراوجۆر بەربەستیان لە بەرانبەریاندا دانا و لە رێگای سووکایەتی کردنەوە هەوڵیان دەدا ورەیان دابەزێنن. گواستنەوەی مەنسوور ئاروەند و مەسعوود شەمس نژاد بۆ شوێنێکی تر نموونەیەکی ترلەم هەوڵانە بوو. بەم شێوە تەنیا ٢٧ کەس لە ٥٤ زیندانییە ئەوەڵییەکان مانەوە. کاربەدەستانی زیندان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەمەش قەناعەتیان نەهێنا و زەخت و گوشارێکی زۆریان خستە سەر بنەماڵەی زیندانییەکان، بۆ ئەوەی کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن.

راستە حکوومەتی ئێران دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆرە کە هەموو فاکتەرەکانی رێژیمێکی دیکتاتور لە خۆ دەگرێ، راستەوخۆ مافی مرۆڤ و پرینسیپ و بنەما ئینسانییە نێونەتەوەییەکان لە ژێر پێ دەنێ و هیچ جۆرە ئێخلاقیکی ئینسانی لە بەرچاو ناگرێ، بایەخێکی ئەوتۆ بۆ ژینگە و کەشوهەوا دانانێ، ژنان دەچەوسێنێتەوە، ژمارەی ئێعدامییەکان، زیندانیانی سیاسی و هتد کۆمەڵێک لەم فاکتەرانەن کە مۆرکی دیکتاتور بوون لە بەرۆکی رێژیم دەدەن. بەڵام ئەم مانگرتنە لە خۆیدا هەڵگری هەر ئەو ئامۆژگارییە وا عەدنان مەکیە لە زمانی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ جۆرج بووش سەرۆک کۆماری دەورەی پێشووی ئامریکا لە بەربەرەی شەڕی عێراقدا دەکات. مەکییە دەڵێ ئەگەر جارێکی تر ئامریکا هێرشی بردە سەر عێراق بە جۆرج بووش بڵێن کە سەدام حوسێن وەک فەرمانڕەوا کۆنەکانی مێسۆپۆتامیا لە هەموو چەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ناترسێ و تەنیا ترسی لەوەیە کە لە بەرابەر دوژمنەکانیدا ریسوا بێ و شکۆی دابەزێ، دیارە گەورەترین دوژمن بو ئەم فەرمانڕەوایانە لە ڕوانگەی مەکییەوە بۆ سەدامەکان خەڵکەکەی خۆیانن و تەنیا ترسیان لە خەڵکی خۆیانە. بەم پێیە و لە رەهەندی سێهەمەوە روانین و چۆنیەتی مامەڵە کردن‌و بەرەورووبوونی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی، رۆشنبیران چالاکانی مەدەنی‌و هەڵسوراوانی سیاسی، ئۆپۆزسیۆو رێکخراو و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ئەم مەسەلەدا دەخرێتە بەر باس.

خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆشنبیران و چالاکانی مەدەنی ناوخۆ دەیانتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر پشتیوانی ئەم رەوتە بن، بەڵام تا رادەیەکی زۆر بێدەنگییان هەڵبژارد. ئەگەرچی هەڵوێست گرتنی خەڵک و هاتنە مەیدان لەم چەشنە بۆنەگەلەدا رێکخستن و کاری هاوبەشی دەوێ و ئەم باسە لە تاقەتی ئەم وتارە بەدەرە، بەڵام خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەیانتوانی وەک ئەوەی خۆبەخشانە لە زۆر پرسی نەتەوەییدا، کە لەم دواییانەدا هاتە ئاراوە وەدەنگ هاتبان. پێویستە ئاماژە بکرێ ئاستی بڕوا بەخۆ کردنی خەڵک پێوەرێکی باشە بۆ هەر جۆرە ئەگەرێک لە هەر وڵاتێکدا . سەرەتا ئەو رەخنەیە یەخەی حیزب و لایەن و رێکخراوە کوردییەکان دەگرێ کە بۆچی دوای تێپەڕینی زیاتر لە یەک مانگ لە مانگرتنی زیندانییە سیاسییەکان نەیانتوانی بەیاننامەیەکی هاوبەش یان چالاکییەکی هاوبەش رێک بخەن؟ ئەگەرچی پێشتر لە ئەدەبیاتی هەندێ لایەندا بانگەشەی کاری هاوبەش کرابوو بەڵام لایەنەکانی تر بەرەو پیری ئەم دەنگەوە نەهاتن. ئەوە ئەرکی سەرشانی هەر لایەن و حیزبێک بوو کە بۆ خۆی بەیاننامە و پشتیوانی خۆی لەم مانگرتنە دەربڕی بەڵام ئایا ئەگەر بەیاننامەیەکی هاوبەش بایە هێز و گوشارێکی زیاتری نەدەخستە سەر کاربەدەستانی ئێران؟ ئایا دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش و هاوهەڵوێستیەکی لەم چەشنە کردەوەیەکی دوورلە چاوەڕوانیی و خەیاڵییە کە تاکی کورد نەتوانێ پێی بگا؟یەک ساڵ پێش ئێستا و بە بۆنەی لە سێدارە دانی لاوانی کورد کەمپێنێک بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی و بەرگرتن لە ئێعدامی لاوانی کورد رێک خرا کە توانی لە رۆژێکی دیاری کراودا زۆربەی حیزبە کوردییەکان و لایەن و رێکخراوەکان و تاکە سیاسی و مەدەنییەکان لە کردەوەیەکی نیشتمانیدا کۆ بکاتەوە. لە جۆری خۆیدا ئەو کەمپینە توانی ئەو پەیامە بە خەڵکی کورد بدا کە ئەگەر کارێکی هاوبەش بۆ پرسێکی نەتەوەیی بە رێکەوێ تا چەندە دەتوانێ کاریگەر بێ. ئایا لە جیاتی بەرەو پێش چوون دەکرێ بڵێین حیزب و لایەنەکان لە پرۆسەی تەبایی و پێکەوە بوون و کاری هاوبەشدا بۆ دواوە گەڕاونەتەوە؟ ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک بوتە مایەی سەرسوڕمان، بێدەنگی کۆمەڵگا نێو دەوڵەتییەکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و سازمان و لایەنە سیاسیەکانە. رەنگە بێدەنگی کردن لە هەمبەر پرسێکی گرینگی لەم جۆرە هۆکارێکی سیاسی لە پشت بێ بەڵام مادام کە تاک، لایەن، رێکخراوە و وڵاتێک لایەنگری مافی مرۆڤە، دەبێ ئەو دروشمە بە کردەوەیی کات.



خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆشنبیران و چالاکانی مەدەنی ناوخۆ دەیانتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر پشتیوانی ئەم رەوتە بن، بەڵام تا رادەیەکی زۆر بێدەنگییان هەڵبژارد



# «یەکگرتن» گەڕانەوە بۆ دوێنێ، یا داهاتووی هاوبەش!



خالید محەممەدزادە

دەستەواژەی «یەکگرتن» لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوو لە ئەدەبیاتی نوسین‌و زارەکی ئێمە، زۆرترین رووبەری بە خۆوە پاوانکردوە. لە سەدان وتاری سیاسی‌و تێکستی ئەدەبی‌و ژانرەکانی تری نوسین‌و دەربڕین ئەم دەستەواژەیە زۆرترین قسەی لە سەر کراوە بەڵام هەتاکوو ئێستاش چەمکێکی غایب لە واقێعی ئێمەیە.

بە هەموو ئەو مێژووە لە پیاهەڵدان بە «یەکگرتن»و قسەکردن لە سەر پێویستی «یەکگرتن»، گوتاری یەکگرتن، لەم ماوە زەمەنیە جگە لە هەندێک قوناغی سیاسی لە کارکردی حیزبی کە ئەویش لە دواجار گەیشتوە بە ئینشعاب، نەیتوانیوە لە گوتاری نێولاپەڕەکان‌و حەزێک بگوازرێتەوە بۆ گوتارێک کە چەتریک بۆ داهاتووی هاوبەشی یەکگرتنخوازان بێت.

ئەم گوتارە کە زۆرترین رووبەری نێو ئەدەبیانی سیاسی ئیمەو گوتاری حیزبی داگیرکردوە لەپراکتیکدا گەڕانەوە بووە بۆ دوینێیەکی لێکهەڵبڕاوو بونیاددانی هەمان ساختارو هەمان کەلتووری ئینشعابزا. گوتاری یەکگرتن هەوڵێک بووە بۆ پێکەوە لکاندن‌و پێکەوە دروونەوەی دوو لایەنی جیابۆوە، بە بێ ئەوەی کار لە سەر بنەبڕکردنی کەلتووری لێکدابران‌و ساختاری نادیموکراتیکی ئەم هێزانە بکرێت کە هەر چەند ساڵێک ئینشعابێک بە دیاری دێنن.

واتە هەوڵی یەکگرتن پێش ئەوەی هەوڵێک بێ بۆ بونیادنانی داهاتوویەکی هاوبەش لە سەر ساختارو کەلتووری دیموکراتیک‌و بونیادنانی ماڵێک بۆ هەمووەمان، هەوڵێک بووە بۆ وەسەریەککەوتنەوەی دوو لایەنی لێک دابڕاو و گەڕانەوە بۆ رابردوویەک کە ئێستایەکی لێکدرابراوی بونیاد ناوە.

گوتاری یەکگرتن لە فەزای حیزبی‌و سیاسی رۆژهەڵات، گوتارێک نەبووە بۆ دامەزرانی چوارچێوەیەکی دیموکراتیکی هاوبەش کە لانیکەمی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا خۆیان تێدا ببیننەوەو ئەم گوتارە، گوتارێکی داخراوی حیزبی بووە بۆ لە دەوری یەک خڕکردنەوەی هاوڕێیانی لێکدابراو، کە ئەمەش قەیرانی گەورەی پێکەوە هەڵکردنی لە گەڵ خوی هێناوەو تەنانەت نەیتوانیوە دوو لایەنی لێکدابراویش بۆ هەمیشە بەیەک شاد بکاتەوەو لە زەرفێکدا بیانحاوێنێتەوە.

بەو حالەش قسەکردن لە سەر «یەکگرتن» بەبێ قسە لە سەرکردن بۆ بونیادانی داهاتوویەکی هاوبەش بۆ هەمووان‌و کۆکردنەوە لە ژێر چەترێکی کوردستانی بە جۆرێک کە تیادا لانیکەمی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا هەست بە بونیان تیادا بکەن، دیسان قسەکردنە لە سەر فۆرمێکی حیزبی کلاسیکی کە ئەم فۆرمە تا ئێستاش نەیتوانیوەە قەیرانەکانی پێکەوە هەڵنەکردنی هەناوی خوی چارەسەر بکات، چ بگات بەوەی فۆرمێک بێ بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکانی دەرەوەی خۆی.

ئەوەی پێویستی گشتاندن‌و بە کوردستانی بوونی چەمکی یەکگرتن دێنێ، تەنیا لێکدابڕانی چەند هێزی سیاسی نیە، بەڵکوو لێکدابڕانی کۆمەڵگایەکە کە هیچ فۆرمێکی هاوبەش نیە بۆ کۆکردنەوەیان‌و هاوکات قسەکردنە لە سەر فۆرمی یەکگرتنی حیزبی ئەوەندەی تر ئەم لێکدابڕانەی لە کۆمەڵگا قووڵتر کردۆتەوە.

**بۆ ئەوەی چەمکی یەکگرتن ببێت بە واقیع دەبێت لەسەر دوو ئاست قسەی لە سەر بکەین:**

**ئاستی حیزبی:**

لەم ئاستە وەسەریەکخستنەوەی دوو باڵی حیزبی لێکدابراو ئەگەرچی بەپلەی یەکەم دێت، بەڵام بە بیێ قسەکردن لە سەر بونیادنانی حیزبی سێهەمی جیاواز لە دوو حیزبی لێکدابراو بە جۆرێک کە یەکگرتنەوە لە سەربنەمای هەڵتەکاندنی کەلتوورو ساختاری حیزبی ئینشعابزا نەبێت، کار ساز نیە. واتە یەکگرتن تەنیا هەوڵێک نیە بۆ ماڵاوایی لە دوو حیزبی هاوناو ، ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ دامەزرانەوەی حیزبێکی نوێ کە درێژکراوەی هەمان ساختارو هەمان کەلتووری ئینشعابزا نەبێت.

ئاستی کوردستانی بوون:

بە هەمان پرش‌و بڵاوی هێزە سیاسییەکان، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی هەلا هەلا کراوو لێکدابڕاو دەژین، بە جۆرێک هەوڵ دراوە هەموو بنەماکانی پێکەوەژیان‌و بەرپرسبوون بەرامبەر بە کۆمەڵگا نەمێنێ‌و کۆمەڵگایەکی لێکدابڕاو بمێنێتەوە، بە جۆرێک کە کەس بەرامبەر بە کۆمەڵگا هەست بە بوونی بەرپرسیارەتی نەکات.

ئەمەش وا دەکات کە یەکگرتنی حیزبی دەبێت ببەسترێتەوە بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵگا بە جۆرێک کە هەم دابڕانی حیزب‌و کۆمەڵگا پڕ بکرێتەوەو هەم کۆمەڵگا بتوانێ لە گوتاری یەکگرتنی حیزبی خۆی ببینێتەوە.

**کۆتا قسە:** ئێمە پێویستمان بە بوونی فۆرمێک لە یەکگرتنەوەیە کە بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە دابڕان بکات‌و بتوانێ چەترێک بێ بۆ لانیکەمی جیاوازیەکانی کۆمەڵگا، بە جۆرێک کە یەکگرتنەوە لە سەر بنەمای دانپیانان بە جیاوازییەکان بێت، نەک سڕینەوەیان، ئەویش لە سەر پێکهێنانی فۆرمیکی هاوبەشی دیموکراتیک کە هەموان خۆیان‌و داهاتوی خۆیان تیادا ببیننەوە.

# رۆژهەڵات تەوەری: پرەنسیپێکی کاتالیزۆر بۆ خەباتێکی هاوبەش و بووژاوە

**(بەشی یەکەم)**



ئاسۆی حەسەن زادە

**شەرعییەتی رۆژهەڵات تەوەری: لە رۆژەڤ کەوتنی رۆژهەڵات**

ئەگەر زەرفی زەمەنی بۆ ئاوڕدانەوە لە پاشخانی بزوتنەوەی کورد لەو سەردەمەوە دابنێین کە مەسەلەی کورد بیچمی هاوچەرخی بەخۆیەوە گرتوە و هۆشیاری نەتەوایەتیی کورد چۆتە نێو قالبێکی رێکخراو و مۆدێرن و جەماوەرییەوە، بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان درێژترین رابردووی لە تێکۆشان و بەرهەمهێنانی هێماکان و مۆدێلسازیی سیاسی نەک هەر بۆ کورد لە ئێراندا، بەڵکوو بۆ سەرجەم بزوتنەوەی کورد هەیە. لانیکەم لە دوو برگەی گەورەی مێژووی نوێی کورددا (پاش شەڕی دووەمی جیهانی و دوای ئینقلابی ئێران) ئەوە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ببووە رووگە و پەناگا و ناوەندی بارستایی هەموو بزوتنەوەی کورد.

ئەوە کە ناوەندی بارستایی پرسی کورد لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە پارچەیەکی کوردستانەوە بۆ پارچەیەکی دیکە بگوازرێتەوە شتێکی زۆر سروشتییە. ئەمڕۆ سەرەڕای زیندوویی و بەردەوامیی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان (شتێک کە بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوت و زەبر و زەنگی رێژیم دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی گەواهیی بۆ دەدا)، لەبەر زۆر هۆکار مەسەلەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان کەمتر لە رۆژەڤدایە. هۆکارەکان بەشێکیان هۆکاری ستروکتور (ساختاری)ین و بەشێکیشیان پێوەندییان بە هەلومەرجەوە هەیە. لەریزی هۆکارە دائیمییەکاندا دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین: جێگە و پێگەی جیاوازی کورد لەرووی سیاسی و حقووقی و بالانسی دێموگرافییەوە لە ئێراندا و ئاڵۆزتربوونی پێوەندییە مێژوویییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا بەبەراورد لەگەڵ هەمان شت لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، نەبوونی پاشخانێکی ئیستعماری لە ئێراندا (بە مانا مۆدێرنە حقووقییەکەی) کە وەک لە عیراقدا دانپێدانان بە مافی کەمینەکان و بەنێونەتەوەیی کردنی پرسەکەیانی لێ کەوتبایەوە، نەبوونی بەستێنی دێموکراتیزاسیۆنی حاکمییەت و باڵکێشانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کە جیا لە ئینکار و سەرکوت بە هەموو رێگایەکیش لە هەوڵی کپ کردنی دەنگی کورد و داپۆشینی پرسیەکەیدایە، خیسڵەتی دێموکراتیک و فرەچەشن و تا رادەیەکیش بەهاگەرایانەی کوردەکانی رۆژهەڵات خۆیان کە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەم دابەشبوون و پارچە پارچە بوونیان تێ بکەوێ و هەم لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا دەست بۆ هەموو کارێک نەبەن و مەیدانی مانۆڕی خۆیان بە کۆمەڵێک خەتی سووری ئەخلاقی و نەتەوەیی (کە ئەمانە بەجێن) و بە ژمارەیەکی زۆریش «بڤە» و تابوو (کە ئەمانە شیاوی پێداچوونەوەن) بەرتەسک بکەنەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ژێئۆپۆلیتیک و هۆکارەکانی پێوەندیدار بە هەلومەرجیش، هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە مەوقعییەتی ژێئۆستراتژیی ئێران بەتایبەتی لەبواری سەرچاوە و رێڕەوەکانی وزە و یاریی فێڵبازانەی رێژیم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا و توانای تێکدەرانەی رێژیم لە ناوچەدا لەرێگای گرووپە توندڕەو و تێرۆریستییەکانەوە کە هەمووی ئەمانە دەرەتانی ئەوەیان داوەتێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵیدا بکەوێتە سات و سەودا و سازان، هەروەها بارودۆخی نوێی ناوچە و مەوقعییەتی نوێی هەرێمی باشووری کوردستان بکەین. هەر لەو سۆنگەیەوە پێویستە ئاماژە بە هەوڵ و پیلانی لە پەراوێز خستنی رۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ کە ئەگەر روونە سەرچاوەکەی کۆماری ئیسلامییە، زۆر روون نیە کە بە کوێ کۆتایی دێ و بە ئەگەری زۆر، بە شێوەی ئاگایانە یا نائاگایانە درێژکەرەوەی خۆماڵیی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا هەیە.

جیا لەوە کە هەر هێزێکی بەرپرسیار پێویستە بۆ هەر قۆناغێک لە خەبات هەبێ قەناعەت نەکەین، بەڵکوو هەوڵ بدەین بیرۆکەکە بە چەشنێک خورد بکەینەوە کە پێناسەیەکی روون و فۆرموولەکراو هەم لە دەروونی خۆیدا و هەم لەپێوەندی لەگەڵ چەمک و دیاردە پێوەندیدارەکانی دیکەدا بخەینە بەر دەست و بە مەفهوومێکی کارا بگەین کە تەنیا و تەنیا تابعی واقعییاتی کاتیی رۆژ نەبێ، بەڵکوو خیسڵەتێکی پێکهاتەیی و دائیمییش بەخۆیەوە بگرێ.

ئەگەر بمانەوێ رۆژهەڵات تەوەری رۆڵی ئەو پرەنسیپە کارییە بگێڕێ کە بەشێوەیەکی بەسوود ئاقاری روونی ستراتژیک بخاتەوە بەردەم تێکۆشەران و خەباتگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە ئەو چەمکە لە دروشم یان سیاسەتی بەکردەوەی لایەنێکەوە بگوازرێتەوە بۆ پرۆژەیەکی خەباتگێڕانەی هەمەلاگیر. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە رێککەوتن یا لانیکەم لێک تێگەیشتنێکی رێژەیی لەنێوان زۆربەی هەرە زۆری ئەکتەرەکانی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەم سەبارەت بە بنەما و نێوەرۆکی رۆژهەڵات تەوەری و هەم سەبارەت بە رێکارەکانی جێبەجیکردنی هاوبەش یا لانیکەم هەماهەنگی ئەو پرەنسیپە بێتە دی. بێگومان پێناسەکردنی رۆژهەڵات تەوەری و دیاری کردنی رێکارەکانی جێبەجێکردنی، تەواو لەگەڵ یەکدی لەپێوەندیدان و وڵامدانەوە بەو پرسیارانەی لەبواری پێناسە کردنی رۆژهەڵات تەوەریدا دێنە پێش، هەرلەوکاتەدا دەستنیشانکردنی رێکارەکانی جێبەجێکردنی رۆژهەڵات تەوەریش ئاسان دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە رۆژهەڵاتتەوەری وەک چەمک و وەک پرەنسیپێکی کاری لە چەند مانگی دواییدا لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەرجەستە کراوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ئەسڵە رەگ و ریشەی لە رابردووی دەیان ساڵەی خەباتی کورد لە هەڵسەنگاندنەوەی کارتێکەری و چاوەڕوانیی نێوان ئەم پارچەیەی کوردستان و پارچەکانی دیکەیە. بێگومان ئیدەئال ئەوە بوو کە خەباتی سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی سەراسەریدا رێک بخرێ کە بەپێی ئاجێندایەکی یەکگرتوو بچێتە پێش و هەموو پارچەکانی کوردستانیش وەک یەک باجی بۆ بدەن. بەڵام مادام ئەو ئیدەئالە نە ئێستا و نە تەنانەت لە دوورەدیمەنێکی نێوەندخایەنیشدا وەدی نایە و لەولاشەوە ژێئۆپۆلیتیک و هەلومەرج و بەستێنە نێوخۆییەکان بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان وەکیەک دەست نادەن، نە رەوایە و نە تەنانەت بە قازانجی چوونە پێشی مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشیە کە مەسەلەی کورد لە پارچەکانی دیکەدا بخەوێندرێ یان ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی کوردستاندا لەرادەبەدەر بکەوێتە ژێرکاریگەریی بارودۆخ و ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا.

ئەوە بەو مانایە نیە کە کورد هەمووی بەسەریەکەوە بیر لە بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیی نەکاتەوە. بێگومان نەک تەنیا وەک ئەندامانی نەتەوەیەک، کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەبێ لە بەرامبەر یەکتردا خۆیان بە بەرپرسیار و هاوسۆز بزانن، بەڵکوو قازانجی هاوبەش و بەجیای هەر کامیشیان لە بەهێندگرتنی مەوجوودییەتی یەکتردایە، چونکە داخوازیی سیاسیی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا ئەو وەختە باشتر شەرعیەت وەردەگرێ کە بوونی کورد لە وڵاتانی دیکەدا و دابەشکرانی وڵاتی کوردان بە بێ رەزامەندیی خۆیان بەرجەستە بکرێتەوە. لەو بوارەدا بێگومان بەستێن و بۆشاییەک بۆ یەکخستنی روانین و هەڵوێستەکان و تەنانەت کاری هاوبەشی نەتەوەیی لەنێوان کوردی هەموو پارچەکاندا دید و روانینی خۆیەوە راڤە دەکا و دایدەڕێژێ. دیارە ئەو کێشەیە تەنیا تایبەت بە کورد نیە و حاڵەتی لەو چەشنە لە دنیادا کەم نین (بۆ نموونە کۆمکاری عەرەبی لە ماوەی نزیک بە حەفتا ساڵ تەمەنی خۆیدا هەرگیز نەیتوانیوە پێناسەیەکی روون لە هاوبەشییەکانی وڵاتانی عەرەبی بخاتە روو کە لەڕووی سیاسییەوە کارا بێ یان لە ئورووپا هەوڵی هێندێک ناوەند بۆ هاوشێوەکردنی پرسی باسکەکانی فەڕانسە لەسەر مۆدێلی «وڵاتی» باسک لە ئیسپانیا هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە). بەڵام ئاڵۆزییەکانی ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد و هەموو ئەو مەترسی و دژوارییانەی تا ئێستاش هەڕەشە لە مەوجودییەتی سیاسیی کورد دەکەن بە رادەیەکن کە پێویستە بژاردە و هێزە سیاسییەکانی کورد لەو بوارەدا بەرپرسیارانەتر و لەخۆبردووانەتر رەفتار بکەن و لەو پێوەندییەدا رەنگە بتوانین بڵێین کە بارودۆخی ئێستای ناوچە بەتایبەتی پاش هێرشی داعش لە هەموو کاتێک زیاتر دەرفەتی پەسندکردنی روانینێکی کارا و ستراتژیکی لەو بوارەدا بۆ هەموو کورد پێک هێناوە.

بەهۆی نەبوونی ئازادی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و درێژبوونەوەی مەودای رووداوی ئاڵوگۆڕ، شتێکی سەیر نیە ئەگەر کوردەکانی رۆژهەڵات زۆر روویان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بێ. ئەوە هەروەها یەکێک لە شانازییەکانی کوردەکانی رۆژهەڵاتە کە هەروەک هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردی رۆژهەڵات سەبارەت بە شەڕی داعش و شەپۆلی هاوپێوەندیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کۆبانی دەریخست، بەرامبەر بە دۆخی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار و هەستیارن. بەڵام ئەو کاردابەشکردنە سروشتییە کە دابەشبوونی کوردستان بەسەر کوردەکانی داسەپاندووە وا دەکا کە هەڵوێست و چەمکی گونجاو و بەرۆژ بەرهەم بێنێ، شەرعییەتی بەرزکردنەوەی دروشمی رۆژهەڵات تەوەری لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە کۆی ئەم فاکتەرانە هەڵدەقوڵێ و ئەم دروشمە نەک هەر شتێکی خەیاڵی و داتاشراو نیە، بەڵکوو وڵامدەری زەروورەتێکی زۆر روون و کۆنکرێتە کە هەمان لە رۆژەڤ کەوتنی رۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی هێنانەوە نێو رۆژەڤی خەباتی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا و بووژاندنەوە و یەکخستنی ئەو خەباتەیە.

**بنەمای پێناسەکردنی رۆژهەڵات تەوەری و دەستنیشانکردنی رێکارەکانی**

یەکێک لە کەمایەسییەکانی کاری کوردەکان لە هەر ئاست و چوارچێوەیەکدا کە بیگرین هەمیشە بریتی بووە لە پشتگوێ خستنی ژێرخانی زانستی و بنەما تیئۆرییەکانی سیاسەت و خەبات. زۆربەی کات کورد لەبری ئەوەی تێ بکۆشێ بە دیدێکی ستراتژی و بە مێتۆدێکی زانستییەوە مەسەلەی خۆی لە خانەبەندیی چەمکە باوەکانی پێوەندیدار بە خەباتەکەی‌دا پێناسە بکا و چەمکسازییەکی خۆماڵی بەڵام گرێدراو بە جیهانی دەرەوەی بۆ بکا، هەموو سەرنج و وزەکەی تەنیا خستۆتە سەر مەسایلی مەیدانی و زەروورەت و پێویستییەکانی خەباتی رۆژ بە رۆژ. مەبەست لە چەمک (کانسێپت) ئەوەیە کە تەنیا بە بیرۆکەیەکی تەم و مژاوی یان بەرداشتێکی گشتی (نۆشن) کە دەکرێ لە دیاردە یا بابەتێکمان رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بزوتنەوەی کورد بە گشتیدا هەیە. بەو پێیە، رۆژهەڵات تەوەری لە نێوەرۆکدا بە مانای داهێنانی شتێک نیە کە پێشتر نەبووبێ، بەڵکوو بریتییە لە وەبیرهێنانەوە و گەڕاندنەوەی شتێک بۆ مەنزڵەتی پێشووی خۆی. هەروەک چۆن لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا باوە، رۆژهەڵاتتەوەرییش لە نێوەرۆکدا شتێک نیە جگە لە ئاکامگیریی بەکردەوە لە دابەشبوونی کوردستان و لەو تەزادە زاتییانەی مەسەلەی کوردیان پێ دەناسرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە رۆژهەڵات تەوەری هەر لەو کاتەدا کە بریتییە لە خۆناساندنەوەیەکی کوردەکانی رۆژهەڵات بە دنیای دەوروبەری خۆیان، پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی کۆمەڵێک مژاریش دەگرێتەوە کە پێوەندییان بە دینامیزمی نێوخۆیی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە:

**١/ خۆناساندنەوەی رۆژهەڵات لە بازنە فراوانترەکانی خەباتدا**

مانابەخشین بە رۆژهەڵات تەوەری پێویستی بە سەرنجدانەوەیەکی سەرلەنوێ بە جەوهەر و کارتێکەریی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر سێ بەستێنی کوردستانی و ئێرانی و نێودەوڵەتیدا هەیە.

**ئەلف. رۆژهەڵات تەوەری و کوردستانی بوون**

لە رەهەندی کوردستانیدا، رۆژهەڵات تەوەری بە مانای پێداچوونەوە بە جێگە و پێگەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر نەخشەی بزوتنەوەی کورد بە گشتی و هەیە کە پێویستە دەکار بخرێ و پڕ بکرێتەوە.

کێشەی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیی بەڵام لە پێناسەکردن و خوردکردنەوەیدایە. لەلایەک بەهۆی ئەو پێوەندییانەوە کە هەر پارچەیەکی کوردستان دەکرێ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی هەبێ و بەگشتی بەهۆی تەعامولی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە گۆشەنیگای ئەو وڵاتەوە کە ئەو پارچەیەی کوردستانی لێ هەڵکەوتووە، مەرج نیە بەرژەوەندییە کاتی و قۆناغییەکانی کوردی دوو پارچەی کوردستان هەمیشە وەکیەک بن، ئەگەر نەڵێین زۆر جار تەنانەت بەپێچەوانەی یەکتریشن. لەلایەکی دیکەوە، کێشەی کورد لەو بوارەدا نەبوونی ئالیەت و مەرجەعیەتێکی هاوبەش بۆ پێناسەکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەییە کە ئامانج و ئاجێندای خەبات بە چەشنێک دیاری بکا کە هەمووان پێڕەویی لێ بکەن (لەو پێوەندییەدا ئەزموونی [نە]بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هاوینی ٢٠١٣ دا نموونەیەکی بەداخەوە زۆر باش بۆ تەئیدی ئەو قسەیەیە).

راستییەکەی ئەوەیە کە نەک هەر لەسەر ئاستی هەموو بزوتنەوەی کورد، بەڵکوو زۆر جار تەنانەت لەنێوان هێزەکانی هەمان پارچەی کوردستانیشدا رێککەوتنێکی روون لەسەر وەها پێناسەیەکی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کە هەموو لایەنەکان کاری پێ بکەن، لەبەردەستدا نیە و هەر لایەنە ئەو بەرژەوەندییە و لە ئاکامدا ئاجێندای خەبات لە کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان پێشدا خۆی لە بەرامبەر بردنە پێشی خەبات لە پارچەکەی خۆیدا بە ئەرکدار و بەرپرسیار بزانێ. لەلایەکی دیکەوە، هاوپێوەندیی نەتەوەیی بۆ ئەوەی بەڕاستی مانا بدا پێویستە مژارێکی دوولایەنە بێ. هەروەک گوترا نە رەوایە و نە تەنانەت بە قازانجیشە کە پرسی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستان لەسەر حیسابی پرسی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا بچێتە پێش. بێگومان ئەوە کوردەکانی رۆژهەڵات بۆخۆیانن کە دەبێ مشووری بووژاندنەوەی خەباتی خۆیان بخۆن، بەڵام زۆر مایەی سەرسووڕمان و گومانە کە هێندێک کەس پێیان وایە پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەبێ تەنیا و تەنیا لەسەر حیسابی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بچێتە پێش.

ئەگەر قەرار بێ بۆ نموونە بەستێنی شۆڕشگێڕیی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرکی جێگە و پێگەی نوێ و نەهادینەکراوی هەرێمی کوردستان لە عیراقدا و لە ناوچەدا بکا، کەمترین چاوەڕوانی کە هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەتوانن لە هێزەکانی باشووری کوردستانیان هەبێ ئەوەیە کە ئەوانیش رۆژانی سەختتری خەباتی خۆیان و ئەو سەردەمەیان لەبیر بێ کە ئەوانیش ناچار بوون لە نەزمی مەوجوود یاغی بن و ئەوە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پشت و پەنا هەرە قایم و جێ متمانەکەی ئەوان بوو. پێداچوونەوە بەو ناهاوسەنگییە کە ئەمڕۆ لە هاوپێوەندی و دەرکی نێوان کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کوردی پارچەی دیکەی کوردستاندا هەیە پێویستی بە پەرەپێدان و نەهادینەکردنی دیالۆگی نێوخۆیی کوردان هەیە بۆ ئەوەی لەو شوێنەدا کە نالێکی لەنێوان بەرژەوەندییە کاتییەکانی کوردی دوو یا چەند پارچەی کوردستاندا دێتە پێش، پێکەوە تێبکۆشن بە چەشنێک بە تەفاهوم بگەن کە نە ئاجێندای خەباتی پارچەیەکی کوردستان ببێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ جێگە و پێگەی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و نە جێگە و پێگەی پارچەیەکی کوردستانیش ئاجێندای خەباتی پارچەیەکی دیکەی کوردستان پەک بخا.

رۆژهەڵات تەوەری بە هیچ جۆر بە مانای بێتەفاوەتی بەرامبەر بە پرسە کوردستانی و نەتەوەییەکان نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، رێک بە مانای جێبەجێکردنی کوردستانی بوونێکی کامڵ و عادڵانەیە. نەک هەر لەبەر ئەرک و ریسالەتی نەتەوەیی، بەڵکوو بەهۆی زۆریی بەربەستەکانی سەر خەباتی کورد لە رۆژهەڵات و داخراوی و گیرانی زۆر لە دەرەتان و بەستێنەکانی ئەو خەباتە و لەسەردەمێکدا کە هەموو رەهەندە سیاسییەکان پێکەوە گرێ دراون و کار لە یەکتر دەکەن، ئەوە بە قازانجی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشە کە بەستێنی کوردستانی وەک بوارێکی بەرێژ بۆ خۆدەرخستن و گەیاندنی دەنگی خۆیان چالاکانەتریش لە ئێستا بەکار ببەن.

پێناسەی رۆژهەڵات تەوەری لەجیاتی ئەوەی لەسەر تەزادسازی راوەستێ، بە مانای ئەولەویەتبەندییەکە بۆخۆی بەرهەمی مێژوویە و وا دەکا کە هەر پارچەیەکی کوردستان وێڕای بەشداری لە بەستێنی هاوبەشی نەتەوەییدا، تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێ و هێزەکانی هەڵقوڵاو لە هەر پارچەیەک بۆخۆیان نوێنەرایەتیی بەرژەوەندی و خواستەکانی ئەو پارچەیە بکەن و لە بەرنامەڕێژیی خەبات و تێکۆشانیاندا زۆرترین سەرنج و وزە بخەنە پێناو بردنە پێشی مەسەلەی کورد لە پارچەکەی خۆیان. مادامیش کە ئەولەوییەتی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ هی پارچەکانی دیکە جیاوازە و هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان بەپێی بەرژەوەندیی پارچەکەی خۆیان دەڕوانـنە پێوەندییە دەرەکییەکانیان، ناکرێ ئامانج و ئاجێندای خەباتی هیچ پارچەیەکی کوردستان بکرێتە پاشکۆ و حاسڵ جەمعی ئامانج و ئاجێندای بارودۆخ و خەبات لە پارچەیەکی دیکە.

**لەو شوێنەدا کە نالێکی لەنێوان بەرژەوەندییە کاتییەکانی کوردی دوو یا چەند پارچەی کوردستاندا دێتە پێش، پێکەوە تێبکۆشن بە چەشنێک بە تەفاهوم بگەن کە نە ئاجێندای خەباتی پارچەیەکی کوردستان ببێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ جێگە و پێگەی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و نە جێگە و پێگەی پارچەیەکی کوردستانیش ئاجێندای خەباتی پارچەیەکی دیکەی کوردستان پەک بخا**

# مافی مرۆڤ لای ئێمەو لای ئەوان!



کوێستان فتووحی

ماوەیەک لەمەوبەرهاووڵاتییەکی ڕەشپێستی ئەمریکایی لە تێکهەڵچوونێک لە گەڵ پۆلیسێکی وڵاتەکەیدا کوژرا. دوای ئەو ڕووداوە، خەڵکی زۆربەی شارەگەورەکانی ئەمریکا دژی ڕەفتاری توندوتیژئامێزی پۆلیس، ناڕەزایەتییان دەربڕیو ئەو کردوەوەی پۆلیسیان شەرمەزار کرد. لووتکەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئەمریکا ئەو کاتە بوو کە دادگا بڕیاری بێتاوانیی پۆلیسەکەی دا و حوکمی ئازادیی درا. هەڵبەت دادگا پێی وابوو کوژرانی ئەو لاوە ڕەشپێشە لە ڕووی ڕق و کینەو بیرکردنەوەی ڕەگەزپەرەستانەوە نەبووە و تەنیا بۆ کۆنترۆڵی ئەمنییەت و ڕوداوەکە نەخوازراو بووە و بۆتە هۆی کوژرانی ئەو لاوە ڕەشپێستە.

لێرەدا من ناچمە سەر وردەکاری ئەم ڕووداوە کە لە ئەمریکا ڕووی داوە کە بووە هۆی ئاڵۆزی لە شارەکانی ئەمریکا و دواتریش لێکدانەوە و تەفسیری جۆراوجۆری لێکەوتەوە. ئەوەی لەم بەشەیدا جێی سەرسووڕمانە میدیا و ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمی ئێران بوو کە بە جۆرێک مەسەلەکەیان باس دەکرد و گەورە کردبووەوە کە دەتگوت لە وڵاتەکەی خۆیان دا هەرگیز تاوانی لەمچەشنە بە دەستی بەرپرسان و مەئموورینی ڕێژیمەکەیان ڕووی نەداوە!

بۆ ئێمەی باوەڕمەند بە ماقی مرۆڤ سەرنجڕاکێشە و هەمیش جێی خۆشحاڵییە کە دەبینین مافی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا چ گرنگییەکی هەیەو کوژرانی مرۆڤێک دەتوانێ کاریگەری گەورە لەسەر ئەمنییەتی وڵاتێک دابنێ. لە زۆر وڵاتدا خەڵک ئەو مافەیان هەیە دژی توندوتیژییەکانی پۆلیسو بەرپرسانی ئەمنییەتی وڵاتەکەیان بە هەر بیانوویەک ئازاری خەڵک بدەن، یان بکوژن، بێ ترس بێنە شەقامو خۆپیشاندان بکەن و لە بەرابەر ئەو هێزەی کە پارێزەری گیانو ماڵی خەڵکی وڵاتەکەیانن، ڕادەوەستن و بۆ دیفاع لە مافی ئینسانەکان هیچ بیانوویەک قەبووڵ ناکەن. زۆر جار خەڵکانی باوەڕمەند بەماقی مرۆڤ دەسەڵاتی وڵاتەکەیان ناچار کردوە داوای لێبورن لە خەڵک بکەن یان وا هەبووە بەرپرس یان بەرپرسانێکی پایەبەرز ناچار بوون دەست لە پۆستەکەیان بکێشنەوە.

لە هەمان کاتیش دا کە بیر لە خۆمانو خەڵکی وڵاتی ئێران دەکەمەوە دڵتەنگ دەبم کە لە سەدەی بیستو یەکداو لە ژێر سێبەری جاڕنامەی مافی مرۆڤدا، دەبینین ڕۆژانە لە لایەن ئەو هێزانەی بەوناوەی ئەمنییەتی وڵات دەپارێزن! کوشتنی ئینسانەکان وەک ئاو خواردنەوە وایە! و خەڵک نەک پێی داناچڵەکن، بەڵکوو بۆشیان پرسیار نیە تا بێنە شەقام و ئیعتراز دەربڕنو بڵێن بۆ و بە چ تاوانێک؟ زۆرجار پێچەوانەکەیمان دیوە، زۆرن ئەو خەڵکانەی لە شارەکانی ئێران شاڵاو دەبەن بۆ شەقامەکان نەک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە کوشتاری مرۆڤەکان، بەڵکوو بەداخەوە دەچن بۆ سەیری گیان لێسەندنی ئینسانەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە! (بڕواننە وێنەی «اعدامهای خیابانی»)



لە وڵاتەکەی ئێمە بۆ کەس دەنگی ئەو کەسانە نابیسێ کە خوازیاری بە ئازدیی ژیانن، بەڵام لە لایەن دەسەڵاتەوە ئازادییان لێ سەندراوە؟ زۆر ئازاراوییە لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ دا زیاتر لە ٢٥ زیندانیی سیاسیی کورد لەدەست بێمافییەکانیان لە نێو زیندانەکان مان لە خواردن دەگرن، بەڵام کەس دەنگی مافخوازییان نابیسێ و بێن هاواریان تێکەڵ بە هاواری ئەم ئینسانانە بکەن! لە حاڵێکدا سەرۆککۆماری دەوڵەتی بەناو «تدبیر» زۆر بێشەرمانە ڕووبە هەواڵنێرە خاریجییەکان دەڵێ، «ئێمە لە ئێران زیندانیی سیاسیمان نیە»! دەسەڵات دیارە چ دەسەڵاتێکە! بەڵام خەڵک ئەگەر هەستیان بە بوونی ڕۆڵە زیندانییە سیاسییەکانیان بکردایەو ئازایەتی و شەهامەتی دەنگ هەڵبڕینیان هەبوایە، دەبوو لەم قسەیەی حەسەن

ڕووحانی وەدەنگ بهاتنایە بیانگوتایە بەڵگەمان هەیە بۆ ئەم درۆیە!

بۆ کەس تراژیدیای کوشتاری ئەو کۆڵبەرانە نابینێ کە بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیانی خاو وخێزانیان ڕێگای مردن دەگرنەبەر و بەبێدەنگی لەسەر سنوورەکان بە تفەنگی بەناو پارێزەرانی سنووری وڵاتەکەیان، گیانیان لێ دەسەندرێ؟ ئەی ئەگەر ئەمە تراژیدیای پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نیە چی دیکە دەتوانێ لەوە تراژیدیاتر بێ؟ ....

بۆ کەس گوێی لە دەنگی بەژانی ئەو ژنانە نیە کە بەتاوانی «بێحیجابی» ئەسید باران کراون؟ لەهەمووی ترسناکتر بەرپرسانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئێران دیسان بێشەرمانە دەڵێن لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەم ڕووداوانە ڕوودەدەن! بەڵام عەواملی ئیستکبار! لە ئێمەی گەورە دەکەنەوە!

ئایا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی خاریجنشین کە تەحەمولی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هیچ وڵاتێکیان نیەو بۆ قسەکردن لەسەر مافی مرۆڤی وڵاتانی دیکە وەپێش خەڵکانی مافخوازی جیهان کەوتوونەوە! ناتوانن دەنگی بێمافییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بە گوێی تەواوی بنەماڵەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بگەیەنو هاوار بکەن ئایا جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ تەنیا نووسراوەیەکی سەر کاغەزە؟! یان خەڵکانی وڵاتی شایستەی ئەو مافە نین کە پێی دەڵێن

### پرسی مافی مرۆڤ

هەموو ساڵێک لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، یەکێک لەو وڵاتانەی بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکرێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بەڵام هیچکات ئەو ڕێژیمە بەهۆی پێشێل کردنی مافی مرۆڤەوە تەحریمی نەخراوەتەسەرو ئەو باسە نەبۆتە باسێکی جیددی لە نێوان ئێران و دنیای ڕۆژئاوادا. وتووێژەکانیش لە نێوان ئێرانو وڵاتانی ڕۆژاوادا تەنیا پێوەندیی بە مەسەلەی ناوکی ئێرانەوە بووەو پرسی مافی مرۆڤ کەوتۆتە بن هەموو پرسەکانی دیکەوە. هەر بۆیە ئەو ڕێژیمە بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا زۆر بێباکانە لە نێو وڵاتەکەی خۆیدا درێژی بە جینایەتو کردوە دژی ئینسانییەکانی لە دژی ئازادیخوازنو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کورد لە ئێران داوە.

١٠ی دیسامبر ڕۆژێکە کە لە ڕۆژمێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ ناوی لێنراوە. ٦٦ ساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە پەسندی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشت تاکوو ببێتە بنەمایەکی جیهانی بۆ ڕێزگرتن لە مافی ئینسانەکان، بەڵام بەداخەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی زلهێزەکانی ڕۆژاوا ئەم پەسەندکراوە جیهانییەی هیچکات وەک کارتێکی فشار بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بەکار نەهێناوە. ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو، لە کاتێک دا یادی ئەو ڕۆژە کرایەوە، کە بەرپرسانو دەسەڵاتدارانی ئێران تاوانبارن بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بەڵام وتوێژەناوکییەکان لە گەڵ ڕۆژئاوا کەیسی مافی مرۆڤی لەئێران سپاردوە بە مێژوو!

# کۆماری ئیسلامی، مۆدێلی پێشووتری داعش



شەهلا دەبباغی

هەر دیکتاتۆرییەک دەتوانێ وێنەو ئۆلگووی دەسەڵاتدارێتی بێ بۆ داعش دەکارێ، بەڵام ڕەنگە گونجاوترین نموونە، ٣٦ ساڵ دەسەڵاتداری لە ژێر ناوی ئایینو ئیسلام لە ئێران بێ. هیچ حەوجێ بە فاکت هێنانو سەرچاوە نییە تا باس لە ٣٦ ساڵ تاوانی دژی تاکەکان، گرووپەکانو نەتەوەکانی بندەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین. کۆماری سێدارەی ئێران(١) لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆی هەم بۆتە مۆدێلێک بۆ ڕێکخراوە بنئاژۆخوازەکانی وەک خۆی لە سەرانسەری جیهان و، هەم توانیوێتی سەرەڕای جیاوازی مەزهەبی، ئەو ڕێکخراوانە تینو تاو بدا.

سەرەتای پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی بە کوشتو کوشتاری کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان گرێدراوە. حاکمانی شەرعیی ڕێژیم بە فەتواو حوکمی شەرعی دژی کوردستان و شەڕ لەگەڵ خەڵکی کورد، دەستیان کرد بە ئێعدامی سەدان مرۆڤ، لە منداڵی خوار تەمەنی ١٨ ساڵەڕا بگرە تا کەسانی بەتەمەن. شارەکانی کوردستان وەربەر خۆمپارەو بۆمبارانی فڕۆکەکانی تاران کەوتن، هەزاران مرۆڤ لە شارەکانی کوردستان شەهید کران. دواتر هەزاران تاکی کورد و غەیرە کوردی وەک تورکمەنەکانو بەلووچەکان، تووشی هەمان چارەنووسی کورد بوون. دادگا سەربازییە ناقانوونیو نامرۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئیستاش بەردەوام ماشێنی ئێعدامن لە نێوەڕاستی مەیدانەکانی شارەکان. ئەشکەنجەو زیندانیکردن بەشێکە لە ژیانی ئازادیخوازانی نێو ئێران بەگشتی. ئەو ڕێژیمە بە کوشتاری کورد دەستی پێکرد بەڵام دواتر تەنانەت پێی «خودی»یەکانی فارسیشی گرتەوە. ئەو زنجیرە کوشتنانەی کە بە «قتلهای زنجیرەای» ناویان دەرکردووە، دەیان نووسەرو ڕووناکبیری تێدا قوربانی کران. کەسانی وەک «داریوش فروهرو پروانە اسکندری» بە شەو لە ماڵە خۆیاندا کوژران. دادگاکانی کۆماری ئیسلامی کە تێیاندا نە قانوونو نە پارێزەریش مانای هەیەو نە قازی، دادوەر تەنیا ئامرازێکە بۆ هەرچی زیاترکردنی تاوان. ڕزگاربوون لە چنگی دامودەزگای کۆماری ئیسلامی گەلێک سەختە، چونکە ئەوان لە ڕێگەی «ولایت فقیە»، دامودەزگاکەی خۆیان بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی داناسێنن(٢) و بەداخەوە نوێنەری خوا جارێ لە کلتووری شیعەی ١٢ ئیمامی خەڵکی ئێراندا بازاری بەبرەوە.

لە باری ئابوورییەوە شاراوە نییە کە لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە بازار کەوتە دەست مەلاکانو پاسدارنو باج و خەراج، سەرفترەو زەکات، نزرو بەخشین لە زیارتگە ئایینیەکان، پارەی نەوت، سەدان پرۆژەی دەوڵەتی، بەگشتی سامانو سەرمایەی ئێران هەمووی ڕاست دەچێتە گیرفانی فەرماندەکانی سوپاو «ولایتی فقیە»و دامودەزگای ئایینی لە ژێر ناوی دەوڵەتی ئینقلابی. تەماحی بازاریی ئیسلامییەکان هێندە زۆرە کە دەزگای بڵاوکردنەوەی مادەسرکەرەکان لە لایەن خودی فەرماندەکانی سوپاوە هەڵدەسووڕێو ئێران ئێستا زیاترین گیرۆدەی مادەی سڕکەری لە جیهاندا بە پێی دابەشکردن بە سەر حەشیمەت هەیە. لە کاتی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق لە ڕێگەی ماشێنی جەنگ سەروەتێکی بێسنوور چووە گیرفانی مافیایەک کە بە ناوی ئایینو جیهاد هاتبووە کایەوە.

ئایینو جیهاد توانی نەک هەر بازار



داگیر بکا، بەڵکوو مێشکی خەڵک لە ڕێگەی قوتابخانەو پەروەردە، مێدیاکان (تیڤی و ڕۆژنامەکان)، مزگەوتو ڕێوڕەسمەکان وەها شۆراوە کە لاوی ئەو سەری ئێران لە یەزدو ئیسفەهان ڕا دەگەیشتنە کوردستان بۆ ئەنجامی بە ناو ئەرکی ئایینی واتە «جیهاد».

نموونەی ئێران وەک نمونەیەکی گونجاوو بەردەست، نیشان دەدا کە چۆن فاشیزم، ئایین و ناسیۆنالیزم، هاوکات لەگەڵ باندی مافیایی تێکەڵاویەک دروست دەکەن کە ڕزگاربوون لە ژێر دەستی ئەو ڕێژیمە ئەگەر نەڵێین زۆر سەختە؛ هاسان نییە.

لە پێوەندیی لەگەڵ ژناندا ئەو ڕێژیمە لە ڕۆژەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری خۆی، بەهێنانی حیجابی زۆرەملی بۆ ژنان دەستی پێکردو ئێستا هەنگاوەکانیان بە تیزاب پێداکردن لە سەر شەقامان بە دەموچاوی ژنان کەمتر ڕازی نابن. «زیباکلام» ماموستای زانکۆ لە ڕۆژی ٦ی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە زانکۆی سمنان دەڵێ:

«لە کاتی «قتلهای زنجیرەای» دەیانوت ئەوە بێگانەکانن کە ئەنجامیان داوە، ئەوە بیانییەکان نەبوون «قتلهای زنجیرەای»یان ئەنجام دا، ئێستاش وای لێهاتووەو دەڵێن بێگانەکانن کە تیزاب بە ژناندا دەکەن. تیزاب بە ژنان دادەکرێ هەروەک» قتلهای زنجیرەای» بێگانە نەیانکرد، هێندێک هەست بە بەرپرسایەتی دەکەنو بە ناوی «تکلیف شەرعی» ئەو کارە دزێوە دەکەن، لە سەر شەقامان تێزاب بە ژنانو کچاندا دەکەن. بۆ ئێمە وەک کەو سەرمان لە ژێر بەفر دەنێین کاتێک ئێوە پرۆپاگەندە بۆ زەبروزەنگ دەکەن چەند کەس پەیدا دەبنو سەعیدی حجاریان تێرۆر دەکەن، هێندێکش پەیدا دەبنو لە ئیسفەهان تیزاب بە خانماندا دەکەن من پێموایە ئەگەر بڕیاربێ کەسانیک دادگایی بکرێن دەبێ سەرەتا ئەوانە بن کە پرۆپاگەندە بۆ زەبروزەنگی پیرۆز دەکەن.»(٣)

ئاماژەی «زیباکلام» بە پێشنیاری پارلەمانی ئێران «امر بە معروف و نهی از منکر» و هێندێک ئاخوندە کە پشتیوانیان لەو گەڵاڵەیە کردووە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ «بدحجابی» و تیزاب پێداکردن لە ئیسفەهان هاوکات بوو لەگەڵ ئەو باسانە لە پارلەمانی ئێران.(٤)

نمونەی ئێرانو ئەفغانستان لە کاتی دەسەڵاتداری تاڵەبانەکاندا دوو نموونەن کە چۆن کاتێک ئایینو دەوڵەت تێکەڵاو دەبێ دەتوانێ کارەساتێکی درێژخایەن بۆ دانیشتووانی ناوچەیەکو وڵاتێکو بگرە دەورووبەر بخولقێنێ. فکرو پەروەردەی ئێرانیی» ولایت فەقیە»ی، تالەبانو سەلەفی سەعودیو ١٤٠٠ ساڵ مێشک شۆردنەوەی هێندێک لە مرۆڤەکان، جارێکی دیکە خۆی لە داعشدا نیشان دەدا. بەڵام ئەوە دەتوانێ هەڵەیەکی یەکجار گەورە بێ کە داعش بە تەنیا بە تاکە فاکتەری «ئایین» وە گرێ بدەین.

داعش پێکهاتەی چەندین فاکتەری گرینگە: وەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی کە بناخەی لەسەر ئایینە، وەدەست هێنانی بازارەکانی جیهانی بۆ نەوتی ئەو ناوچانە کە لە ژێر دەسەڵاتی دایە، وەدەست هێنانی سامانێکی زۆر، وەدەست هێنانی سێکسێکی زۆرو ژنانی زۆر. داعش بە داوی سەپاندنی هێزو خۆ کردن بە «امر سیاسی»یە کە بناخەکانی لە سەر نابەرامبەری پیاوو ژن، جیاوازی نێوان ئێتنیکو ئایینەکانو گرووپەکان، سەرەڕۆیی‌و توندوتیژییە.

خۆکوتانی هەمووی ئەو نووسینە ئەگەر بە مێتافۆڕ بکرێ باسی بکەین ئەوەیە کە بڵێین داعشییەکان لە ئەزموونی باوکانی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە تا هەم ژنان وەدەست بێنن، هەم ئینسانییەت بەگشتی بکوژنو جیهان بەرەو نەزمی تاریک بەرنەوەو لە ڕێگەی زەبروزەنگ لەسەر تەختی خەلافەت دانیشن، تا شەوانە ٧٢ پەری سەمایان بۆ بکا. واتە ڕێبەرانی داعش وەک مەلاکانی ئێران، هاوکات کە لە فاکتەری ئایین کەڵک وەردەگرنو مزگێنی و کلیلی بەهەشت بە ئەندامانی سادەی خۆیان دەدەن، بە شێوەیەک لە شێوەکان کەڵک لە ماڵ و جوانی دونیا وەردەگرن دژی مرۆڤ.

**(1) لە ش یعری شیرکۆ بێکەس وەرگیراوە**

1) https://www.youtube.com/watch?v=_JvJ7RySlbw

2) https://www.facebook.com/video.php?v=877751058919178&set=vb.153044948056463&type=2&theater

3) https://www.youtube.com/watch?v=wFdPk9aas4g&feature=share

4) http://www.

# بێتوانایی دەوڵەتی ڕوحانی لە چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکاندا



موختار نەقشبەندی
و: سیروان مووساپوور

ڕوحانی بە پێکەنین و وادە و بەڵێنی زۆرەوە و یەک لەوان چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان قۆناغی سەرۆک کۆماری دەست پێکرد، بەڵام بە تێپەڕینی زیاتر لە ساڵ و نیوێک، ئامار و داتا و هەواڵە بڵاوبۆوەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان بێتوانایی دەوڵەتی ڕوحانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە ئابوورییەکان دەردەخەن. هەرچەند بەو هەموو کێشە و گرفتانەوە نابێ چاوەڕوانیی موعجیزە و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ماوەی ساڵ و نیوێک لە دەوڵەتی ڕوحانی بکرێ و خودی ڕوحانی و ئەندامانی دیکەی دەوڵەت بەباشی ئاگاداری ئەو بابەتانەن و دەزانن کە بەو ئیمکاناتە و لە هەلومەرجیی ئێستادا کێشەکان چارەسەر ناکرێن و تەنیا کارێک کە دەتوانن بیکەن کەمکردنەوەی خێرایی دابەزینی ئابووریی و زیادبوونی کێشەکانە! هۆکاری ئاخاوتنە هیوابەخشەکانی ڕوحانی و وادە و بەڵێنەکانی جیا لە فریودان و دڵخۆش کردنی خەڵک و پێشگرتن لە نارەزایەتیی و زیادکردنی تەمەنی ڕێژیم شتێکی دیکە نیە.

پرسیارێک کە بۆ زۆر لە خەڵکی ئێران هاتۆتەپێش ئەوەیە کە داخوا دەوڵەتی ڕوحانی کار بۆ بردنەسەری بەڵێنەکانی و یەک لەوان چارەسەری کێشە ئابورییەکان دەکا یان نا؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە سەرەتا ڕیشە و هۆکاری گرفتە ئابورییەکان تاوتوێ بکرێ و دواتر بە سەرنجدان بە ئیمکاناتی مەوجوود و بارودۆخی وڵات بزانرێ ئایا دەوڵەتی ڕوحانی توانایی چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی هەیە یان نا!

بارودۆخ و ڕەوشی ئابووری شتێکی ڕێژەییە و دەبێ بە سەرنجدان بە ئیمکانات و سەرچاوەکانی وڵاتێک سەرکەوتن یان شکستی بەرنامە ئابوورییەکانی لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا تاوتوێ بکرێن. هەتا پێش زەوتکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرهەمی پوخت نەکراوی نێوخۆیی (تولید ناخالص داخلی) ئێران لە وڵاتانی وەک کۆریای باشوور و تورکیە زیاتر بوو و ئێران سەرچاوەگەلی بەپیتی ژێرزەوی بۆ نموونە نەوتی هەبوو بەڵام ئێستا بەرهەمی پوخت نەکراوی نێوخۆیی (تولید ناخالص داخلی) ئەو وڵاتانە زۆر لە ئێران زیاترە و ئێران بەپێچەوانەی تورکیە کە لە گەشەکردنێکی خێرای ئابووری دایە، هەروا بەرەو دابەزین و وەستانی ئابووری دەڕوا. نەبوونی بەڕێوەبەرێتیی ڕاست و دروست و گەندەڵیی سیستەمی حکوومەتی، کێشە سیاسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، شەڕ و تەحریمەکانی ڕۆژئاوا هۆکارە سەرەکییەکانی گرفتە ئابوورییەکان و دواکەوتوویی ئێران لە ڕکابەرەکانی ڕابردوون کە لە بیرکردنەوە توندڕەو و زێدەخوازییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم سەرچاوەی گرتووە.

بەداخەوە هۆکارەکانی دواکەوتوویی و کێشە ئابوورییەکانی ئەمڕۆی ئێران هەروا لەجێی خۆیانن. قسەکانی وەزیری ئابووریی و دارایی ئێران سەبارەت بە دەسبەسەرکرانی ئەندامانی تاقمی گەندەڵیی ماڵی لە تۆڕی بانکیی وڵات کە زیاتر لە ١٢ هەزار ملیارد تمەن (ئەگەر بەهای دۆلار بە ٣ هەزار تمەن لەبەرچاو بگرین، دەکاتە ٤ ملیارد دۆلار) سەرپێچیی کردووە، دەرخەری هەبوونی گەندەڵییەکی بەربڵاوی لە سیستەمی ئابووری ئێرانە کە جاروبار چەند نموونەیەک لەو گەندەڵییانە ئاشکرا دەکرێن و تەنانەت لە دەوڵەتی پێشوودا سەرچاوەی هێندێک لەو گەندەڵییە ئابوورییانە ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت بوون! بەداخەوە هەبوونی گەندەڵیی دارایی کە جێپێی بەیتی ڕێبەریش لە هێندێک لەو گەندەڵییانەدا دەبینرێ، لەپەنا دەستێوەردانی دامەزراوەیەکی سەربازیی وەک سپای پاسداران لە کاروبارە ئابوورییەکان لە لەمپەرەکانی چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانن کە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی ڕوحانی شەریکی دز و ڕفیقی قافڵەش نەبێ، توانای بنبڕکردنی هەموو گەندەڵییە ئابوورییەکانی نابێ چونکە توانایی پێویستی بۆ ئەو کارە نیە.

کێشە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵات کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئابووری هەیە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی تەمەنی خۆیدا بەردەوام بەهۆی هەڵاواردتی بەدژی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان و پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانیان و نەبوونی هەڵبژادنی ئازاد و دەسەڵاتی زۆری ڕێبەر تووشی کێشەسیاسییەکان و نائارامی بۆتەوە و ئەو کێشە سیاسییانەش بوونە لەمپەری کەڵک وەرگرتن لە تواناییەکانی هەموو خەڵکی ئێران و سەرچاوە و ئیمکاناتی هەموو وڵات و تەنانەت ڕیسکی سەرمایەدانانی دەرەکیشی لە ئێراندا بردۆتەسەرێ. چارەسەکردنی کێشە سیاسییە نێوخۆییەکانی ئێران تەنیا بە ڕووخان یان چاکسازیی بەربڵاوی ڕێژیم دێتە کایەوە و دەوڵەتی ڕوحانی ئەگەر بیشیهەوێ توانایی چارەسەکردنی ئەم گرفتانەی نیە و کێشە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا هەروا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئابووری دادەنێن.

پێوەندییە سیاسییەکانی وڵاتان کاریگەریی ڕاستەوخۆ و گرنگی لەسەر ئابووری هەیە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆکارگەلی ئایدۆلۆژیی و هەروەها زێدەخوازییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دیکە تووشی قەیران بووە. شەڕی ئێران و ئێراق بەهۆی تێکچوونی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا و لە ئاکامدا گۆڕانی هاوسەنگیی دەسەڵات بە قازانجی ئێران هاتەئاراوە کە بە وتەی خودی بەرپرسانی ڕێژیم زیانە ڕاستەوخۆ



و ناڕاستەوخۆکانی ٨ ساڵ شەڕ زیاتر لە ١٠٠٠ ملیارد دۆلار بووە! سەرمایە دانەنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان و سەرمایەگوزاریی کەمی وڵاتە ئوروپاییەکان لە پرۆژە ئابوورییەکانی ئێران و بەتایبەت پرۆژە نەوتییەکاندا یەکێکی دیکە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم لە دروستکردنی پێوەندیی دوژمنکارانە لەگەڵ ڕۆژئاوایە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا گرژبوونی پێوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا زۆربوونی تەحریمەکانی لێکەوتۆتەوە و لە ٢ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی بەرنامە گوماناوییە ناوکییەکانی ئێران، ڕۆژئاوا تووندترین گەمارۆکانی خستۆتە سەر ئێران کە ئەگەر پەروەندەی ناوکی لە چەند مانگی داهاتوودا چارەسەر نەکرێ تەحریمەکانیش زیاتر و تووندتر دەبن.

تەحریمە نەوتییەکانی ڕۆژئاوا کە دابەزینی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئێرانی بە نیوە گەیاندووە، دەوڵەتی ئێرانی تووشی گرفتی توندی دارایی کردۆتەوە، هەروەها عەرەبستان بە خۆپاراستن لە دابەزاندنی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خۆی و گوشار بۆ سەر ئەندامانی دیکەی ئۆپێک بۆ پێشگرتن لە ئاستی هەناردەکردنی نەوت بۆتەهۆی دابەزینی زۆری نرخی نەوت کە کارناسان پێشبینی دەکەن لە ئەگەری درێژەدانی ئەم سیاسەتەی عەرەبستان، نرخی هەر بۆشکە نەوتێک لە ساڵی داهاتوودا لەنێوان ٦٠ بۆ ٧٠ دۆلار بێ و ئەم بابەتە بەرنامەی ئابوورییەکانی دەوڵەتی ڕوحانی تووشی کێشە جیدی کردووە چونکە دەوڵەتی ڕوحانی بۆ ساڵی ١٣٩٤ بەرنامەکانی خۆی بەپێی نرخی هەر بۆشکە نەوتێک لانیکەم بە ٧٢ دۆلار دانابوو.

هەرچەند ئێران ئێستا لەگەڵ هیچ وڵاتێک لەشەڕدا نیە بەڵام چەڕی نهێنی و شاراوەی ئێران و عەرەبستان لە وڵاتانی سوریە، ئێراق و یەمەن ساڵانە بە ملیارد دۆلار تێچووی بۆ ئێران هەیە. هەروەها کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی هاوسەنگیی دەسەڵات لەگەڵ عەرەبستان ساڵانە بە ملیارد دۆلار بۆ بابەتە سەربازییەکانی خەرج دەکا کە گوشارێکی زۆری خستۆتەسەر ئابووریی ئێران.

بە سەرنجدان بەو بابەتانە تەواوی ئەو کێشانەی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ئابووری ئێرانی داتەپاندووە، هەروا لەجێی خۆیانن و دەوڵەتی ڕوحانی بەم هەموو گرفتانە و بە ئیمکاناتی زۆر سنووردار بەهیچ شێوەیەک توانای چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشە و گرفتە ئابوورییانەی نیە. بەپێی ئاماری بانکی ناوەندیی ئێران قەرزەکانی دەوڵەتی ئێران بە بانکەکان گەیشتۆتە ٩٢ هەزار ملیارد تمەن، هەروەها دوو حەوتە پێش ئێستا وەزیری تەعاوون، کار و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی باسی لە هەبوونی ١٢ ملیۆن هەژاری خۆراکی لە ئێراندا کرد بەڵام ئاماژەی نە بە شێوازی ناساندن و نە بە بەرنامەکانی یارمەتیی دەوڵەت بەو هەژارانە نەکرد! وەزیری خانووبەرەش لە چەند حەوتووی ڕابردوودا ڕایگەیاند ملیۆن و نیوێک ئێرانی لە ژوورێکدا دەژین! پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە زیاتر لە پێنج ملیۆن ئێرانیش ئێجارەنشینن. هەروەها دواین ئاماری بڵاوبۆوە لەلایەن ناوەندی ئاماری ئێران لە هاوینی ئەمساڵدا باس لە ٢ملیۆن و ٢٥٧هەزار بێکار لە ئێراندا دەکاکە بەدڵنیاییەوە ڕێژەی بێکاران زۆر زیاترە چونکە ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو دەریخستووە ئەو ئامارانەی لەلایەن دامەزراوەکانی ڕێژیم بڵاو دەبنەوە، زور لە ڕاستییەوە دوورن.

دەوڵەتی ڕوحانی وێڕای دۆزینەوە و پەیداکردنی هەلی کار بۆ چەند ملیۆن بێکار، دەبێ ساڵانە بۆ ٨٠٠ هەزار لاوی دیکە کە دێنە بازاڕی کارەوە، کار پەیدا بکا بەڵام بە سەرنجدان بە وتەکانی دوو حەوتوو لەمەوپێشی وەزیری تەعاوون، کار و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی (ئاغای ڕەبیعی)، دەوڵەتی ڕوحانی هیچ شانسێکی بۆ پێکهێنانی ئەم ژمارە پیشەیە نیە. ئاغای ڕەبیعی تێچووی پەیداکردنی هەر هەلێکی کاری لە ئێران بە لانیکەم ١٥٠ ملیۆن تمەن خەمڵاندووە، ئەگەر هەر دۆلارێک بە ٣٠٠٠ هەزار لەبەرچاو بگرین، دەوڵەتی ڕوحانی بۆ پێکهێنانی ٨٠٠ هەزار هەلی کار لە ساڵدا دەبێ ساڵانە لانیکەم ٤٠ ملیارد دۆلار سەرمایەگوزاری بکا کە بە سەرنجدان لە بارودۆخی خراپی ماڵیی، دەوڵەت بەهیچ شێوەیەک ئیمکانی دابینکردنی ٨٠٠ هەزار هەلی کاری لە ساڵدا نیە و دەبێ شایەتی زۆربوونی ژمارەی بێکاران لە وڵاتدا بین. هەرچەند ئەوانەی کاریشیان هەیە، لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیاندا تووشی کێشەگەلی جۆراوجۆرن.

ئەگەر دەوڵەتی ڕوحانی بە بەڕێوەبەرێتییەکی ڕاست و دروست لە هەموو ئیمکاناتی وڵات کەڵک وەربگرێ تەنیا دەتوانێ پێشی خراپتربوونی ڕەوشی ئابووریی ئێران بگرێ، تەنیا لە حاڵەتێکدا ڕەوتی دابەزینی ئابووریی ئێران بەپێچەوانە دەبێتەوە کە ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر بەرنامە ناوکییەکان بگەنە ڕێککەوتن و تەحریمە ئابوورییەکانی سەر ئێران لاببرێن.

## ژیاننامەی جۆن کوینسی ئەدەمز، شەشەم سەرۆک کۆماری ئەمریکا

### (خولی سەرۆکایەتی ١٨٢٥ بۆ ١٨٢٩)

ن: فرانک فریدێل و هاگ سیدەی
و: لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی




جۆن کوینسی ئەدەمز، یەکەم سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو کە باوکیشی پێشتر سەرۆکایەتی وڵاتی ئەمریکای کردبوو، وە لە زۆر رووەوە، وەک پیشەکەی و هەروەها سروشت و روانگەکانی شانی لە شانی باوکە بەناوبانگەکەی دەدا. لە ساڵی ١٧٦٧ لە ناوچەی برەینتریی ماساچوسێتس لە دایک بوو. دواتر لە سەر بەرزاییەکانی گردی پێنەوە بە سەر مەزراکەیانەوە، سەیری شەڕ و پێکدادانەکانی گردی بانکەڕی دەکرد. لە ماوەی کارکردنی لە ئەورووپا وەک سکرتێری باوکی، زمانزانێکی لێهاتوو و نووسەرێکی وریای یادداشتی ڕۆژانەی لێ دەرهات.

دوای ئەوەی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد تەواو کرد، بوو بە پارێزەر. لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا، وەک نێردراوی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە وڵاتی هۆڵەندا دەستنیشان کرا و پاشان پلەی بەرز کرایەوە و بوو بۆ نێردراوی باڵای ئەمریکا لە بەرلین. لە ساڵی ١٨٠٢ دا، بۆ سێنای ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژێردرا. شەش ساڵ دواتر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، مەدیسۆن، وەک نێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رووسیا دەستنیشانی کرد.

بە کارکردنی وەک وەزیری دەرەوە لە کابینەکەی سەرۆک کۆمار مۆنرۆ دا، ئەدەمز بوو بە یەکێک لە گەورەترین وەزیرەکانی دەرەوەی ئەمریکا کە توانی بە هاوکاری و لەگەڵ ئینگیلستان پرۆژەی داگیرکاریی هاوبەشی ناوچەی ئۆریگەن ڕێکبخات و توانی لەگەڵ ئیسپانیا بگاتە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی دەستبەرداری ناوچەکانی فلۆریدای سەرەوە و خوارەوە بن، وە هەروەها توانی لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەمریکا بیرۆکە و دۆکترینی مۆنرۆ دابرێژن.

بە پێی نەریتی سیاسیی باو لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەدەمزی وەزیری دەرەوە وەک تاکە جێگری سیاسیی شیاو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار ئەژمار دەکرا. بەڵام ئەم ڕێوشوێنە کۆنانەی هەڵبژاردنی سەرۆک، لە ساڵی ١٨٢٤ دا و پێش هاتوهاوار بۆ بژاردەیەکی جەماوەری، هێدی هێدی ڕێگەیان بۆ هاتنە ئارای میکانیزمێکی نوێی هەڵبژاردن خۆش دەکرد.

لە ناوەوەی تاکە پارتی سیاسیی گۆڕەپانەکە – کۆماریخوازەکان – کەرتگرایی و دەستەگەرایی خەریک بوون پەرەیان دەسەند، وە هەر کۆمەڵێکیان کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەبوو. ئەدەمز، کە کاندیدی کەرتی باکوور بوو، لە هەر دوو دەنگدانیی جەماوەری و دەستەی هەڵبژاردنەکاندا کەوتە دواوەی ژەنراڵ ئەندرو جەکسۆن، بەڵام کەوتە پێشەوەی هەر یەکە لە ویلیام ئەیچ. کراوفۆرد و هێنری کلەی. لە بەر ئەوەیکە هیچ کام لە کاندیدەکان، زۆرینەی دەنگەکانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی مسۆگەر نەکردبوو، ئاکامی هەڵبژاردنەکە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لە نێوان سێ کەسی یەکەم بڕیاری لێدرا. کلەی، کە لایەنگری پرۆگرامێکی هاوشێوەی پرۆگرامەکەی ئەدەمز بوو، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پشتیوانییەکی بەهێزیی کاندیدەکەی کەرتی ئینگلیستانی نوێ واتە ئەدەمزی کرد.

ئەدەمز، لەگەڵ بوونی بە سەرۆک کۆمار، کلەیی وەک وەزیری دەرەوە دەستنیشان کرد. جەکسۆن و هەوادارە توورەکانی ئەو تۆمەتەیان بڵاو دەکردەوە کە «ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر» کرابوو، وە هەر خێرا هەڵمەتیان بۆ دەرهێنانی سەرۆکایەتی لە ژێر چنگی ئەدەمز لە ساڵی ١٨٢٨ دەست پێکرد.

ئەدەمز سەرەڕای ئەوەی باش دەیزانی کە لە کۆنگرەدا رووبەڕووی دژایەتی دەبێتەوە، بەڵام لە یەکەم پەیامی ساڵانەیدا، پرۆگرامێکی نەتەوەیی هەرە گرینگی ڕاگەیاند. سەرۆک کۆمار پێشنیاری ئەوەی کرد کە حکومەتی فیدراڵ بە دروست کردنی تۆڕێک لە ڕێگەی خێرا و کاناڵی ئاوی، کەرتەکان بە یەکتر ببەسترێنەوە، وە هەروەها بە سوود وەرگرتن لە داهاتی فرۆشتنی زەوییە گشتییەکان، ناوچەی دەسەڵاتی گشتی پەرە پێبدرێت و بپارێزرێت. لە ساڵی ١٨٢٨، بەردی بناخەی کاناڵی ئاوی سی ئەند ئۆی دانا کە درێژییەکەی دەگەیشتە ١٨٥ مایل.

ئەدەمز هەروەها پێداگری دەکرد کە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دامەزراندنی زانکۆیەکی نەتەوەیی و گرتنە ئەستۆی تێچووی گەشتە زانستییەکان و بنیاتنانی خانەیەکی چاودێری ئەستێرەناسی، رۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی هونەر و زانست بگێرێت. رەخنەگرانی لەو باوەڕەدابوون کە کردە و هەنگاوی لەو بابەتە، لە چوارچێوە و سنوورەکانی یاسای بنەڕەتی دەردەچوون.

ئەدەمز لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ١٨٢٨، کە تیایدا جاکسۆنییەکانی دژبەری تۆمەتەکانی گەندەڵی و بەتاڵانبردنی ماڵی گشتییان دابووە پاڵی، رووبەڕووی ئەزموونێکی قورس بۆوە کە دواجار نەیتوانی بەرەنگاری بێتەوە. دوای شکستهێنان لەو هەڵبژاردنەدا، بە هیوای بە خۆشی بەسەربردنی پاشماوەی ژیانی لە مەزراکەی و لە ناو پەرتووکەکانیدا گەڕایەوە ماساچوسێتس.

لە ساڵی ١٨٣٠، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، خەڵکی ناوچەی پڵایماوس ئەدەمزیان بە نوێنەری خۆیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژارد و هەر لە ناو ئەو ئەنجومەنەدا، وەک سەرکردەیەکی بەهێز، پاشماوەی ژیانی بۆ خزمەتکردنی خەڵکەکەی تەرخان کرد. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، ئەدەمز لە دژی سنووردارکردنی ئازادییە مەدەنییەکان وەستایەوە و لەو پێناوەدا تووشی ململانێی توند بوویەوە.

دواتر لە ساڵی ١٨٣٦، کۆنگرێسمانەکانی کەرتی باشوور «یاسایەکی سنووردارکردنیان» پەسند کرد بۆ ئەویکە ئەنجومەنی نوێنەران بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک داخوازی و داواکارییەکانی دژی کۆیلەداری دوا بخات. ئەدەمز بۆ ماوەی هەشت ساڵ، بێ ماندووبوون و بێ کۆڵدان، دژی ئەو یاسایە وەستایەوە تا ئەوەیکە لە کۆتاییدا توانی یاساکە پووچەڵ کاتەوە.

لە ساڵی ١٨٤٨، بە هۆی جەڵتەیەکەوە کە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران لێیدا بەر بوویەوە سەر عەرز. بە هۆی ناجێگیر بوونی باریی تەندروستییەوە، گوازرایەوە بۆ ژووری سەرۆکی ئەنجەمەنەکە و دوو ڕۆژ دواتر لە هەمان ژووردا گیانی لە دەستدا. پاش مەرگی، لە کلێسای فێرست پاریش لە کوینسی بە خاک سپێردرا؛ لە هەمان شوێن کە باوک و دایک و هاوسەرەکەی نێژران. ئەدەمز کە بە «پیرەمێردی قسەزان» ناوی دەرکردبوو، تا کۆتایی ژیانی شەڕی لە پێناو ئەو شتانەدا کرد کە بە راست و دروستی دەزانین.

سەرچاوە:

http://www.whitehouse.gov/about/presidents/johnquincyadams

کوردستان
ژمارە: ٦٤٦
٣٠ی سەرماوەزی١٣٩٣
٢١ی دیسامبری ٢٠١٤

# کورتەیەک لەسەر مێژووی ئاڵا



عەلی لەیلاخ

وەک دەزانن مرۆڤ بۆنەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە، هەر لە مێژە تا ئێستا بە کۆمەڵ ژیانیان بردۆتە سەرو هەمیشە پێکەوە ژیاون. هەر گرۆپێک لە مرۆڤ هەمیشە قەلەمڕەوی تایبەت بە خۆیانیان دیارکردووەوە، جاروباریش بۆ پەرەپێدان بە جوغرافیا و ژینگەی خۆیان و بەدەست هێنانی پێداویستیەکانی ژیان هێرشیان کردۆتە سەریەکترو جەنگو شەڕەکانیش بەشێکی جیانەکراوەیە لە ڕەوتی مێژووی گەلان. هەربۆیە هەر قەبیلەوعەشیرەیەک بۆ پێشاندان و پێناسەی خۆی چ لەسەر شوێنی نیشتەجێ بوونی وچ لە کاتی شەڕەوپێکدادانەکان هێمایەکی لە خوی بە ناوی ئاڵا هەڵکردووە.

وەک لەبەڵگە مێژووییەکاندا هەیە تەمەنی سازکردن وهەڵکردنی ئاڵا دەگەڕێتەوە بۆ٤٠٠٠) ساڵ لەمەو پێش، بۆ یەکەمجار هەر لە میزۆپۆتامیا واتە کوردستانی ئەمرۆ، ئاڵا هەڵدراوە و هەروەها لە خاکی ئێرانیش ئەمپیراتۆرییەکان هەرکام خاوەنی هێمای تایبەت بە خۆ بوون. لە سەرەتا شارستانیەتی سۆمرییەکانو ئاسۆرییەکان ومیدیاکان، ئاڵایەک وەکوو نیشانەیەک لە دەسەلاتداریەتی هەڵداوەو دواتریش لە ئێران هەخامنشیەکان، ساسانیەکانیش بە هەمان شێوە.

میسرییەکانی کۆنو ئیمپراتۆریرکانی چین و ژاپۆنیش مێژوویێکی دووریان هەیە لە هەڵکردنی ئاڵا.

بە پێی زانستی ئاڵاناسین Vexillology تەواویی ڕەنگ و نیشانەکانی ئاڵا چ لە ئێستا چ لەکۆن هەڵگری باری مانایی تایبەتن و زۆربەی هەرەزۆری ئاڵاکان چۆنکە هەڵقولاویی مێژووی هەر گەلێکەو بۆتە پێناسەی ئەوان لە دونیا هەربۆیە وەکوو هێمایەکی نەتەوەیی چاوی لێکراوەو ڕێزی لێگیراوە. ئەوەندە جێگای بایەخە کە لە رابردوو لە کاتی شەڕەکان ئەرکی سەرشانی یەک لە پاڵوانە بوێرەکان هەڵگرتنی ئاڵاکە بووە، لە کۆتایی شەڕەکە بە نیشانەی سەرکەوتن لەسەر خاکی خۆیان لە کاتی بەرگریی یان لەسەرخاکی لایەنی بەرامبەر بە مانای سەرکەوتن و فتح دوای داگرتنی ئاڵای ئەو وڵاتە ئاڵای خۆیانیان دادەکوتا.

هەرلەمێژە ئاڵاکان لە باری ڕەنگ و نیشانەکانەوە لە گەڵ یەک جیاوازییان هەبووە و هەر هۆزودەسەلاتێک ڕەنگ و نیشانەیەکی بۆ ناساندنی خۆی دەست نیشان کردووە. زۆرێک لە ئاڵاکان لە نیشانەکانی سرۆشت وەکوو، خۆرو مانگ وباڵدارو ئەستێرە ودارو گوڵ و... هتد) پێکهاتوون. هەر بە گوێرەی زانستی ئاڵا ناسین هەر ڕەنگ و نیشانەیەک لە نێو ئاڵا هەڵگری باری مانایی تایبەت و باس لە باوەڕو ڕووداوەکان ومێژووی ئەو وڵاتە دەکات! ئاڵا هەروەکوو زۆر شتی دیکە ڕەوتێکی تەکاموولی بەخۆیەوە بینیوە . ئاڵاکانی سەردەمی کۆن لە پەڕی باڵندەکان یان لە پارچە ئاسنێک یا لە مۆی ئاژەڵەکان سازکراون. هەرکام لە ڕەنگەکانی ئاڵاکانی ئەمرۆکە مانای خۆیانیان هەیە بۆ نموونە

ڕەنگی سوور (ئازایی، خوین ڕژان لە شەڕ، هێز و یەکسانی)

ڕەنگی سپی (ئارامی، ئاگربەست، ئاشتی)

ڕەنگی زەرد (ئاگر، وریایی، درەوشانەوە، ڕووناکی)

ڕەنگی ڕەش ( مەرگ، پرسە، نەمری)

ڕەنگی شین (ئاوەدانی، ئاو، ئازادی)

ڕەنگی سەوز(لاویەتی، وڵات، پاراستن و سەوزایی)

...

کۆنترین ئاڵای سەردەمی سۆمرییەکان لە جینسی «برۆنز» دروست کراوە کە بە هۆی ئەوەی لە دوورەوە لە بەر تیشکی هەتاودا بدرەوشێ. هەر بە پێی ئەم ئاڵا دوور لە ڕاستیی نیە کە واتای ناوی «درفش» کە لە ئێرانی کۆن بە ئاڵا گوتراوە ڕیشەی و بنچینەی ئەم وشە کە «درەوش» و درەوشانەوە ڕا، هاتبێت کە وشەیەکە بە بنەڕەت کوردییە. هەروەها ئەگەر هێندێک لە وشەی «پرچم»یش بکۆڵینەوە تێدەگەین کە ئەویش زاراڤەیەک لە زمانی زاگروس نشینەکانە. «بەر» واتە پێش وبەر +چەم،، پێکهاتووە.

ئەوەی کە ئێستاکە پێ دەگوترێت ئاڵای نەتەوەیی لە جیهان ونزیک بە ١٩٥ وڵات ئاڵایە ناسراویان هەیە. کۆنترین ئاڵای نیشتمانی هی وڵاتی «دانیمارکە» کە ساڵی١٢١٩دروست کراوە. بەسەرهاتی سازکردن وهەڵکردنی ئاڵای هەر وڵاتێک خاوەنی مێژوویێکی دوورو درێژە کە لێرەو بە بۆنەی ٢٩سەرماوەز وەک ناوزەد کردنی ئەمرۆژە بە ناوی ڕۆژی ئاڵای کوردستان ئاوڕێکی کورت لە مێژووی ئاڵای کورد بەگشتی دەدەینەوە.



_ئاڵای ئیمپراتۆری مادەکان

لێکۆڵینە مێژووییەکان دەرخەری ئەوەیە کە سەرجەم هۆزوخێڵەکانی کۆنی میزۆپوتامیا خاوەنی ئاڵا بوون، بە تایبەت دەوڵەتی ماد کە ٧٠٠ساڵ پێش زایین دامەزرابوو و لە کاتی شکست دانی ئاسورییەکان ئاڵای تایبەت بە خۆیایان هەڵکردوە کە دەگوترێت لە سێ هێڵی سوورو زەردو سەوز پێکهاتبوو هەرچەند تا ئێستا بەڵگەیەکی بەهێز ئەمەیەی پشت ڕاست نەکردوتەوە.

_ئاڵای دەوڵەتی ئەییوبیەکان

_ئاڵای دەوڵەتی زەند کە لەساڵی (١٧٥٠-١٧٩٤) دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە هەبوو ئاڵای تایبەت بە خۆیانیان هەبووە.

_ئاڵای میرنشینەکانی کوردستان (شەدادی، مەروانی، بابان، ئەردەڵان، بێدلیس، سۆران، هەکاری، بادینان، لوری گەورە، لوری بچووک، حەسەنکێف، بۆتان....هتد)

_ئاڵای ڕاپەرینی قۆچگیری ١٩٢١

_ئاڵای حکوومەتی کوردستانی خوارووو١٩٢٢(شێخ مەحمودی حەفید)

_ئاڵای ڕاپەرینەکەی ئاگری١٩٢٩-١٩٣٠

_ئاڵای کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٤٦

ئێستا تەنیا ئالایەک کە بە ناوی کوردستان واتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵدا بە فەرمی ناسراوە بەسەرهاتێکی دوورودرێژی هەیە و بێجگە باری مانایی ڕەنگەکان کە باسمان کرد وەکوو ئاڵا لە پارچەکانی کوردستان تەمەنی زیاتر لە ٩٠ساڵی هەیە هەر لە ساڵی ١٩١٩ لە سەردەستی چەندین ڕێکخراوە وشۆرشی کوردیی هەڵکراوە، تادەگاتە (کۆمەڵەی ژێکاف١٩٤٢زایینی) لە شاری مەهاباد کە لە بۆنە و یادەکان دا هەمان ئاڵایان هەڵکردوە . بەڵام بە هێندیک دەستکارییەوە ئەم ئاڵایە لە ساڵی١٩٤٦زایینی وەکوو ئاڵای کۆماری کوردستان بەرەسمی دەناسرێت ولەسەربانی سەرجەم دامودەزگاکانی ئەوکات هەڵدەکرێت. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠ بەم لاوە ئەم ئاڵایە کە لە سێ هێڵی (سوورو سپی وسەوز+ خۆرەتاوێک لە ناوەڕاست) پێکهاتوە لایەن زۆربەی هەرزۆی ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە ئاڵای گەلی کورد ناسراوەو پەسەند کراوە.

**سەرچاوەکان:**

**ماڵپەڕی کتێبخانەی کوردی ئەوین**

**سایتی ئاڵای کوردستان**

**اطلاعات عمومی**

# پارێزەرانی ڕۆژهەڵات



ئەحمەد قادری

پارێزەرانی ڕۆژهەڵات!

مەشخەڵدارانی دێموکڕات!

ڕێبواری ڕێی هات و نەهات!

تین و گوڕی ڕەوتی خەبات

ئێوەن باسکی بەهێزی گەل

ڕەخسێنەری دەرفەت و هەل

ئێوەن خەنیمی دوژمنان

قەڵای دیکتاتۆر و ڕمان

ئێوەن هۆی فەخر و شانازی

ئێوەن ئامادەی گیانبازی

ئێوەن حەزیای ترس و بەزاند

ئازادی خنکێن و تەزاند

بە هەڵمەتی شێرانەتان

ورەی بەرزی میرانەتان

خۆڕاگری و سەلماندەوە

ورەی گەلتان بووژاندەوە

لە بەرزی دا چەشنی هەڵۆن

ئێوەن هاوتای ئەستێرەی کۆن

سەرتان لە تەشقی ئاسمانە

زۆر بەرزتر لە هەورانە

منیش بە زمانێکی شیرین

دەڵێم هەزار جار ئافەرین

سەرم فەرشی بەپێتانە

مژۆڵم کەسکی ڕێتانە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 646 30 Decem 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە مالاوایی

# پێگەو پێناسەی پێشمەرگەی کوردستان



ئازاد کەریمی

لە پرۆگرامی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی پازدەهەم سەبارەت بە پێشمەرگە لە بڕگەی یەکەم لە مادەی دوازدەی فەسلی پێنجەمی بەرنامەی «حدک» داهاتوە: دابین کردنی هێمنیو نەزمی ناوخۆی کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەو ئۆرگانە ئینتزامییەکانی دیکەی کوردستاندایە. دیارە ئەم ئەرکە بە ئێعتباری بەرپاکردنی دەوڵەتێکی فیدڕاڵ لە ئێراندا دەستنیشان کراوە بەڵام لە ئێستاداو لە ڕاستیدا پێشمەرگە وەک «شوناسێکی کۆمەڵایەتی خاوەن ڕابردوویێکی دورو درێژە و لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بەڵام لە یەک چەمکی یەکانگیرو نەگۆڕدا»هەمووکات باسی کراوە، دیارە بەرگری کردن هەرلە پاراستنی ژیانەوە بگرە هەتا پێوەرێکی گەورەی وەک گیانفیدایی لە پێناو کۆمەڵگەو خەڵکو بایەخەکانی لە پەیوەندی دایە و بە بەشێک لە سلامەتی هزر و عەقلانیەتی مرۆڤەوە پێناسە کراوە.

بێ ئەوەی بچینە ناو شۆناسە جۆراوجورە کۆمەلناسییەکانەوە دەبێ بگوترێ مرۆڤ وەک «تاک» لە کۆمەڵگە واتە لە «گشت»دا مانا دەکرێتەوە، هەر بۆیە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی تاکو کۆ لە کۆمەڵگەدا کە باسی شۆێنی نیشتەجێ بوونی یەکەیەکی نیشتمانی بۆکۆمەڵێک خەڵکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشو گشتی دەکات بە پێوانەی هزرو عەقلی هزرمندان هێمای سلامەتی عەقڵەو بەشەری تەندروست هەمووکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تاکیو گشتی چالاکیو کۆشش دەکات... دیارە لە کاتی تەنگانەدا یان گرفتێک کە ڕوو لە کۆمەڵگایەک دەکات ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە هاوبەشی هێزی یەکگرتوو بەرگری لە هەموو بایەخو بەهاکانیان دەکەن هەرچەندە دەزانن لەوانەیە لەم پێناوەدا گیانیش بەخت بکەن. هەربۆیە هێزی پاراستنی بەرژەوەندیو بایەخەکانی کۆمەڵگە پێک هاتوە بە مەبەستی ڕاگرتنی هەموو دەسکەوتە مێژووییەکانی ئەو کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە پاراستنی شارستانیەتێک کە زێدی فەرهەنگ و دەسکەوتە مەعنەویو مادیەکانە بۆمرۆڤایەتی... هەربۆیە جەنگ یان پەرچەکرداری شەڕکردن وەک یەکێک لە سەرەکیترین چەمکە دیاردەیی یەکان دەچێتە ناو مرۆڤەکانەوەو جاری وایە لە ئاستێکی بەرزی وەک «پیرۆزایەتی»دا خۆی دەبینێتەوە. لە کوردستانی کۆندا ڕێز و پێگەی پیاوانی شەڕکەر لە ئاستێکی بەرزدابوە. بەهەرحاڵ هەتا سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد (١٩٤٦ی زایینی) هێزە چەکدارە کوردییەکان بەشێک لە کۆمەڵگەی ئاسایی خۆیان بوونو هەموو پیاوانی کورد لە هەر هۆز و عەشیرەتو میرنشینێکدا بوون، خاوەن چەک بوونو هێزی بەرگری کردن لە یەکەی نیشتمانی خۆیان لە ئەستۆیاندا بووە. بەڵام هەمووکات بە بڕیاری سەرۆک هۆزەکان لە چەند شەڕی وەک چاڵدرانو شۆڕشەکانی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان و سەرجەم سەرهەڵدانە ڕزگاریخوازەکانی سەدەی نۆزدەو بیستدا بەشداری یان کردوەو بەم نازناوانە مەشهوور بوون: گیانفیدا، فیدایی، چەکدار، شەڕکەر، تفەنگچیو سوارە.

دیارە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا جۆرە دڵنیا بوونەک بۆ بەرپا کردنی سیستەمێکی حوکمڕانی سەربەخۆ بە گوێرەی پێوەرە فەرهەنگی و سیاسیەکانی ئەو سەردەمە هەبووە، هەر بۆیە سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانو ڕاوێژکارانی پایەبەرزی سیاسیی کۆماری کوردستان بیرۆکەی نوێیان هەبووە بۆ چەسپاندنو سەقامگیر کردنی ئەم دەسەڵاتە کوردییە. ئەوەش بەهۆی ئاگادار بوونی ئەو بەڕێزانە بووە لە بارودۆخی سیاسی سەردەمی خۆیان کە هاوکات بووە لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیو دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥دا. یەکێک لە شوناسە هەرە بەرچاوەکانی قۆناغی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە دایکبوونی گرووپە ڕێکخراوەییەکان بووە لەلایەن گەلانی چەوساوەی ژێردەستەوە کە بە مەبەستی ئازادیو سەربەخۆیی سیاسی بەرپا کرابوون... هەروەها،» ویڵسن« و «ترومەن» سەرۆک کۆمارەکانی ئەو سەردەمانەی ئەمریکا دۆکتورین یان «کۆپرەنسیپی» «مافی چارەنووس» یان پێشکەشی ئەجێندای سیاسی جیهانی کردبوو، هەر بۆیە کۆماری کوردستان دەیویست لەوبارودۆخەدا زیاترین دەسکەوت بۆ گەلی چەوساوەو ژێردەستی کورد مسۆگەر بکات، هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لەو ئاراستەدا زۆر دروستو بەرپرسانەو لێزانانە بووە . . . ئەوەش دەسکەوتی هەرە گەورەی کۆمار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گەلی کورد بە گشتی تۆمار کرد.

سەرەڕای نوێ بوونی هەموو دامودەزگاو ڕێکخراوەکانی کۆماری کوردستان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەش، جۆرێک لە متمانەو بڕوابەخۆبوون بەدی دەکرا، ئەوەش مەشروعیەتو حەقانیەتی دۆزی کورد دەسەلمێنێت. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یادگاری ئەو ڕۆژە زێڕینانەیە خۆی بە ئاڵاهەڵگری خەباتی سیاسیو ئازادیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێتو هەموو کات ویستویەتیو دەیهەوێت ئازادیو کامەرانیو ئاشتی بۆ خەڵکی کورد دەستەبەر بکاتو لەم پێناوەدا زیاتر لە پێنجهەزار شەهید بە پێشمەرگەو کادرو ئەندامی سەرکردایەتیو سێ سەرۆکی وەک پێشەوا قازی محەمەد، دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی لەم ڕێبازەدا وەک قوربانی پێشکەشی گەلی کوردو دۆزی کورد کردوە

سڵاو بۆ پێشمەرگەی قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# هاتنەبەرباسی پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران لە کۆبوونەوەیەکی ئەحمەد شەهیددا



بە دەسپێشخەری ریکخراوەی مافی مرۆڤی ئێران لە زانکۆیەکی ئۆوسلوو کوونەوەیەکی بۆ دوکتور ئەحمەد شەهید، نێردراوی تایبەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چاوەدێری مافی مرۆڤ لە ئێران پێک هات .

لەو کۆبوونەوەیەدا ئەحمەد شەهید باسێکی کورتی لەسەر کارەکانی خۆیو ئەو راپورتانە کرد کە لە ماوەی رابردوو دا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، ڕادەستی ڕێکخراوەکەی خۆی کردووە.

لە بەشی پرسیارو وڵامو بەشداریی بەشداراندا لەسەر مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی ورمێ و باردۆخی تایبەتی ئەوان باس کرا وئەنجام نەدانی هەنگاوی پێویست بە هۆی ریکخراوەکانی ماقی مروڤی جیهانیو لایەنەکانی بەرپرسیار کە دەبوو هەڵۆیستی پێویستان گرتبا، کەوتە بەر ڕخنەی ئامادە بووان. هەروەها لەسەر کۆلبەران وکوژرانی هەموو رۆژەیی ئەوان باس کرا و نەبوونی کارگەو کارخانەو هەلی کار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێکی دیکە لە باسە سەرەکییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

لە بڕگەیەکی دیکەی باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا قسە لەسەر لەسەر پەرەسەندنی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە کوردستان کراو تیشک خرایە سەر بارودۆخی ئەمنییەتی و ئەو ڕەوشە نیزامییە قورسەی کە دەیان ساڵە بە سەر کوردستان دا سەپێندراوەو بوتە هۆی بەرتەسک بوونەوەی زیاتری دۆخەکە.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئەحمەد شەهید لەسەر زیندانیانی سیاسی کورد لە ورمێ و مانگرتنیان پێی وابوو کە بۆ دەرهێنانی ئەو بەندکراوانە لەو دۆخەی تێی کەوتوون و بۆ پاراستنی گیانیان دەبێ کاری بەپەلە بکرێ. ئەو پێی وابوو کە کوردستان زیاتر لە هەموو ناوچەکانی دیکە ئێران فشار و زەخت و زۆری ڕێژیمی لە سەرە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی متمانەی خۆیان بەو ڕژیمە لە دەست بدەن.

ئەحمەد شەهید لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان گوتی من لە ڕاپۆرتەکانم دا کە بۆ سەرووی خۆم ناردوومن، بە ڕوونی باسی مەسەلەی کۆڵبەرانم کردووەو پێم باشە لەو بارەوە ئاوڕێک لەو بەڵگەنامانە بدەنەوە کە من نووسیومن.

# بوونی نزیکەی ١٠ میلیۆن کەسی نەخوێندەوار لە ئێران



سەرۆکی ڕێکخراوی نێهزەتی خوێندەوارکردنی ئێران لەم دواییانەدا ڕایگەیاندووە کە نزیکەی ٩ میلیۆن و ٨٢٠ هەزار کەس لە ئێران نەخوێندەوارن.

عەلی باقرزادە وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلە گوتی لە ئێستادا ئەولەڤیەتی ڕێکخراوی نێهزەتی خوێندەوارکردنی ئێران خوێندەوار کردنی کەسانی ژێر ٥٠ ساڵە.

هەروەها لە مانگی بانەمەڕی ڕابردوودا محەممەد مێهدیزادە، جێگری فێرکاریی ئەم ڕێکخراوەیە بە هەواڵدەریی ئێرنای ڕاگەیاندبوو کە تەمەنی ٣ میلیۆن و ٤٥٠ هەزار کەس لەم نەخوێندەوارانە لەژێر ٥٠ ساڵ دایە و ٦ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار نەخوێندەواری دیکەش تەمەنیان سەرووی ٥٠ ساڵە.

پێش ڕاگەیاندنی ئاماری ٩ میلیۆن و ٨٢٠ هەزار کەسیی نەخوێندەوار لە ئێران، هەواڵدەریی ئێرنا لە مانگی بانەمەڕدا ڕایگەیاندبوو کە نزیکەی ١٠ میلیۆن کەس لە ئێران بەهیچ شێوەیەک خوێندەوارییان نییە و ئاستی خوێندەواری نزیکەی ١١ میلیۆن کەسی دیکەش کەمە. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە سەرۆکی ڕێکخراوی نێهزەتی خوێندەوارکردنی ئێران ڕایگەیاندووە کە زۆرترین نرخی نەخوێندەواری پێوەندی بە پارێزگا سنوورییەکانی ئێرانەوە هەیە.

هەر لەم پێوەندییەدا هەواڵدەریی ئیلنا لەزمان جێگری وەزیری تەعاون، کار و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیی لە ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەز ڕایگەیاندبوو کە ئەمساڵیش ١٥٦ هەزار منداڵ لە ئێران لە خوێندن دابڕاون.

لەم بەینەدا ڕۆژنامەی ئێعتیماد، ڕۆژی ١٩ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە بەربەرەکانیی لەگەڵ نەخوێندەواریی لە ئێران نووسی: بە تاوتوێی ئامارە ڕەسمییەکان لە بابەت ڕێژەی نەخوێندەواری لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەردەکەوێ کە سەرەڕای تێپەڕینی ٣٥ ساڵ لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نێهزەتی خوێندەوارکردن لە ئێران، بەڵام ئێستاش ئێران لە بواری خوێندەوار کردنەوە لە پێگەیەکی باشدا نییە.

# ئێعدامکرانی١٠٩٧ کەس لە ئێران لە سەرەتای هاتنەسەر کاری دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانییەوە

لە کاتی هاتنەسەر کاری حەسەن ڕۆحانی وەک سەرکۆماری ئێران، بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپتر بووەو زۆر بە ڕوونی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە تا ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون.



بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ ڕێژەی ئەو مێردمنداڵانەی بەهۆی تاوانکاری لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵیدا لە ساڵی ٢٠١٤ ئێدام کراون ١٣ کەس بوون کە زورترین ڕێژەی لاوانی ئێعدامکراو لە ماوەی چەند ساڵی پێشوودا بووە.

بەپێی ئاماری دوایین حەوتووەکانی ساڵی ٢٠١٤ کە لە لایەن ناوەندەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاو کرایەوە، ١٠٩٧ کەس لە سەردەمی دەوڵەتی ڕۆحانیدا ئێعدام کراون.

شایانی باسە کە تاوانی زۆربەی ئەم کەسانە کە ئێعدام کراون لە پێوەندی لەگەڵ مادەی هۆشبەر بووەو مامناوەندی ڕۆژانە ٢ کەس لە ئێران بەو هۆیەوە ئێعدام کراون.



لە یەکدان لە فەزای مەجازی - «پیام برومند»